حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ڕووپێوی هێزی کار
# هەرێمی کوردستان
# ٢٠٢١



بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار

٢٠٢٢

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ڕووپێوی هێزی کار

# هەرێمی کوردستان

# 2021

Kurdistan Region Statistics Office

KRSO

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

2022©
مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
لە کاتی بەکارهێنانی زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە، تکایە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بکرێت:
دەستەی ئاماری هەرێم، 2022، ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2021

بۆ پەیوەندیکردن:
ناونیشانی ئەلیکترۆنی: **krso.gov.krd**
ئیمێیل: **contact@krso.gov.krd**
مۆبایل: **07508963143 (964+)**

زنجیرە: 97

# ڕووپێوی هێزی کار

# هەرێمی کوردستان

# 2021

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان
بەشی ئامارەکانی دانیشتوان و هێزی کار
2022

# ناوەڕۆک


پوختە ... 1
بەشی 1: پێشەکی ... 7
بەشی 2: نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار ... 10
نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار (2021) 10
گۆڕانکاری بە تێپەڕبوونی کات (2012 – 2021) 15
بەشی 3: بەشداریکردن لە هێزی کار و کارداری ... 22
ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن 22
ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان بەپێی گرووپی تەمەن 24
پێکهاتەی کارداری و گۆڕانکاری بە تێپەڕبوونی کات 26
باری کارداری 34
کەرتی کارداری 37
نافەرمیبوونی کارداری 39
کاتی کارکردن و داهاتی کارداری 42
داهاتی کارداری 47
کاردارانی خاوەن تێکڕای پێدانی نزم 48
بەشی 4: بێکاری و پێکهاتەکانی تری سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار ... 52
بێکاری 52
کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات 56
هێزی کاری شاراوە 60
بەشی 5: کەسانی دەرەوەی هێزی کار ... 63
تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان 63
بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی 64
بەشی 6: ئافرەتان و هەڵی یەکسان ... 68
جیاوازیی پێدان لەنێو هەر دوو ڕەگەز 68
دیارکەرانی جیاوازییەکانی داهاتەکان 71
بەشی 7: خوێندنی گەنجان و کارداری ... 74
نەگونجانی کارامەییەکان 74
ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری، یان ڕاهێنان نین (NEET) 76
بەشی 8: کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان ... 79
تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان 79
تایبەتمەندییەکانی هێزی کار 80

**پاشکۆی 1: ڕێبازی ڕووپێو و جۆرێتیی (کوالێتیی) داتاکان....... 83**
پێناسە و چەمکە سەرەکییەکان 83
دیز اینی نموونە (SAMPLE DESIGN) 86
کێشی نموونەوەرگرتن (SAMPLING WEIGHTS) 87
هەڵەکانی نموونەوەرگرتن (SAMPLING ERRORS) 92
وەڵامنەدانەوە، ڕووماڵنەکردن و هەڵەکانی تر 96
**پاشکۆی 2: دیز اینی پرسیارنامە ....... 99**

## خشتەکان

خشتەی 1. نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 10

خشتەی 2. نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .. 12

خشتەی 3. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار، 2021. بەراوردێکی نزیککراوە لە نێوان پێناسەکانی نۆزدەیەمین ک. ن. ئ. ک (19TH ICLS) و سێزدەیەمین ک. ن. ئ. ک (13TH ICLS) ..... 18

خشتەی 4. خەمڵاندنێکی نزیککراوەی نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار بەپێی پارێزگا، ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2021، بە گوێرەی پێناسە نێودەوڵەتییەکانی نۆزدەیەمین ک. ن. ئ. ک. (2013) بەرامبەر بە سێزدەیەمین ک. ن. ئ. ک. (1982) .. 20

خشتەی 5. کەسانی کارکەر بەپێی لقی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار - 2021 .... 26

خشتەی 6. کەسانی کاردار بەپێی پیشە لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار - 2021 .... 31

خشتەی 7. کەسانی کاردار بەپێی باری کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق ڕووپێوی هێزی کار 2021، ئەنجامەکان پشتیان بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ISCE-93 [1] بەستووە.... 35

خشتەی 8. کەسانی کاردارکراو بەپێی کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .. 38

خشتەی 9. پۆلێنکردنی دوولایەنەی کارکردن لە کاری سەرەکی بەپێی جۆری ئیش و جۆری یەکەی بەرهەمهێنان، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021 .... 40

خشتەی 10. فرەکاری بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 45

خشتەی 11. دابەشبوونی کەسانی کاردار بەپێی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە یەک هەفتەدا و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕدا لە هەموو ئیشەکان بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 46

خشتەی 12 . تێکڕای داهاتی مانگانە و تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر بۆ کارداران لە کاری سەرەکی بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 48

خشتەی 13. پشکی ئەو کاردارانەی لە کاری سەرەکی خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن، بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 49

خشتەی 14. ژمارەی بێکاران بەپێی ڕەگەز و شێوازی گەڕان بەدوای کارداری، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 54

خشتەی 15. دابەشبوونی کەسانی بێکار بەپێی ڕەگەز و ماوەی گەڕان بە دوای کار، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 55

خشتەی 16. کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 57

خشتەی 17. کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات وەک ڕێژەی سەدی لە کۆی گشتیی کارداری بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار (2014، 2015 و 2021) .... 58

خشتەی 18. دابەشبوونی کەسانی کاردارکراو کە ویستی گۆڕینی باری کارداریی ئێستایان هەیە بەپێی ڕەگەز و هۆکاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 59

خشتەی 19. هێزی کاری شاراوە، کارخوازە دڵساردەکان و ئەوانەی کارخواز نین و ئارەزوویان بۆی هەیە بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 61

خشتەی 20. سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار و هێزی کاری فراوانکراو بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 62

خشتەی 21. کاتی پێچوو لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 .... 66

خشتەی 22. هەمووارکردنی هێزی کار و دانیشتوانی دەرەوەی هیزی کار بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ داتاکانی ڕووپێوی ڕابردوو، هەرێمی کوردستان و عێراق ..... 67

خشتەی 23. جیاوازیی پێدان لە نێوان هەر دوو ڕەگەز بەپێی گرووپی تەمەن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ..... 69

خشتەی 24. جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردوو ڕەگەز بەپێی بڕوانامەی خوێندن، هەرێمی کوردستانو عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ..... 69

خشتەی 25. جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردوو ڕەگەز بەپێی توێژی پیشە، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ..... 70

خشتەی 26. پێوەرە خەمڵێنراوەکانی هاوکێشەی مینسەر بۆ داهاتی کارداران بەپێی کاتژمێر لە کاری سەرەکیدا بەپێی ڕەگەز و تەمەن و بڕوانامەی خوێندن وەک گۆڕاوی بەردەوام، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ..... 72

خشتەی 27. کارداریی گەنجان بەپێی پیشەو ئاستی خوێندن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ..... 75

خشتەی 28. ڕێژەکانی بێکاریی گەنجان و NEET بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ..... 78

خشتەی 29. کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕەگەز، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ..... 80

# شێوەکان

شێوەی 1. نەخشەی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان........ 8
شێوەی 2. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بە تێپەڕبوونی کات (2012-2021)، هەرێمی کوردستان ........ 16
شێوەی 3. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بە تێپەڕبوونی کات (2012-2021) هەرێمی کوردستان: داتاکانی ساڵی 2021 بۆ پێناسەکانی داتاکانی ساڵانی ڕابردوو هەموار کراون ........ 19
شێوەی 4 . ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار - 2021........ 22
شێوەی 5 . ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی ڕەگەز و ئاستی خوێندن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار - 2021........ 23
شێوەی 6. دابەشبوونی هێزی کار بەپێی بڕوانامەی خوێندن، نێر و مێ، بەجیا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار - 2021.. 24
شێوەی 7. ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان بەپێی گرووپی تەمەن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار - 2021 ........ 25
شێوەی 8. پشکی کارداریی نێر و مێ بەپێی لقی فراوانی چالاکیی ئابووری[1] لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار - 2021 ........ 28
شێوەی 9. پشکی کارکردن لە لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار - 2021........ 29
شێوەی 10. پشکی کارداری لە لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 - 2021........ 30
شێوەی 11. کەسانی کاردارکراو بەپێی ڕەگەز و پیشە لە کاری سەرەکیدا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 32
شێوەی 12. دابەشبوونی پیشەیی کارکردن لە کاری سەرەکی بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 - 2021 ........ 33
شێوەی 13. پشکی کارداریی نێر و مێ بەپێی باری کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021، ئەنجامەکان پشتیان بە ISCE-93[1] بەستووە........ 36
شێوەی 14. باری کارکردن لە کاری سەرەکیدا لەسەر بنچینەی ISCE-93 بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 – 2021 ........ 37
شێوەی 15. پشکی کارداریی نێر و مێ بە گوێرەی کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 38
شێوەی 16. کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 - 2021 ........ 39
شێوەی 17. پشکی کارداریی نافەرمی لە کۆی گشتیی کارداری بۆ گرووپە تایبەتەکانی دانیشتوانی کاردارکراو، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021........ 41
شێوەی 18. پشکی کارداریی نافەرمی لە کۆی کارداریی ناکشتوکاڵی بەپێی ڕەگەز و پارێزگا، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021........ 42
شێوەی 19. کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە هەفتەیەک و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێفەگەڕ لە کاری سەرەکی بەپێی لقی چالاکیی ئابووری، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 44
شێوەی 20. پشکی ئەو کاردارانەی لە کاری سەرەکیدا خاوەن تێکرای پێدانی نزمن بەپێی پیشە، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 50
شێوەی 21. پشکی ئەو کاردارانەی تێکرای پێدانی نزمیان هەیە لە کاری سەرەکیدا بەپێی لقی چالاکیی ئابووری، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 51
شێوەی 22. ڕێژەی بێکاری بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021........ 53

شێوەی 23. پێکهاتەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لەناوەوە و دەرەوەی هێزی کار بەپێی ڕەگەز و گرووپە فراوانەکانی تەمەن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 64
شێوەی 24. ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری یان ڕاهێنان نین (NEET)، بەپێی ڕەگەز و شارنشین/گوندنشین، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 77
شێوەی 25. ئەو گەنجانەی لە خوێندن،کارداری، یان ڕاهێنان نین (NEET) بەپێی ڕەگەز و پارێزگا، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 78
شێوەی 26. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بەپێی هاووڵاتیبوون، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021 ........ 80

# سوپاسنامە

ڕووپێوی هێزی کار (LFS) لە عێراق لە ساڵی 2021 و بە پشتگیریی تەواوی تەکنیکی و دارایی لە لایەن نووسینگەی هەرێمایەتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) بۆ وڵاتە عەرەبییەکان و بەهاوبەشی لەلایەن دەزگای ناوەندیی ئامار (CSO) و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) جێبەجێ کراوە.

ئەم ڕووپێوە لە جۆری خۆی بە یەکەم دادەنرێت بۆ بەرهەمهێنانی خەمڵاندنەکان لە ئاستی نیشتیمانی، و پارێزگاکان، کە ژمارەیەکی زۆر لە نیشاندەرەکانی بازاڕی کار و تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نیشتەجێبوانی عێراق دەگرێتەوە.

دوای بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021، شیکردنەوەیەکی تر بۆ هەرێمی کوردستان کرا. خەمڵاندنەکانی ڕووپێوەکە بۆ هەرێمی کوردستان، بە گشتی، لە سەر بنچینەی داتای 3648 خێزانی نموونەی بە ئەگەر وەرگیراوە، و ئەو خەڵکە دەگرێتە خۆی کە لە شوێنەکانی نیشتەجێبوون دەژین. دەستەی ئاماری هەرێم تێگەیشتن و سوپاسی هەیە بۆ هەوڵەکان، یارمەتییە پیشەگەرییانەکان و بەشداریکردنی هاوبەشان، شارەزایان، و کارمەندان ئەوانەی بەشداربوون لە ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ڕووپێوی نیشتیمانی و بەرهەمهێنانی ڕاپۆرتی تایبەت بە هەرێمی کوردستان.

سوپاسی تایبەت بۆ تیمی سەرەکیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) کە پێکهاتوون لە مەها قەتتا (هەماهەنگاری ڕێکخراوی ILO لە عێراق)، گرێیس عید (ئامارزانی کار)، و شارەزایانی ILO، فەرهاد مێهران (ئامارزانی کار)، مستەفا حەققی ئۆزێل (ڕاوێژکاری ئاماری)، و عەلی حەمییە (ئامارزانی بیرکاریزان)، بۆ گشت پشتگیرییە تەکنیکییەکانیان بۆ ئەم ڕووپێوە.

سوپاسێکی زۆر بۆ بەشداریکردنی کارمەندانی دەستەی ئاماری هەرێم، بە تایبەت، سیروان موحەمەد، گوهدار موحەمەدعەلی، نەعیمە ئەکرەم، و ڕەقیب بەهائەددین کە لە ئامادەکردنی داتاکان و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکەدا پاڵپشت بوون.

ئەم ڕاپۆرتە لەلایەن فەرهاد مێهران، گرێیس عید، و عەلی حەمییە و بە هاوکارییەکی توندوتۆڵی دەستەی ئاماری هەرێم ئامادە کراوە.

دەستەی ئاماری هەرێم خوازیارە ڕێز و پێزانینی خۆی پێشکەش بە خوالێخۆشبێت نادر کیرۆز بکات بۆ سەرکردایەتیکردنی و هەوڵە ماندوونەناسانەکانی کە دەورێکی کاریگەریان هەبوو لە بیرۆکە، دیزاین و جێبەجێکردنی ڕووپێوکە.

لە کۆتاییدا، دەستەی ئاماری هەرێم پێزانینی خۆی بۆ ئەو هاوکارییە دارایی و تەکنیکییانە دەردەبڕێت کە لە نووسینگەی هەرێمایەتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار بۆ وڵاتە عەرەبییەکان، بە پرۆژە تایبەتەکەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار-یشەوە کە لە لایەن یەکێتیی ئەوروپا پارەدار کراوە[1] و هەروەها لە ڕووی داراییەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەم ڕاپۆرتە بەشدار بووە، پێی گەیشتوون.

[1] پشتیوانییەکانی یەکێتیی ئەوروپا دەکەونە چوارچێوەی "بەرنامەی پاراستنی کۆمەڵایەتی بۆ عێراق بە سوودوەرگرتن لە وەڵامدانەوەی کاریگەر و خێراکردنی چاکسازی." ئەم بەڵگەنامەیە بە هاوکاریی دارایی یەکێتیی ئەوروپا بەرهەم هاتووە. ئەو بیروڕایانەی لێرە بەدواوە هاتوون بە هیچ شێوەیەك نابێت بە ڕای فەرمیی یەکێتیی ئەوروپا بزانرێن.

# پێشکەشکردن

هێزی کار یەکێکە لە بوارە هەرە گرنگەکان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەپێی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بەرپرسیارییەتی ڕێکخستنی ڕێنماییەکان و سیاسەتەکانی پەیوەست بە هێزی کار لە هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆدایە. لە 11 ساڵی ڕابردوودا، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان توانیویەتی نیشاندەرەکانی تایبەت بە هێزی کار دەستەبەر بکات و لە داڕشتنی چەندین سیاسەت و بەرنامە سوودیان لێ وەرگیراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ماوەی 5 ساڵی ڕابردوودا چەندین گۆڕانکاری درووست بوونە کە وایان کردووە هەڵسەنگاندنەوەی بارودۆخی دوای ئەو قەیرانانەی ڕوویانداوە بەپێویست بزانرێت.

کەواتە، دەستەی ئاماری هەرێم (KRSO) بە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق (CSO) و هاوکاریی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) دەستیان بە داڕشتنی پلانێك کرد بۆ جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵی 2019 لە عێراق و هەرێمی کوردستان بە بەکارهێنانی ئەو پێناسە تازەکراوانەی لە نۆزدەیەمین کۆنفرانسی ئامارزانانی کار ( 19th ICLS) لە 2013 بڕیاریان لەسەر دراوە.

کارداری و بێکاری پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ گەشەی ئابووریی هەر وڵاتێك و لەگەڵ سەرچاوە مرۆییەکان هەیە و دواتر وەرگرتنی نوێترین داتا هاوکار دەبێت لە تازەکردنەوەی سیاسەتەکان بۆ خزمەتکردنی گەشەپێدان و بۆ چاودێریکردنی گۆڕانکارییەکان بە تێپەڕبوونی کات و بەتایبەت گەیشتن بە ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوام (SDGs 2030).

پلانەکە وابوو کە ئەم ڕووپێوە لە ساڵی 2020 بکرێت بەڵام بڵاوبوونەوەی کۆڤید-19 بۆ ساڵی 2021 دوای خست و دوای نیوەی یەکەمی ئەو ساڵە، کاری مەیدانی دەستی پێ کرد و دواتر ئامادەکردنی نیشاندەرەکان و ڕاپۆرتی تێروتەسەڵ بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان کە پێویستییان بە هەوڵی بێوچان هەبوو تا کۆتایی 2022.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بدرێت کە دەستەی ئامار و دەزگای ئامار پێویستییان بەو کاتە هەبوو بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە بە وردەکارییەوە بخەنە ڕوو لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمجار سوودی لە دوایین پێناسەکانی هێزی کار وەرگرتووە و بوونەتە هۆی درووستبوونی گۆڕانکاری بە تایبەت لە ڕێژەکانی کارداری و بێکاری هەر وەك لە ڕاپۆرتەکەدا بە وردەکارییەوە باس کراوە.

من سوود لەم دەرفەتە وەردەگرم بۆ ئەوەی سوپاسی تیمی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) لە جنێف، بەیروت و عێراق بکەم بۆ هەوڵەکانیان و هاوکارییەکانیان لە گەڵ دەزگای ناوەندیی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێم لە پێناو ئامادەکردن و جێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە گرینگە لەم کاتەدا و بەردەستخستنی ئەو ئەنجام و نیشاندەرانەی کە هەم بۆ حکومەتی عێراق و هەم بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستن و هیوادارم ئەم هاوکارییە لە ساڵانی داهاتووش بەردەوام بێت.

سوپاسی تایبەت بۆ دەستەی ئامار و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار بۆ هەوڵەکانیان لە ماوەی 3 ساڵی ڕابردوو کە بوونە هۆکار بۆ ئەم بەرهەمە گرینگە.

**د. دارا ڕەشید**

**وەزیری پلاندانان**

# پێشگوتن

لە 2012، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) بە هاوکاریی پەیمانگەی ڕەند (RAND) یەکەمین ڕووپێوی هێزی کاری تایبەت بە هەرێمی کوردستانی لەسەر ئاستی پارێزگاکان جێبەجێ کرد و سوودی لە میتۆدۆلۆجی پەیڕەوکراوی نێودەوڵەتی وەرگرت و دەستەی ئامار لە ساڵانی 2013-2015 لە جێبەجێکردنی ڕووپێوی هێزی کار بەردەوام بوو. بە 4 جار بەجێگەیاندنی ڕووپێوی هێزی کار، حکومەتی هەرێمی کوردستان نوێترین داتا و نیشاندەری پەیوەست بە پێکهاتەی هێزی کار، ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار، تایبەتمەندییە دیموگرافییەکان، و هتد، لە بەردەستدا هەبوون.

ڕووپێوی هێزی کار 2021 گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە چونکە سوودی لە میتۆدۆلۆجیی 2013 وەرگرتووە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2012 میتۆدۆلۆجیی 1982 بەکار هاتووە بۆ پێناسەکردنی کارداری و بێکاری و هەروەها لە دوای 2015، چاوەڕوان دەکرا بە هۆی قەیرانەکانی دارایی و کۆڤید-19 گۆڕانکاریی گەورە ببینرێن.

ئەم ڕووپێوە تیشکی خستۆتە سەر نیشاندەرەکانی وەك کارداری، داهاتی کارکردن، هەروەها چەندین نیشاندەری گرینگی تر. ئەم ڕووپێوە بە نموونەیەکی 3648 خێزانی کە بە شێوەیەکی یەکسان بەسەر هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان دابەش کرا بوون جێبەجێ کرا.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەدات کە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە گرووپی تەمەنی کارکردن بۆ لەسەدا 45 بەرز بووەتەوە کە لە 2015 بە لەسەدا 39 تۆمار کرا بوو کە لەسەدا 73.5 بۆ نێر و لەسەدا 16.5 بۆ مێ بوو. یەکێك لە نیشاندەرەکان ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان دەردەخات کە بریتییە لە لەسەدا 37.6 و ئەمە بەو واتایە دێت کە کەمێك زۆرتر لە یەك لەسەر سێی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لە کارداریدا بوونە و ئەمە زۆربەی جار بە نیشاندەری بەرەوپێشچوونی ئابووریی نیشتیمانی لە دابینکردنی کارداری بۆ دانیشتوانەکەی دادەنرێت.

ئەو زانیارییانەی بە شێوازی چەندایەتی یان چوونایەتی لەم ڕووپێوە دەست کەوتوون شایانی ئەوەن کە زۆر بە گرینگ بزانرێن و لە لایەن وەزارەتەکان بۆ مەبەستی دانانی سیاسەتەکان و بەرنامەکانیان سوودیان لێ وەربگیرێت.

دەستەی ئاماری هەرێم لە دەستبەرکردنی داتا و نیشاندەری نوێ بەردەوام دەبێت بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەرتی تایبەت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بتوانن بە شێوەیەکی باشتر پلان دابنێن.

**سیروان محمد**

**سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم**

# پوختە

لە 2021، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) بە هاوبەشی لەگەڵ دەزگای ناوەندیی ئامار (CSO) و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) ڕووپێوی نیشتیمانیی هێزی کار (LFS) کە لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا یەکەمین بوو، بە جێ گەیاند. ڕووپێوی هێزی کار لە ساڵی 2021 بە هاوبەشیی نێوان دەزگای ناوەندیی ئامار و دەستەی ئاماری هەرێم جێبەجێ کرا و لە ڕووی دارایی و تەکنیکییەوە لە لایەن نووسینگەی هەرێمایەتیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) بۆ وڵاتە عەرەبییەکان پاڵپشتی کرا.

ڕووپێوی هێزی کاری 2021[2] لە عێراق یەکەمین ڕووپێوە لە جۆری خۆی بۆ بەرهەمهێنانی مەزندە بۆ کۆمەڵێکی فراوان لە نیشاندەرەکانی بازاڕی کار و تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نیشتەجێبوانی عێراق لە سەر ئاستی وڵات، پارێزگا، و شارنشین/گوندنشین. ئەنجامە باوەڕپێکراوەکانی ڕووپێو گرینگییەکی زۆریان بۆ دامەزراندنی بنچینەهێڵێکی زۆر پێویست بۆ داتای بازاڕی کاری هەنووکەیی هەیە بۆ مەبەستی شیکردنەوە بۆ گەشەسەندنی سیاسەتەکان و بۆ بەشداربوون لە بە جێ گەیاندنێکی باشتری سیاسەتە گونجاوەکانی کارداری.

پێکهاتەی پرسیارنامەی ڕووپێوی هێزی کار 2021 ئەم بابەتە سەرەکییانە لە خۆی دەگرێت: تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان (وەسفی ئەندامانی خێزان، باری خوێندن، کۆچ، و ئاستەنگداری)، باری هێزی کار، تایبەتمەندییەکانی کاری سەرەکی و کاری دووەم، گەڕان بەدوای کار، قازانجە کۆمەڵایەتییەکان (حەوالەکان/یارمەتییەکان)، و بەشداربوون لە یەکێتییەکان. داتاکان بە بەکارهێنانی پرسیارنامەی ئەلیکترۆنی (Computer Assisted Personal Interviewing – CAPI) کۆ کراونەتەوە.

ئامانجی سەرەکیی ڕووپێوەکە کۆکردنەوەی داتای تازە بوو سەبارەت بە قەبارە و تایبەتمەندییەکانی هێزی کار، کارداری، بیکاری و تایبەتمەندییەکانی تری بازاڕی کاری دانیشتوان کە کاتی کارکردن، داهاتی کارداریی کاردارەکان لە کاری سەرەکی، و نافەرمیبوون لە کارداری دەگرێتە خۆی. هەروەها ڕووپێوەکە بۆ پێوانەکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار دیزاین کرا بوو کە کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات و هێزی کاری شاراوە، و شێوەکانی تری کار، بەتایبەت بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی، بەپێی دوایین ستانداردەکان، کە لە لایەن 19 یەمین کۆنفرانسی ئامارزانانی کار[3] بڕیاری لەسەر دراوە، لە خۆی گرتبوو. هەروەها ڕووپێوەکە داتای تریشی کۆ کردۆتەوە سەبارەت بە ئاستەنگداری، ئەندامبوون لە یەکێتییەکان، ڕوومانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، قازانجەکانی خانەنشینی و یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان کە دەگەنە خەڵك.

جگە لە ڕاپۆرتی هێزی کار 2021 تایبەت بە عێراق، شیکردنەوەیەکی تایبەت بۆ هەرێمی کوردستان کرا. ئەم ڕاپۆرتە ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە لە سەر هەرێمی کوردستان، بە هەر چوار پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە، کە هێشتا لە لایەن حکومەتی عێراق بە فەرمی بە پارێزگا نەناسێندراوە، شی دەکاتەوە و دەخاتە ڕوو. ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە ڕووناکی دەخەنە سەر باری هەنووکەیی کارداری لە هەرێمی کوردستان و سەرەکیترین جیاوازییەکان لە گەڵ شوێنەکانی

[2] ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021 (ilo.org)

[3] *بڕیارنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لەبارەی ئامارەکانی کار، کارداری، و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار*، 19 یەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 2013.

تری عێراق. هەروەها ئەنجامەکان بنچینەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی 10 ساڵی ڕابردوودا دەرەکەوتوون دەستەبەر دەکات، چوونکە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 2012-2015 ڕووپێوی هێزی کاری کردووە.[4]

ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار 2021 لە عێراق تەرکیزی خستۆتە سەر پێشاندانی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی، لە گەڵ چەند ئەنجامێك لەسەر ئاستی پارێزگاکان. دانیشتوانە سەروو 40 ملیۆن کەسەکەی عێراق لە 2020، بەسەر 18 پارێزگادا دابەش کراون (دهۆك، موسل، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، سەلاحەددین، دیالا، بەغدا، ئەنبار، کەربەلا، بابل، واست، میسان، زیقار، قادسیە، نەجەف، موسەننا، و بەسرە). بەپێی مەزەندەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ دانیشتوان، هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2020، جگە لە قەزای مەخمور لە هەولێر، بەنزیکەیی 5,941,000 کەسی لە خۆ گرتووە کە دەکاتە بەنزیکەیی لەسەدا 15 لە کۆی دانیشتوانی عێراق.

ڕووماڵی نموونەکە هەروەك ئەوەی ڕووپێوی هێزی کار 2021 ی عێراقە، و ئەو دانیشتوانەی لە شوێنە ئاساییەکانی نیشتەجێبوون دەژین دەگرێتە خۆی و ئەوانەی لە یەکە نانیشتەجێبوونەکانی وەك شوێنەکانی بیناکردن و کشتوکاڵ، دوکانەکان، کۆگاکان، کارگەکان، بینا تەواونەکراوەکان، کەمپە سەربازییەکان، کەمپەکانی پەنابەران یان شوێنەکانی گردبوونەوە و دەوروبەرەکانیان (adjacent gatherings and settlements)، و هاوشێوەکانیان، دەژین ناگرێتە خۆی. مەزەندەکانی ڕووپیوەکە بۆ هەرێمی کوردستان، بەگشتی، لە سەر بنچینەی داتای وەرگیراو لە 1648 خێزانی نموونەکەن.

ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار (LFPR) لە هەرێمی کوردستان نزیك بوو لە لەسەدا 45.0، کەواتە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لە هەرێمی کوردستان لە هێزی کاردان، چ ئەوانەی بەرامبەر پێدانێك یان قازانجێك کار دەکەن یان بەدوای کار دەگەڕێن و لەو کاتەدا لە 2021 بۆ کارکردن بەردەست بوونە. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە 2021 بۆ نێر لەسەدا 73.5 بوو کە بە زەقی لە ڕێژەکە بۆ مێ کە بریتی بوو لە لەسەدا 16.5 بەرزتر بوو. وەك چاوەڕوان دەکرا، ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ خەڵکانی گەنج (لەسەدا 33.4) بە شێوەیەکی بەرچاو لە پێگەیشتوان (لەسەدا 50.3) نزمتر بوو. گەنجەکان مەیلییان هەیە لە قوتابخانە بن بۆ ئەوەی خۆیان بۆ هاتنە نێو هێزی کار ئامادە بکەن. بەسوود دەبێت ئەگەر سەرنج بدەین کە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە هەمان ڕێژە لە شوێنەکانی تری عێراق بە زیاتر لە 6 خاڵی سەدی بۆ دانیشتوان لە هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ، و بە زیاتر لە 8 خاڵی سەدی بۆ دانیشتوانی گەنج، بەرزتر بوو.

ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان، کە زۆرتر وەك نیشاندەرێك بۆ بەرەوپێشچوونی ئابووریی نیشتیمانی لە دەستەبەرکردنی کارداری بۆ دانیشتوانەکەی بەکار دەهێندرێت، لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لەسەر لەسەدا 37.6 وەستاوە. ئەمە ئەوە دەردەخات کە نزیکەی یەك لەسەر سێی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لە کارداری بوون. ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو پیاوان (لەسەدا 63.5) بەرامبەر بە ئافرەتان (لەسەدا 11.6) بەرزتر بوو، و لە نێو گەنجان (لەسەدا 21.0) بەراورد بە پێگەیشتوان (لەسەدا 45.2) نزمتر بوو. بۆ گشت توێژەکانی ڕەگەز و تەمەن، ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان، لە شوێنەکانی تری عێراق بەرزتر بوو.

داتاکان پێشان دەدەن کە لە هەرێمی کوردستان لە 2021، ڕێژەی بێکاری (LU1)، کە نوێنەرایەتیی ئەو ڕێژە سەدییەی هێزی کار دەکات کە بێکارن، نزیکە لە لەسەدا 16.5. ڕێژەی بێکاری بۆ مێ (لەسەدا 29.6) زیاتر لە دوو ئەوەندەی ڕێژەکەیە بۆ

[4] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO)، هێزی کار، ڕاپۆرت. https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force

نێر (لەسەدا 13.6) و ڕێژەی بێکاریی گەنجان (لەسەدا 37.2) لە سێ ئەوەندەی ڕێژەکە بۆ پێگەیشتوان (لەسەدا 10.2) زیاترە. نیشاندەرەکانی تری سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار تێگەیشتنێکی فراوانتر سەبارەت بە ڕادەی پێویستییە دەستەبەرنەکراوەکان بۆ کارداری لە ئابووریی نیشتیمانی، دەخەنە ڕوو. ڕێژەی لێکدراو بۆ بێکاری و کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات (LU2) 25.5 لەسەدی هێزی کار بوو، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی بێکاری بەرزترە. ڕێژەی لێکدراو بۆ بێکاری و هێزی کاری شاراوە (LU3) کەمێك لە سەرووی لەسەدا 29.5 بوو. پێوەری ئاوێتەکراوی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4) کە لێکدراوەی بێکاری، کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات و هێزی کاری شاراوەیە لەسەدا 37.1 بوو، واتە زیاتر لە یەك لەسەر سێی هێزی کاری فراوانکراو تووشی جۆرێك لە جۆرەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بووە. بە گشتی، سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار زۆر زیاتر کاری کردۆتە سەر ئافرەتان (لەسەدا 60.7) بەراورد بە پیاوان (لەسەدا 29.0)، و گەنجان (لەسەدا 59.9) بەراورد بە پێگەیشتوان (لەسەدا 28.6).

بەپێی ئەنجامەکان، ژمارەی مەزەندەکراو بۆ ئەو کەسانەی لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕدا زیاتر لە یەك کاریان هەبووە 97,800 کەس بووە، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 6.8 لە کۆی کارداری لە هەرێمی کوردستان. فرەکاری لە نێو پیاوان (لەسەدا 7.7) زۆر لە ئافرەتان (لەسەدا 2.1) بەرزترە.

هەروەها داتای کۆکراوە لەسەر تایبەتمەندییەکانی کارداری لقی چالاکیی ئابووری، پیشە، باری کارداری و کەرتی کارداری لەخۆ دەگرێت. داتاکان بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان یەك نوێنەك (Pattern) پێشان دەدەن: زیاتر لە 70 لەسەدی کارداری لە خزمەتگوزارییەکان، کەمتر لە لەسەدا 20 لە پیشەسازی؛ و ئەویتر لە کشتوکاڵ. هەروەها داتاکان نزمبوونەوەیەکی بەردەوام لە پشکی کارداری لە خزمەتگوزارییەکان لە کاری سەرەکی پێشان دەدەن، لە لەسەدا 77.3 لە 2012 بۆ لەسەدا 72.3 لە 2021. بەهەمان شێوە، پشکی پیشەسازی لە کارداری لە کاری سەرەکیدا بە گشتی لە لەسەدا 16.6 لە 2012 بۆ لەسەدا 18.5 لە 2021 بەرز بووەتەوە. هەروەها، پشکی کارداریی کشتوکاڵی بە گشتی بەرز بووەتەوە، لە لەسەدا 6.1 لە 2012 بۆ لەسەدا 7.9 لە 2021.

داتاکان ڕێگا دەدەن دابەشبوونی دانیشتوانی کاردار بەپێی کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی پێشان بدرێت. داتاکان ئاشکرایان کردووە کە کەمێك زیاتر لە یەك لەسەر سێی کارداری لە کەرتی گشتی بووە (لەسەدا 38.4). بەپێی ئەم ئەنجامانە، پشکی کارداری لە کەرتی تایبەت لەسەدا 60.6 بوو، و ئەو پشکەی ماوەتەوە لە خێزانەکان (لەسەدا 0.1)، دامەزراوە قازانجنەویستەکان (لەسەدا 0.7) و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان (لەسەدا 0.2) بوو. بەپێی داتاکان، پشکی کارداری لە کەرتی گشتی (کاردارانی حکومەت و ئەوانەی لە کەرتی گشتی و کەرتی تێکەڵاو کار دەکەن) بە شێوەیەکی بەرچاو لە لەسەدا 50.5 لە 2012 بۆ لەسەدا 38.4 لە 2021 کەم بووەتەوە. بەهەمان شێوە، پشکی کارداری لە کەرتی تایبەت بە گشتی لە لەسەدا 48.6 لە 2012 بۆ لەسەدا 60.6 لە 2021 بەرز بووەتەوە.

ڕووپێوەکە نافەرمیبوون لە کارداری پێوانە دەکات، ئەمە هەم لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی جۆری کاری کەسی کاردار، کە دەبێتە کارداریی نافەرمی، و هەم لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی ئەو دامەزراوەیەی کە کەسەکە کاری تێدا دەکات، کە دەبێتە کەرتی نافەرمی. ئەنجامەکان پێشان دەدەن کە ژمارەی ئەو کەسانەی کاری نافەرمییان هەیە لەسەدا 65.4 لە کۆی کارداری پێك دەهێنن. هەروەها ئەنجامەکان پێشان دەدەن کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 نزیکەی لەسەدا 36.5 لە کۆی کارداری لە کەرتی نافەرمی بووە.

هەروەها دابەشبوونی دانیشتوانی کاردار بەپێی توێژی (Category) پیشە لە کاری سەرەکی، بەپێی پۆلێنی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی پیشەکان (ISCO-08) خراوەتە ڕوو. داتاکان ئاماژە بە پلەیەکی مسۆگەر لە جیاکردنەوەی پیشەکان لە نێوان پیاوان و ئافرەتان دەکەن. پیشەگەرەکان نزیکەی لەسەدا 38.7 لە کاردارانی ئافرەتان پێك دەهێنن، لە کاتێکدا هەمان ڕێژە بۆ کاردارانی پیاوان بریتی بووە لە لەسەدا 5.9. بەهەمان شێوە، نزیکەی لەسەدا 11.5 لە کاردارانی ئافرەتان لە کاری پشتیوانی لە کاری نووسینگەیی بووە لە کاتێکدا هەمان بەها بۆ کاردارانی پیاوان لەسەدا 3.1 بووە. بەپێی بەراوردکردنەکان، داتاکان سێ توێژی (Category) پیشەیی کە پیاوان بە شێوەیەکی بەرچاو تێیاندا زاڵن پێشان دەدەن: کارکەرانی خزمەتگوزارییەکان و فرۆشتن کە لەسەدا 29.1 لە کاردارانی پیاوان لە کاری سەرەکی پێك دەهێنێت بەرامبەر بە لەسەدا 7.1 لە کاردارانی ئافرەتان؛ کارپێکەرانی کارگە و ئامێرەکان و پێکەوەنەرەکان بە لەسەدا 10.2 بۆ کاردارانی پیاوان لە کاری سەرەکیدا لە بەرامبەر هیچ بۆ کاردارانی ئافرەتان لەم بوارانەدا؛ و پیشە سەربازییەکان بە لەسەدا 11.6 بۆ کاردارانی پیاوان لە کاری سەرەکیدا لە بەرامبەر لەسەدا 1.0 بۆ کاردارانی ئافرەتان.

دابەشبوونی دانیشتوانی کاردار، بەپێی باری کارداری لەسەر بنچینەی ICSE-93 [5] کراوە. بەپێی ئەنجامەکان، زیاتر لە دوو لەسەر سێی دانیشتوانی کاردار لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 68.7) کاردار بوونە یان لە مەشق بوونە بە پێدان یان لە کاری سەرەکییاندا لە ڕاهێنان بوونە. نزیك لە لەسەدا 22.0 لەو کارکەرانە بوونە کە بۆ خۆیان کاریان کردووە و هیچ کاردارێکیان نەبووە، و ئەوانی تر بەنزیکەیی بە شێوەیەکی یەکسان خاوەنکار (لەسەدا 4.7) و کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان (لەسەدا 4.6) بوونە. داتاکان پێشان دەدەن کە پێکهاتەی کارداری لە هەرێمی کوردستان بەپێی باری کارداری، نزیکە لە پێکهاتەکەی عێراق بە گشتی.

دانیشتوانی کاردار لەڕووی کاتەکانی کارکردن و داهاتی کارداری شی کراونەتەوە، بۆ ئەوەی چرپیە جیاوازەکانی کارداری جیا بکرێنەوە و جیاوازی لە نێوان توێژە جیاوازەکانی کەسانی کاردار بکرێت. ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە پێشان دەدەن کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردنی ئاسایی کە لە ماوەی هەفتەیەك لە کاری سەرەکیدا کراوە بەنزیکەیی 44.3 کاتژمێرە، کە لەنێو پیاوان (46.8 کاتژمێر) بە شێوەیەکی بەرچاو بەراورد بە ئافرەتان (30.2 کاتژمێر) بەرزترە. تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕاستەقینە لە ماوەی هەفتەی لێفەگەڕ لە هەرێمی کوردستان 38.7 کاتژمێر بووە. هۆکاری سەرەکیی زۆرتربوونی کاتژمێرەکانی کارکردنی ئاسایی لە کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕاستەقینە لە ماوەی هەفتەی لێفەگەڕدا دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەبوونی کاتی لە کار.

لە ئەنجامەکاندا دەبیندرێت کە زۆرینەی کەسانی کاردار لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە کاری سەرەکیدا لە نێوان 30-59 کاتژمێر لە یەك هەفتەدا کار دەکەن (لەسەدا 55.0). ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە گشتی کاتژمێری کەمتر کار دەکەن، بۆ نموونە کەمتر لە 30 کاتژمێر لە یەك هەفتەدا، نزیك بووە لە لەسەدا 19.3، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو ئافرەتان (لەسەدا 46.0) بەرزترە بەراورد بە پیاوان (لەسەدا 14.5). سەرەڕای ئەمە، ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە پێشان دەدەن کە لەسەدا 25.6 لە کەسانی کاردار لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی کاتژمێری زۆرتر کار دەکەن، زیاتر لە 60 کاتژمێر لە هەفتەیەك، و لە نێو پیاوان (لەسەدا 29.3) زۆر لە ئافرەتان (لەسەدا 4.8) بەرزترە.

[5] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO)، پۆلێنی نێودەوڵەتیی ستانداردەکانی باری کارداری، ICSE-93، پەسەندکراو لە 15 یەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، 1993.

لەم ڕاپۆرتەدا، شیکردنەوەی داتاکانی داهاتی کارداری بۆ داهاتی کاردارەکان لە کاری سەرەکیدا سنووردار کراوە. بەپێی ئەنجامە سەرەکییەکانی ڕووپێوەکە، لە هەرێمی کوردستان تێکڕای داهاتی مانگانەی کارداران لە کاری سەرەکیدا بەنزیکەیی 606,500 دیناری عێراقی بووە.

داتاکانی جیاوازیی پێدان لەنێو هەر دوو ڕەگەز بەپێی بڕوانامەی خوێندن، ئەوە پیشان دەدەن کە لە هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکانی بڕوانامەی خوێندن، جگە لە ئاستی خوێندنی سەرەتایی، داهاتی ئافرەتان لە پیاوان زۆرترە. هەرچەند ژمارەیەکی کەمتری ئافرەتان کاردارن، ئەوانەی کە کاردارن، مەیلی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز و بەم پێیەش داهاتی بەرزیان هەیە: لە ساڵی 2021 تێکڕای داهاتی مانگانەی ئافرەتانی کاردار لە کاری سەرەکی 655,250 دیناری عێراقی بوو بەراورد بە 596,450 دیناری عێراقی بۆ پیاوانی کاردار لە کاری سەرەکییاندا.

هەروەها ڕووپێوەکە ڕێگە بە شیکردنەوەی NEET (youth Not in Education, Employment or Training)، واتە ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری، یان ڕاهێنان نین، دەدات، کە نیشاندەرێکی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامە (SDG 8.6.1). بەپێی ئەنجامەکان، نزیکەی لەسەدا 29.6 لە دانیشتوانی گەنجی هەرێمی کوردستان لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕی ڕووپێوەکە لە ساڵی 2021 نە لە خویندن، نە لە کارداری یان ڕاهێنان نەبوون. ڕێژەی ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری یان ڕاهێنان نین (NEET) بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو دانیشتوانی گەنجی ئافرەت بەرزترە بەراورد بە دانیشتوانی گەنجی پیاو بە لەسەدا 40.5 و لەسەدا 19.8 بە ڕێزبەند. هەروەها، ڕێژەکە بە شێوەیەکی گشتی لە نێو ئەو خەڵکە گەنجەی لە شار دەژین (لەسەدا 28.3) بەراورد بەو خەڵکە گەنجەی لە گوند دەژین (لەسەدا 35.6)، نزمترە.

ڕاپۆرتی ڕووپێوەکە بەراوردی نێوان ڕووپێوەکانی پێشووتر کە لە هەرێمی کوردستان کراون و ئەژمارکردنێکی بەنزیکەیی بۆ نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار بەپێی پێناسەکانی (1982) ICLS 13th لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەخاتە ڕوو. بەراوردکارییەکە گۆڕانکاری لە پێناسەی کارداری و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر پێوانەکردنەکانی بێکاری بە هەند وەرگرتووە. بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکانی پێشووتر (13th ICLS, 1982)، کارداری لە چوارچێوەی هەر جۆرە چالاکییەك کە دەکەوێتە سنووری بەرهەمهێنانی سیستەمی ژمێریاریی نەتەوەییدا (System of National Accounts-SNA) پێناسە کراوە، لە کاتێکدا بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییە نوێیەکان (19th ICLS, 2013)، کارداری لە چوارچێوەی "هەر چالاکییەك بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا یان خزمەتگوزاری بۆ پێدان یان قازانج" پێناسە کراوە. جیاوازیی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی ئامارییانە لەگەڵ ئەو کەسانەی خەریکی بەرهەمهێنانی کاڵایەکن بۆ بەکارهێنانی خۆیی. ئەمە پەیوەندییەکی بەنزیکەییە، چونکە گۆڕانکاری لە پێناسەی کارداری توخمەکانی تریش دەگرێتە خۆی، بە تایبەت، کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان و لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕدا بە شێوەیەکی کاتی لە کارەکەیان نائامادەبوونە؛ کارکەرانی وەرزی لە ماوەی نەمانی وەرز؛ ڕاهێنراوان و مەشقپێکراوانی بێ پێدان؛ ئەو کارکەرانەی بەشێوەی خۆبەخش لە یەکەکانی ئاراستە-بازاڕ کار دەکەن.


# بەشی 1: پێشەکی

دەزگای ناوەندیی ئاماری عێراق (CSO) بە هاوبەشی لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) لە ساڵی 2021 ڕووپێوێکی نیشتمانیی هێزی کاریان ئەنجامدا، بە هاوکاری دارایی و تەکنیکی نووسینگەی هەرێمیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار بۆ وڵاتانی عەرەبی (ILO/ROAS).[6] ئەم ڕووپێوە یەکەم ڕووپێو بوو لە جۆری خۆیدا بۆ دۆزینەوەی مەزەندەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی و پارێزگاکان، کە کۆمەڵێکی بەرفراوانی نیشاندەر لەبارەی بازاڕی کار و تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی دانیشتوانی نیشتەجێی عێراق دەگرێتەوە. ئامانجی سەرەکیی ڕووپێوەکە کۆکردنەوەی داتاو زانیاریی هەنووکەیی بوو لەسەر قەبارە و تایبەتمەندییەکانی هێزی کار و کارداری و بێکاری و تایبەتمەندییەکانی تری بازاڕی کار پەیوەست بە دانیشتوان وەک کاتی کارکردن و داهاتی کارکردنی کارکەران لە کاری سەرەکی و نافەرمیبوونی کارداری. هەروەها ڕووپێوەکە بۆ پێوانەکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار داڕێژرا بوو، وەک کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات و هێزی کاری شاراوە، و جۆرەکانی تری کارکردن، بەتایبەتی، بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنانی خۆیی، بەگوێرەی نوێترین پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، کە لەلایەن نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار پەسەند کراون.[7] هەروەها ئەم ڕووپێوە بۆ کۆکردنەوەی داتای زۆرتر لەبارەی کەمئەندامی و ئەندامێتی لە یەکێتییەکان، ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، و یارمەتیی کۆمەڵایەتی و هاوکارییەکانی خانەنشینی کە لەلایەن دانیشتوانەوە وەرگیراون سوودی لێ وەرگیرا. ڕووپێوەکە لە ساڵی 2020 داڕێژرا بوو، بەڵام بەهۆی بارودۆخی پەتای کۆڤید – 19، لە ڕاستیدا زۆربەی چالاکییە مەیدانییەکان لە ساڵی 2021 ئەنجام دران، ئەنجامە سەرەکییەکانیش لە ساڵی 2022 بڵاوکراونەتەوە.

ڕاپۆرتی ساڵی 2022 لەبارەی *ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021* سەرنجی خستۆتە سەر خستنەڕووی ئەنجامەکان لەسەر ئاستی عێراق، لەگەڵ چەند ئەنجامێک لەسەر ئاستی پارێزگاکان، بەتایبەتی سەرنج خستنەسەر ڕێژەکانی بەشداریکردن لە هێزی کار و بێکاری، دابەشبوونی کار لە لایەن لقی فراوانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی و پشکی کارداریی نافەرمی لە کۆی کاری ناکشتوکاڵی، هەروەها سەرنجی خستۆتەسەر ئەو گەنجانەی کە لە خوێندن و کار و ڕاهێناندا نین. مەبەست لەم ڕاپۆرتەی ئێستا ئامادەکردن و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکەیە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان (شێوەی 1) کە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک، و هەروەها هەڵەبجە، کە هێشتا وەک پارێزگایەکی جیا لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دانی پێ نەنراوە، دەگرێتەوە.

[6] *ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021*، دەزگای ناوەندیی ئامار (CSO)، دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (KRSO) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO)، 2022.
[7] *بڕیارنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار لەبارەی ئاماری کار، کارداری و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار*، 19 یەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێف، 2013.

**شێوەی 1. نەخشەی کارگێڕیی هەرێمی کوردستان**




بەپێی پێشبینییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی هەرێم لە ساڵی 2020، بەبێ قەزای مەخموور لە هەولێر، بە نزیکەی 5,941,000 کەس پێشبینی کراوە، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 15 لە کۆی دانیشتوانی عێراق. پیشەسازیی نەوت بەسەر ئابوورییەکەی زاڵە و لە ساڵی 2018[8] دەرهێنانی نەوتی خاو نزیکەی لەسەدا 34ی کۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم پێک دەهێنێت. کشتوکاڵ تەنیا نزیکەی لەسەدا 3ی کۆبەرهەمی ناوخۆیی هەرێم پێک دەهێنێت. ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە ڕۆشنایی دەخەنە سەر دۆخی ئێستای کارکردن لە هەرێمی کوردستان و جیاوازییە سەرەکییەکان لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق. هەروەها ئەنجامەکان بنچینەیەك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو ڕوویانداوە دەخەنەڕوو، بەو پێیەی کە لە ساڵی 2012 بەدواوە ڕووپێوەکانی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون[9]. لە ساڵانی 2012 تا 2014، بەرنامەیەکی ڕووپێوی هێزی کار لەسەر بنچینەی دیزاینێکی خولانەوەیی ساڵانە دوو جار ئەنجام دراوە، خووڵی یەکەم لە مانگی ئایار تا حوزەیران و خووڵی دووەم لە تشرینی دووەم تا کانوونی دووەمی هەموو ساڵێک بووە. بەهۆی قەیرانی ئابووری و سنووردداربوونی سەرچاوە داراییەکان، ڕووپێوەکە لە ساڵی 2015 تەنیا لە یەک خووڵ ئەنجامدرا، واتە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەو ساڵەدا. لە مانگی تشرینی یەکەمی 2017 ڕووپێوێکی دیمۆگرافیی جیاواز ئەنجامدرا، کە بەشێکی بەرفراوانی لەبارەی هێزی کار و کارکردن لە خۆ گرتبوو[10].

ڕاپۆرتی ئێستای تایبەت بە ڕووپێوی هێزی کار 2021، هەرێمی کوردستان، لە بنەڕەتدا شێوازی ڕێکخستنی ڕاپۆرتی نیشتیمانیی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021، پەیڕەو دەکات. ڕاپۆرتەکە لە 8 بەش و 3 هاوپێچدا ڕێکخراوە. دوابەدوای ئەم بەشە کە تایبەتە بە پێشەکی، پێوەرە سەرەکییەکانی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە بەشی دووەمدا خراونەتە ڕوو، لەوانەش بەراوردکردن بە بەشەکانی تری عێراق و گۆڕانکارییەکان بە تێپەڕبوونی کات. بەشی سێیەم، نوێنەکی (Pattern) بەشداریکردن لە هێزی کار بە پێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن و ئاستی خوێندەواری لە هەرێمی کوردستان و جیاوازییە

[8] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، https://krso.gov.krd/en/pressreleases/press-release-measuring-the-gdp-of-kurdistan-region-and-iraq-for-the-year-2018

[9] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هێزی کار، ڕاپۆرت، https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force.

[10] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، *ڕووپێوی دیمۆگرافی، هەرێمی کوردستانی عێراق*، تەمموزی 2018. https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/e61.pdf

سەرەکییەکان لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق تاوتوێ دەکات. هەروەها لەم بەشەدا لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی ئێستای کارکەری لە هەرێمی کوردستان و جیاوازییەکان لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق لە ڕووی لقی چالاکیی ئابووری، پیشە، دۆخی کارداری، کەرتی کارداری، نافەرمیبوونی کارداری و هەروەها کاتی کارکردن و داهاتی کارداریی کارداران لە کاری سەرەکی دەکات. هەروەها لێکۆڵینەوە لە گۆڕانی شێوازی کارکەری لە هەرێمی کوردستان بۆ هەندێ لایەن وەک لقی چالاکیی ئابووری و پیشە کراوە.

بەشی چوارەم، ئەنجامەکانی ڕووپێو لەسەر بێکاری و پێکهاتەکانی تری سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (Labour Underutilization - LU) (وەک کارداریی نیوەچڵی پەیوەست بە کات (Time-related Underemployment) و هێزی کاری شاراوە) لە هەرێمی کوردستان و جیاوازییە سەرەکییەکان لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق دەخاتە ڕوو. بەشی پێنجەم شیکردنەوە بۆ داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە کەسانی دەرەوەی هێزی کار دەکات وەک ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانن بۆ بەکارهێنانی خۆیی. ئەو سێ بەشەی ماونەتەوە ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە لەسەر چین و توێژە تایبەتەکانی دانیشتوان دەخەنەڕوو، وەک: ئافرەتان و دەرفەتی یەکسان - بەشی شەشەم؛ پەروەردە و کارکردنی گەنجان - بەشی حەوتەم؛ کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان - بەشی هەشتەم. سێ هاوپێچەکەی کۆتایی ڕاپۆرتەکە بریتین لە وەسفکردنی ڕێبازی ئەنجامدانی ڕووپێوەکە و هەڵسەنگاندنی جۆرێتیی داتاکان (هاوپێچی 1)، نموونەی پرسیارنامەی ڕووپێوەکە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی (هاوپێچی 2)، خشتە ئامارییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان (هاوپێچی 3).

لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوە بگوترێت کە ئەو داتایانەی لێرە لەسەر هەرێمی کوردستان خراونەتەڕوو، لە زۆربەی بەشەکان، لەگەڵ ئەو داتایانەی لەسەر ئاستی نیشتمانی خراونەتەڕوو، هاوتان. بەڵام، جیاکردنەوەی (disaggregation) چەند گۆڕاوێکی دەستنیشانکراو بەهۆی سنوورداربوونی ژمارەی بینراوە بنەڕەتییەکان بەلاوە نراون یان کورت کراون. مەزەندەکانی ڕووپێوەکە بۆ هەرێمی کوردستان، بە کۆی گشتی، پشتی بە داتاکانی 1,648 خێزان بەستووە کە بە نموونە وەرگیراون. هەرچەند، ئەمە نزیکەی لەسەدا 21 ی نموونەی عێراق پێکدەهێنێت، و زیاترە لە پشکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەراورد  بە کۆی دانیشتوانی عێراق کە نزیکە لە لەسەدا 15، بەڵام قەبارەی نموونەی کاریگەر بۆ هەندێک لە جیاکردنەوەکان لەو ئاستە نزمتر بووە کە بتوانێت بە ڕادەی پێویست مەزەندەی ورد دابین بکات. بەگشتی، هەر خەمڵاندنێک لە خوار 120 هەزار پێویستە بە وریاییەوە بەکار بهێنرێت.

# بەشی 2: نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار

لەم بەشەدا سەرەتا لەسەر بنچینەی ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کار بۆ ساڵی 2021، پێداچوونەوە بە نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار کراوە و دواتر لەگەڵ ئەنجامەکانی ڕووپێوەکانی پێشووتری هێزی کار کە لە ساڵانی 2012 تا 2015 کراون و هەروەها ئەنجامەکانی ڕووپێوی دیمۆگرافی کە لە ساڵی 2017 جێبەجێ کراوە، بەراورد کراون.

## • نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار (2021)

ئەنجامە سەرەکییەکانی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021 پەیوست بە هەرێمی کوردستان لە خشتەی 1 لە خوارەوەدا پێشان دراون. بەپێی ئەم ئەنجامانە، لە ساڵی 2021، ژمارەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن (15 ساڵ و سەرووتر) کە لەنێو خێزانە ئاساییەکاندا دەژین نزیکەی 3,800,800 کەسن. لەنێویاندا نزیکەی 1,710,500 کەس لە هێزی کارن، چ کاردار کرابن (1,427,800) یان بێکار بن (282,600). جگە لە بێکاران، نزیکەی 153,100 کەس لە کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات (Time-related Underemployment) بوون، کاتژمێری کەم کاریان دەکرد (کەمتر لە 40 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لە هەموو کارەکاندا) بەڵام ئارەزووی کاتژمێری زیاتری کارکردنیان دەکرد، و 314,800 کەسیش لە هێزی کاری شاراوە بوون، چ ئەوانەی بەدوای کار دەگەڕێن بەڵام لە ئێستادا بەردەست نین بۆ کارکردن یاخود لە ئێستادا ئامادەن بۆ کارکردن بەڵام پەرۆش نین بۆ گەڕان بەدوای کار. بەم شێوەیە سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (Labour Underutilization - LU) کاریگەریی لەسەر نزیکەی 750,500 کەس هەبووە کە لە تەمەنی کارکردنن، لەنێویاندا نزیکەی 438,800 پیاو و 311,700 ژن، و نزیکەی 328,900 گەنج، تەمەن 15-24 ساڵ، بە هەردوو ڕەگەزەوە.

**خشتەی 1. نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| هەرێمی کوردستان | کۆی گشتی | نێر | مێ | گەنجان (15 – 24 ساڵ) | پێگەیشتوان (25+ ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 3,800,800 | 1,899,800 | 1,901,000 | 1,201,600 | 2,599,300 |
| هێزی کار | 1,710,500 | 1,397,100 | 313,300 | 401,900 | 1,308,600 |
| - کاردار | 1,427,800 | 1,207,100 | 220,700 | 252,200 | 1,175,700 |
| - بێکار | 282,600 | 190,000 | 92,700 | 149,700 | 132,900 |
| دەرەوەی هێزی کار | 2,090,400 | 502,700 | 1,587,600 | 799,700 | 1,290,700 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 750,500 | 438,800 | 311,700 | 328,900 | 421,600 |
| - کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات | 153,100 | 134,200 | 18,900 | 31,800 | 121,300 |
| - بێکار | 282,600 | 189,900 | 92,700 | 149,700 | 132,900 |
| - هێزی کاری شاراوە | 314,800 | 114,700 | 200,100 | 147,500 | 167,400 |

| هەولێر | کۆی گشتی | نێر | مێ | گەنجان (15 – 24 ساڵ) | پێگەیشتوان (25 + ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 1325,610 | 663,588 | 662,022 | 442,336 | 883,274 |
| - هێزی کار | 623,522 | 500,249 | 123,272 | 163,708 | 459,813 |
| - کاردار | 513,010 | 426,800 | 86,210 | 95,606 | 417,404 |
| بێکار | 110,511 | 73,449 | 37,062 | 68,102 | 42,409 |
| دەرەوەی هێزی کار | 702,088 | 163,339 | 538,749 | 278,628 | 423,460 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 272,774 | 163,138 | 109,636 | 126,803 | 145,971 |
| - کارداری نیوەچڵی پەیوەست بە کات | 61,065 | 54,948 | 6,081 | 16,027 | 45,038 |
| - بێکار | 110,511 | 73,449 | 37,062 | 68,102 | 42,409 |
| - هێزی کاری شاراوە | 101,198 | 34,704 | 66,494 | 42,674 | 58,524 |
| **دهۆک** | **کۆی گشتی** | **نێر** | **مێ** | **گەنجان (15 – 24 ساڵ)** | **پێگەیشتوان (25 + ساڵ)** |
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 890,810 | 447,814 | 442,996 | 311,935 | 578,876 |
| هێزی کار | 352,838 | 311,240 | 41,598 | 85,565 | 267,274 |
| - کاردار | 267,926 | 240,929 | 26,997 | 44,760 | 223,166 |
| - بێکار | 84,912 | 70,311 | 14,601 | 40,805 | 44,107 |
| دەرەوەی هێزی کار | 537,972 | 136,574 | 401,398 | 226,370 | 311,602 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 188,295 | 138,018 | 50,276 | 89,497 | 98,798 |
| - کارداری نیوەچڵی پەیوەست بە کات | 32,400 | 30,587 | 1,812 | 6,346 | 26,053 |
| - بێکار | 84,912 | 70,311 | 14,601 | 40,805 | 44,107 |
| - هێزی کاری شاراوە | 70,983 | 37,120 | 33,863 | 42,346 | 28,637 |
| **سلێمانی** | **کۆی گشتی** | **نێر** | **مێ** | **گەنجان (15 – 24 ساڵ)** | **پێگەیشتوان (25 + ساڵ)** |
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 1,504,285 | 748,537 | 755,748 | 426,226 | 1,078,059 |
| هێزی کار | 698,414 | 557,591 | 140,823 | 146,537 | 551,877 |
| - کاردار | 614,925 | 513,093 | 101,832 | 107,293 | 507,632 |
| - بێکار | 83,489 | 44,497 | 38,992 | 39,244 | 44,245 |
| دەرەوەی هێزی کار | 805,870 | 190,946 | 614,924 | 279,689 | 526,181 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 276,152 | 130,693 | 145,459 | 107,624 | 168,825 |
| - کارداری نیوەچڵی پەیوەست بە کات | 55,762 | 45,401 | 10,362 | 8,407 | 47,355 |
| - بێکار | 83,489 | 44,497 | 38,992 | 39,244 | 44,245 |
| - هێزی کاری شاراوە | 136,901 | 40,795 | 96,106 | 59,973 | 76,928 |

| هەڵبجە | کۆی گشتی | نێر | مێ | گەنجان (15 – 24 ساڵ) | پێگەیشتوان (25 + ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 80,112 | 39,885 | 40,228 | 21,068 | 59,045 |
| هێزی کار | 35,677 | 28,023 | 7,654 | 6,061 | 29,616 |
| - کاردار | 31,976 | 26,326 | 5,650 | 4,529 | 27,447 |
| - بێکار | 3,701 | 1,697 | 2,003 | 1,532 | 2,169 |
| دەرەوەی هێزی کار | 44,436 | 11,861 | 32,574 | 15,007 | 29,429 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 13,302 | 6,994 | 6,307 | 5,022 | 8,279 |
| - کارداری نیوەچڵی پەیوەست بە کات | 3,854 | 3,193 | 661 | 1,021 | 2,833 |
| - بێکار | 3,701 | 1,697 | 2,003 | 1,532 | 2,169 |
| - هێزی کاری شاراوە | 5,747 | 2,104 | 3,643 | 2,469 | 3,278 |

خشتەی 2 ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە بە ڕادەی هاوڕێژە دەخاتەڕوو. بەپێی ئەم ئەنجامانە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان نزیکەی لەسەدا 45.0 بووە، واتە نزیکەی نیوەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لە هەرێمی کوردستان لە هێزی کار بوون، چ بە پێدان یان بە قازانج کاریان کردووە یان لە ساڵی 2021 بەدوای کارداری گەڕاون. ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هێزی کارا تا ڕادەیەک کەمتر بووە (لەسەدا 16.5)، بەراورد بە ڕێژەی بەشداریکردنی پیاوان لە هێزی کار (لەسەدا 73.5). وەک چاوەڕوان دەکرا، ڕێژەی بەشداریکردنی گەنجان لە هێزی کار بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر بووە (لەسەدا 33.4) بەراورد بە پێگەیشتوان (لەسەدا 50.3). گەنجان دەخوازن لە خوێندنیان بەردەوام بن وەك خۆ ئامادەکردنێك بۆ ئەوەی دواتر لە گەشتی ژیانیاندا بچنە نێو بازاڕی کار. بەسوود دەبێت ئاماژە بەوە بدرێت کە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان، بە زیاتر لە لەسەدا 6 بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و زیاتر لە لەسەدا 8 بۆ گەنجان، لە ژمارە هاوتاکانی ناوچەکانی تری عێراق زیاتر بووە.

**خشتەی 2. نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار بەپێی پارێزگا، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| هەرێمی کوردستان (بە ڕێژەی سەدی) | کۆی گشتی | نێر | مێ | گەنجان (15– 24 ساڵ) | پێگەیشتوان (25 + ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 45.0 | 73.5 | 16.5 | 33.4 | 50.3 |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 37.6 | 63.5 | 11.6 | 21.0 | 45.2 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU1): ڕێژەی بێکاری | 16.5 | 13.6 | 29.6 | 37.2 | 10.2 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU2): ڕێژەی لێکدراوی کارداریی نیوەچڵی پەیوەست بە کات و بێکاری | 25.5 | 23.2 | 35.6 | 45.2 | 19.4 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU3): ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە | 29.5 | 20.2 | 57.0 | 54.1 | 20.3 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4): پێوەری کۆکراوەی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 37.1 | 29.0 | 60.7 | 59.9 | 28.6 |

| هەولێر (بە ڕێژەی سەدی) | کۆی گشتی | نێر | مێ | گەنجان (15– 24 ساڵ) | پێگەیشتوان (25+ ساڵ) |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 47.0 | 75.4 | 18.6 | 37.0 | 52.1 |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 38.7 | 64.3 | 13.0 | 21.6 | 47.3 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU1): ڕێژەی بێکاری | 17.7 | 14.7 | 30.1 | 41.6 | 9.2 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU2): ڕێژەی لێکدراوی کارداریی نیوەچڵی پەیوەست بە کات و بێکاری | 27.5 | 25.7 | 35.0 | 51.4 | 19.0 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU3): ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە | 29.2 | 20.2 | 54.6 | 53.7 | 19.5 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4): پێوەری کۆکراوەی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 37.6 | 30.5 | 57.8 | 61.4 | 28.2 |
| **دهۆک (بە ڕێژەی سەدی)** | **کۆی گشتی** | **نێر** | **مێ** | **گەنجان (15– 24 ساڵ)** | **پێگەیشتوان (25+ ساڵ)** |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 39.6 | 69.5 | 9.4 | 27.4 | 46.2 |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 30.1 | 53.8 | 6.1 | 14.3 | 38.6 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU1): ڕێژەی بێکاری | 24.1 | 22.6 | 35.1 | 47.7 | 16.5 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU2): ڕێژەی لێکدراوی کارداریی نیوەچڵی پەیوەست بە کات و بێکاری | 33.2 | 32.4 | 39.5 | 55.1 | 26.3 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU3): ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە | 36.8 | 30.8 | 64.2 | 65.0 | 24.6 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4): پێوەری کۆکراوەی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 44.4 | 39.6 | 66.6 | 70.0 | 33.4 |
| **سلێمانی (بە ڕێژەی سەدی)** | **کۆی گشتی** | **نێر** | **مێ** | **گەنجان (15– 24 ساڵ)** | **پێگەیشتوان (25+ ساڵ)** |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 46.4 | 74.5 | 18.6 | 34.4 | 51.2 |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 40.9 | 68.5 | 13.5 | 25.2 | 47.1 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU1): ڕێژەی بێکاری | 12.0 | 8.0 | 27.7 | 26.8 | 8.0 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU2): ڕێژەی لێکدراوی کارداریی نیوەچڵی پەیوەست بە کات و بێکاری | 19.9 | 16.1 | 35.0 | 32.5 | 16.6 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU3): ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە | 26.4 | 14.3 | 57.0 | 48.0 | 19.3 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4): پێوەری کۆکراوەی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 33.1 | 21.8 | 61.4 | 52.1 | 26.8 |
| **هەڵەبجە (بە ڕێژەی سەدی)** | **کۆی گشتی** | **نێر** | **مێ** | **گەنجان (15– 24 ساڵ)** | **پێگەیشتوان (25+ ساڵ)** |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 44.5 | 70.3 | 19.0 | 28.8 | 50.2 |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 39.9 | 66.0 | 14.0 | 21.5 | 46.5 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU1): ڕێژەی بێکاری | 10.4 | 6.1 | 26.2 | 25.3 | 7.3 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU2): ڕێژەی لێکدراوی کارداریی نیوەچڵی پەیوەست بە کات و بێکاری | 21.2 | 17.4 | 34.8 | 42.1 | 16.9 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU3): ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە | 22.8 | 12.6 | 50.0 | 46.9 | 16.6 |
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4): پێوەری کۆکراوەی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 32.1 | 23.2 | 55.8 | 58.9 | 25.2 |

نوێنەکێکی هاوشێوە لەبارەی ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان بیندراوە. ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان ڕێژەی سەدیی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن پێشان دەدات کە کاردارکراون. زۆرجار ڕێژەکە وەک نیشاندەرێک بۆ ئەدای ئابووری لە دابینکردنی هەڵی کار بۆ ئەو دانیشتوانەی کە لە گەشەکردندایە، ڕاڤە دەکرێت. ئەنجامەکانی خشتەی 2 دەردەخەن کە ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لە سەدا 37.6 بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەمێک زیاتر لە یەک لەسەر سێی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 کاردارکراو بوونە. هاوشێوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار، ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان لەنێو پیاوان (لەسەدا 63.5) بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر بووە تا لەنێو ئافرەتان (لەسەدا 11.6)، و بە هەمان شێوە لەنێو پێگەیشتوان (لەسەدا 45.2) بەراورد بە گەنجان (لەسەدا 21.0). بۆ هەموو توێژەکانی ڕەگەز و تەمەن، ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق بەرزتر بووە.

نیشاندەری دواتر لە خشتەی 2 ڕێژەی بێکارییە (LU1). ئەمە ڕێژەی سەدیی هێزی کار پێشان دەدات کە بێکارن. ڕێژەی بێکاری یەکێکە لە نیشاندەرەکانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی مایندە (SDG 8.5.2) . داتاکان دەردەخەن کە ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 نزیکەی لەسەدا 16.5 بووە، ڕێژەی بێکاری لەنێو ڕەگەزی مێ (لەسەدا 29.6) دوو هێندە لە ڕێژەی بێکاری لەنێو ڕەگەزی نێر (لەسەدا 13.6) زۆرتر بووە و ڕێژەی بێکاری لەنێو گەنجان (لەسەدا 37.2) سێ هێندە لە ڕێژەی بێکاری لەنێو پێگەیشتوان (لەسەدا 10.2) بەرزتر بووە.

نیشاندەرەکانی تری پەیوەست بە سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار لە خشتەی 2 تێگەیشتنێکی فراوانتر لەبارەی هەلومەرجی دابینکردنی پێداویستییەکانی کارداری پێشان دەدەن. بەپێی ئەم ئەنجامانە، ڕێژەی لێکدراوی کۆی بێکاری و کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات (LU2) لەسەدا 25.5 ی هێزی کار بووە، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی بێکاری زیاترە. ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە (LU3) بە کەمێک بەرزبوونەوە، لەسەدا 29.5 بووە. پێوەری لێکدراوی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4) کە بێکاری و کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات و هێزی کاری شاراوە پێکەوە گرێدەدات، لەسەدا 37.1 بووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان، چەند شێوەیەك لە سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار کاریگەرییان لەسەر زۆرتر لە یەک لەسەر سێی هێزی کاری فراوانکراو هەبووە. بەگشتی، سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار کاریگەریی لەسەر ئافرەتان (لەسەدا 60.7) زۆر زیاتر بووە وەک لەسەر پیاوان (لەسەدا 29.0) و هەروەها لەسەر گەنجان (لەسەدا 59.9) وەک لەسەر پێگەیشتوان (لەسەدا 28.6).


ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە دەردەخەن کە لە ساڵی 2021 ڕێژەی گشتیی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە بنەڕەتدا هەمان ڕێژەی بێکاریی بەشەکانی تری عێراق بووە. بەڵام، دەرکەوتووە کە ڕێژەی بێکاریی پیاوان لە هەرێمی کوردستان، لەسەدا 13.6، زۆرتر لە یەک خاڵی سەدی لە ڕێژەی بێکاریی پیاوان لە بەشەکانی تری عێراق، لەسەدا 14.9، کەمترە. بەهەمان شێوە، دەرکەوتووە کە ڕێژەی بێکاریی پێگەیشتوان لە هەرێمی کوردستان لەسەدا 10.2، زیاتر لە یەک خاڵی سەدی لە ڕێژەی بێکاریی پێگەیشتوان لە بەشەکانی تری عێراق ، لەسەدا 11.4، کەمترە. هاوکات، دەرکەوتووە کە ڕێژەی بێکاریی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، لەسەدا 29.6، لە ڕێژەی بێکاریی ئافرەتان لە ناوچەکانی تری عێراق، لەسەدا 27.8، بەرزترە. بەهەمان شێوە، ڕێژەی بێکاریی گەنجان لە هەرێمی کوردستان، لەسەدا 37.2، بەرزترە لە ڕێژەی بێکاریی گەنجان لە ناوچەکانی تری وڵات، لەسەدا 35.4.

جێگای سەرسوڕمانە کە کاتێک سەرنج لە پێوەرە فراوانەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار دەدرێت، ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕێژەی بەرزتر لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە بەشەکانی تری عێراق پێشان دەدات. بۆ نموونە، ڕێژەی لێکدراوی کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات و بێکاری (LU2) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 نزیکەی لەسەدا 25.5 بووە، لە بەرامبەردا، لە بەشەکانی تری عێراق لەسەدا 22.7 بووە. بەهەمان شێوە، ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە (LU3) لە هەرێمی کوردستان نزیکەی لەسەدا 29.5 بووە، لە بەرامبەردا، لە بەشەکانی تری عێراق لەسەدا 23.1 بووە. پێوەری ئاوێتەکراوی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4) کە سێ پێکهاتەی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار، واتە، بێکاری، کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات، و هێزی کاری شاراوە لەخۆ دەگرێت، لە ئەنجامدا بەشێوەیەکی بەرچاو لە هەرێمی کوردستان ،لەسەدا 37.1، بەراورد بە ناوچەکانی تری عێراق، لەسەدا 28.7، بەرزتر بووە. هەروەها ڕێژەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU2، LU3 و LU4) لە هەرێمی کوردستان بەرزترن، کاتێک بۆ نێر و مێ، یان بۆ گەنجان و پێگەیشتوان، بە جیا هەژمار دەکرێن. ئەم ئەنجامە چاوەڕواننەکراوە لە بەشی چوارەم تایبەت بە بێکاری و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار، لێکۆڵینەوەی زۆرتری لەسەر کراوە .

## • گۆڕانکاری بە تێپەڕبوونی کات (2012 – 2021)

شێوەی 2 داتاکانی پەیوەست بە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاریی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی 2012 تا 2021 دەخاتە ڕوو. داتاکان لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کاری ساڵی 2021 و ئەنجامە بڵاوکراوەکانی ڕووپێوەکانی هێزی کار کە لە ساڵی 2012، 2013، 2014 و 2015 (کانوونی دووەم) کراون و هەروەها لەسەر بنەمای ڕووپێوی دیمۆگرافی کە لە ساڵی 2017 (تشرینی یەکەم) جێبەجێ کراوە، کۆ کراونەتەوە. سەرەڕای جیاوازی لە چەمک و پێناسە بنەڕەتییەکان، و کایە (Scope) و کاتی ڕووپێوەکان، ئەنجامەکان نوێنەکێکی تاڕادەیەک ڕێکوپێك لە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بە بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە ساڵی 2021، و هەروەها جووڵەیەکی نارێکتر بەڵام بە گشتی بەرەو سەرەوەی ڕێژەی بێکاری بە نزمبوونەوەیەکی ڕێك لە 2014 و 2017، پێشان دەدەن. هەروەها داتاکان بەشداریکردنی زیاتری نێر بەراورد بە مێ لە هێزی کار پێشان دەدەن؛ لە هیچ کاتێک، ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەت لە هێزی کار لە سەدا 20 تێپەڕ ناکات. لە بەرامبەردا، ڕێژەی بێکاریی ئافرەتان بە بەردەوامی لە ڕێژەی بێکاری پیاوان بەرزتر بووە، کەلێنی نێوان ڕێژەی بێکاریی ئافرەتان و پیاوان بە درێژایی ئەو ماوەیە بە بەردەوامی نزیکەی لەسەدا 20 بووە.

**شێوەی 2. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بە تێپەڕبوونی کات (2012-2021)، هەرێمی کوردستان**




**سەرچاوەکان**: داتاکانی ساڵانی 2012 و 2015: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هێزی کار، ڕاپۆرت. https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force؛ 2013، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a121.pdf؛ 2014، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a144.pdf؛ داتاکانی ساڵی 2014، *ڕووپێوی دیمۆگرافی. هەرێمی کوردستانی عێراق*، تەموزی 2018، بەشی چوارەم، خشتەی 24، ل. 39، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/e61.pdf؛ داتاکانی ساڵی 2021، ڕووپێوی هێزی کار لە عێراق، 2021.

**تێبینییەکان**: [1] چەمک و پێناسەکانی داتاکانی ساڵانی 2012، 2013، 2014، 2015 و 2017 لەسەر بنچینەی بڕیارنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کارن لەبارەی ئاماری دانیشتوانی چالاک لە ڕووی ئابووری، کارداری، بێکاری و کارداریی نیوەچڵی، سیازدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 1982؛ چەمک و پێناسەکانی داتاکان بۆ ساڵی 2021 لەسەر بنچینەی بڕیارنامەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کارن لەبارەی ئاماری کار و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار، یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 2013.

[2] کایەی (Scope) داتاکان بۆ ساڵی 2017، دانیشتوانی تەمەن 15 بۆ 64 ساڵ لە هەرێمی کوردستان کە لە دەرەوەی کامپەکان دەژین.

ئەو هێڵە ڕاست و ستوونیەی کە لە هەردوو بەشی چەپ و ڕاستی شێوەی 2 دانراوە، مەبەست لێیان ئاماژەدانە بە پچڕانی زنجیرە بەهۆی گۆڕانکاری لە چەمک و پێناسە بنەڕەتییەکان. جیاوازیی سەرەکی پەیوەندیی بە پێناسەی کارداری هەیە، بەڵام کاریگەریی لەسەر ئەندازەکردنی بێکاریش هەیە. بەپێی ئەو پێناسەیەی کە لەلایەن سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، 1982، پەسەندکراوە، کارداری بریتییە لە هەر چالاکییەک کە دەکەوێتە سنووری بەرهەمهێنانی سیستمی ژمێریاریی نەتەوەیی (SNA).[11] بەڵام، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییە نوێیەکان کە لەلایەن نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، 2013، پەسەندکراون، کارداری بە "هەر چالاکییەک بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا یان خزمەتگوزاری لەبەرامبەر پێدان یان قازانج" پێناسە کراوە. جیاوازیی سەرەکی پەیوەندیی بە مامەڵەی ئامارییەوە هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵان بۆ بەکارهێنانی خۆیی کە بەپێی سێزدەیەمین کۆنفرانسی

[11] بەپێی بڕیارنامەی سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 1982، "کاردارکراوەکان" لە هەموو ئەو کەسانە پێکدێن کە تەمەنیان لە سەرووی تەمەنی دیارکراو بۆ ئەندازەکردنی دانیشتوانی چالاک لە ڕووی ئابوورییە، کە لە ماوەی کورتی دیارکراودا (هەفتەیەک یان ڕۆژێک) لەم توێژانەی خوارەوەدا بوون: (ا) کارداری بەرامبەر پێدانێك، واتە ئەو کەسانەی کە لە ماوەی لێڤەگەڕدا، هەندێک کاریان لە بەرامبەر کارانە یان مووچە، بە شێوەی نەخت یان لەبەرامبەر شتێك ئەنجامداوە، یان پێشتر لە کارەکەی ئێستایاندا کاریان کردووە، بە شێوەیەکی کاتی لە ماوەی لێڤەگەڕدا لە شوێنی کارەکەیان نەبوون بەڵام بە شێوەیەکی فەرمی بە کارەکەیانەوە بەستراون؛ (ب) کاری ئازاد (سەربەخۆ)، واتە ئەو کەسانەی کە لە ماوەی لێڤەگەڕدا، هەندێک کاریان لە بەرامبەر قازانج یان دەستکەوتێکی خێزانی ئەنجامداوە، بە شێوەی نەخت یان لە بەرامبەر شتێك، یاخود دامەزراوەیەکی بازرگانی، کێڵگەیەک یان کۆمپانیایەکی خزمەتگوزارییان هەبووە، کە بە شێوەیەکی کاتی لە ماوەی لێڤەگەڕدا بە هۆکارێکی تایبەت کاری نەکردووە. پێناسەی سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار زیاتر ڕوون دەکاتەوە کە "ئەو کەسانەی سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییە ئابوورییەکانن بۆ بەکارهێنانی خۆیی و خێزان، دەبێ وەک خۆکاردارکەر هەژمار بکرێن ئەگەر ئەو جۆرە بەرهەمهێنانە بەشێکی گرنگ لە کۆی بەکاربردنی خێزانەکە پێکبهێنێت."

نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار کاردارکراون، بەڵام بەپێی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار لە دەرەوە دانراون. جیاوازییەکانی تر پەیوەندییان بە مامەڵەی ئامارییانە هەیە لەگەڵ کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان ئەوانەی بە شێوەی کاتی لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕ لە کارەکەیان ئامادە نەبوون، کارکەرە وەرزییەکان لە کاتی کەمبوونەوەی کار لە وەرزی کارەکە، ڕاهێنراوان و فێرخوازانی بێ پێدان، و ئەو کارکەرە خۆبەخشانەی لەو یەکانەدا کار دەکەن کە ئاراستەی بازاڕیان هەیە.

دەتوانرێت پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان کارداری و بێکاری بەپێی پێناسەکانی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار و بەها هاوتاکان بەپێی پێناسەکانی سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، بەم شێوەیەی خوارەوە دەرببڕدرێت:

$$\text{کارداری}_{13th\ ICLS} \cong \text{کارداری}_{19th\ ICLS} + a + b$$

$$\text{بێکاری}_{13th\ ICLS} \cong \text{بێکاری}_{19th\ ICLS} - b$$

کاتێک (a) ژمارەی ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی هێزی کارن بەپێی پێناسەکانی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، کە لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕدا سەرقاڵ بوونە بە بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی؛ و (b) ژمارەی ئەو کەسانەیە کە بەپێی پێناسەکانی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، بێکارن و لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕدا بە بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی سەرقاڵ بوونە. بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی واتە (1) بەرهەمهێنان و/یان پاراستنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بۆ هەڵگرتن، ماسیگرتن، ڕاوکردن و کۆکردنەوەی بەرهەمەکان؛ (2) کۆکردنەوە و/یان پاراستنی بۆ کۆگاییکردنی بەرهەمەکانی کانگاکان و دارستانەکان، لەوانە دار و سووتەمەنییەکانی تر؛ (3) هێنانی ئاو لە سەرچاوەی سروشتی و سەرچاوەکانی تر؛ (4) بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی خێزان (وەک کەلوپەلی ناوماڵ، قوماش، جل و بەرگ، ئەو شتانەی لە پێ دەکرێن، گۆزە و گڵێنەکاری یان شتە ماوەدرێژەکانی وەک بەلەم و بەلەمی سەوڵ)؛ و (5) بیناسازی، یان ئەنجامدانی نۆژەنکردنەوەی گەورە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، خانووی کێڵگە، و هتد. لە ڕووپێوی ساڵی 2021، بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی بە سوود وەرگرتن لە پرسیارەکانی 12.1-12.5 (هاوپێچی 2) ئەندازە کراوە. کاریگەرییەکان لەسەر ئەندازەکردنی ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی نیشتیمانی و بۆ پارێزگا جیاوازەکان لە هاوپێچی 4 ی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021 نزیک کرایەوە. ئەنجامەکان بۆ سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان لە خشتەی 3 لە خوارەوە درووست کراونەوتەوە.

**خشتەی 3. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار، 2021.**
**بەراوردێکی نزیککراوە لە نێوان پێناسەکانی نۆزدەیەمین ک. ن. ئ. ک (19th ICLS) و سێزدەیەمین ک. ن. ئ. ک (13th ICLS)**


| پارێزگا | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار (%) | | ڕێژەی بێکاری (%) | |
|---|---|---|---|---|
| | بەپێی پێناسەکانی 19th ICLS | بەپێی پێناسەکانی 13th ICLS [1] | بەپێی پێناسەکانی 19th ICLS | بەپێی پێناسەکانی 13th ICLS[1] |
| هەرێمی کوردستان | 45.0 | 51.8 | 16.5 | 13.2 |
| هەولێر | 47.0 | 53.3 | 17.7 | 14.7 |
| دهۆک | 39.6 | 48.5 | 24.1 | 16.9 |
| سلێمانی | 46.4 | 52.5 | 12.0 | 10.0 |
| هەڵەبجە | 44.5 | 48.2[2] | 10.4 | 8.9[2] |

تێبینییەکان: [1] هەموارکردنی خەمڵاندنی نزیککراوە بۆ مامەڵەکردنی ئاماری لەگەڵ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵان بۆ بەکارهێنانی خۆیی.

[2] ڕێژەکانی 13th ICLS بۆ هە ڵە بجە بە شێوەی هاوڕێژە لە ڕێژە کانی سلێمانی وەرگیراون، چونکە بەهای جیا بۆ a و b بۆ هە ڵە بجە بەردەست نەبوون.

دەکرێت ئەنجامەکانی خشتەی 3 بەم شێوەیە ڕاڤە بکرێن: ئەگەر ڕووپێوەکەی ساڵی 2021 پێناسەکانی سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کاری بەکارهێنابوایە، ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەولێر نزیکەی 6.3 خاڵی سەدی زیاتر دەبوو؛ نزیکەی 8.8 خاڵی سەدی لە دهۆک زیاتر دەبوو؛ نزیکەی 4.7 خاڵی سەدی لە سلێمانی زیاتر دەبوو؛ و نزیکەی 4.6 خاڵی سەدی لە هەڵەبجە زیاتر دەبوو، لەو ڕێژانەی کە، بە ڕێزبەند، بۆ ئەو پارێزگایانە بە بەکارهێنانی پێناسەکانی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار ئەندازە کراوە. لەبەرامبەردا ڕێژەی بێکاری لە هەولێر نزیکەی 3.0 خاڵی سەدی کەمتر دەبوو؛ لە دهۆک 7.3 خاڵی سەدی کەمتر دەبوو؛ 1.9 خاڵی سەدی لە سلێمانی و هەڵەبجە کەمتر دەبوو لەو ڕێژەیەی کە، بە ڕێزبەند، لەو پارێزگایانە بە بەکارهێنانی پێناسەکانی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار ئەندازە کراوە. لەسەر بنەمای ئەم ئەنجامانە، داتاکانی ساڵی 2021، کە لە شێوەی 2 پێشان دراون، بۆ بەراوردکردن لەگەڵ داتاکانی ساڵانی پێشوو هەموار کراون و لە شێوەی 3 لە خوارەوە پێشان دراون. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە هەموارکردنەکە نوێنەکە گشتییەکان ناگۆڕێت، هەرچەندە ئێستا جووڵەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەراورد بە ساڵی 2021 زیاتر بووە، لە کاتێکدا جووڵەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری بەراورد بە ساڵی 2021 تا ڕادەیەک کەمتر بووەتەوە.

**شێوەی 3. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بە تێپەڕبوونی کات (2012-2021) هەرێمی کوردستان: داتاکانی ساڵی 2021 بۆ پێناسەکانی داتاکانی ساڵانی ڕابردوو هەموارکراون**




<u>**سەرچاوە:**</u> بڕوانە شێوەی 2.

<u>**تێبینی:**</u> هەموارکردنی داتاکانی ساڵی 2021 لەسەر بنچینەی ئەنجامەکانی خشتەی 3 کراوە.

بۆ کۆتاییپێهێنان، خشتەی 4 لە خوارەوە، ئەو کردارانەی بۆ گۆڕینی داتاکان لە پێناسەکانی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار بۆ داتا نزیککراوە هاوتاکانیان بەپێی پێناسەکانی سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار بەکار هاتوون، بۆ هەرێمی کوردستان و بۆ هەر پارێزگایەك بە جیا، دووبارە درووستیان دەکات. بەم شێوەیە، بۆ نموونە بۆ هەولێر، ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەپێی پێناسەکانی سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك. کاردارکراون، بە زیادکردنی ژمارەی کاردارکراوان بە پێی پێناسەکانی نۆزدەیەمین ك. ن. ئ. ك. و ژمارەی بێکاران و ژمارەی ئەو کەسانەی لە دەرەوەی هێزی کار بوون و سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵا بوونە بۆ بەکارهێنانی خۆیی، دەست دەکەوێت:

*کاردارەکان (بەپێی سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك.) = 513,000 + 7,000 + 83,000 + 603,000*

بە هەمان شێوە، ڕێژەی بێکاری بەپێی سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار، بە لێدەرکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی بە بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی سەرقاڵ بوونە لە کۆی کەسانی بێکار بەپێی نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار، دەست دەکەوێت:

*بێکارەکان (بەپێی سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك.) = 111,000 – 7,000 = 104,000*

هێزی کار (سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك.) بریتییە لە کۆی کارداری (سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك.) و بێکاری(سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك.). هەروەها، ژمارەی ئەوانەی لە دەرەوەی هێزی کارن (سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك.) بریتییە لە ئەنجامی لێدەرکردنی ژمارەی هێزی کار (سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك.) لە ژمارەی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر، کە بە دڵنیاییەوە لە هەردوو پێناسەکەدا ژمارەیەکی جێگیرە.

**خشتەی 4. خەمڵاندنێکی نزیککراوەی نیشاندەرە سەرەکییەکانی هێزی کار بەپێی پارێزگا، ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان 2021، بە گوێرەی پێناسە نێودەوڵەتییەکانی نۆزدەیەمین ك. ن. ئ. ك. (2013) بەرامبەر بە سێزدەیەمین ك. ن. ئ. ك. (1982)**

| هەرێمی کوردستان ('000) | 19th ICLS | بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی | | | هەرێمی کوردستان ('000) | 13th ICLS |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆ | کشتوکاڵ | ئەوانیتر | | |
| دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 3,801 | 280 | 186 | 94 | دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 3,801 |
| هێزی کار | 1,711 | 24 | 15 | 9 | هێزی کار | 1,875 |
| کاردارکراو | 1,428 | 0 | 0 | 0 | کاردارکراو | 1,612 |
| بێکار | 283 | 24 | 15 | 9 | بێکار | 263 |
| کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 2,090 | 256 | 171 | 85 | کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 1,925 |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 45.0% | - | - | - | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 51.8% |
| ڕێژەی بێکاری | 16.5% | - | - | - | ڕێژەی بێکاری | 13.2% |
| **هەولێر ('000)** | **19th ICLS** | **بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی** | | | **هەولێر ('000)** | **13th ICLS** |
| | | کۆ | کشتوکاڵ | ئەوانیتر | | |
| دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 1,326 | 90 | 56 | 34 | دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 1,326 |
| هێزی کار | 624 | 7 | 3 | 4 | هێزی کار | 707 |
| کاردارکراو | 513 | 0 | 0 | 0 | کاردارکراو | 603 |
| بێکار | 111 | 7 | 3 | 4 | بێکار | 104 |
| کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 702 | 83 | 53 | 30 | کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 619 |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 47.0% | - | - | - | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 53.3% |
| ڕێژەی بێکاری | 17.7% | - | - | - | ڕێژەی بێکاری | 14.7% |
| **دهۆک ('000)** | **19th ICLS** | **بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی** | | | **دهۆک ('000)** | **13th ICLS** |
| | | کۆ | کشتوکاڵ | ئەوانیتر | | |
| دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 891 | 91 | 51 | 40 | دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 891 |
| هێزی کار | 353 | 12 | 7 | 5 | هێزی کار | 432 |
| کاردارکراو | 268 | 0 | 0 | 0 | کاردارکراو | 359 |
| بێکار | 85 | 12 | 7 | 5 | بێکار | 73 |
| کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 538 | 79 | 44 | 35 | کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 459 |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 39.6% | - | - | - | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 48.4% |
| ڕێژەی بێکاری | 24.1% | - | - | - | ڕێژەی بێکاری | 16.8% |

| سلێمانی ('000) | 19th ICLS | بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی | | | سلێمانی ('000) | 13th ICLS |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆ | کشتوکاڵ | ئەوانیتر | | |
| دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 1,504 | 96 | 76 | 20 | دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 1,504 |
| هێزی کار | 698 | 5 | 5 | 0 | هێزی کار | 790 |
| کاردارکراو | 615 | 0 | 0 | 0 | کاردارکراو | 711 |
| بێکار | 83 | 5 | 5 | 0 | بێکار | 79 |
| کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 806 | 91 | 71 | 20 | کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 715 |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 46.4% | - | - | - | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 52.5% |
| ڕێژەی بێکاری | 12.0% | - | - | - | ڕێژەی بێکاری | 10.0% |
| هەڵەبجە ('000) | 19th ICLS | بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی | | | هەڵەبجە ('000) | 13th ICLS |
| | | کۆ | کشتوکاڵ | ئەوانیتر | | |
| دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 80 | 3 | 3 | 0 | دانیشتوانی 15 ساڵ و سەرووتر | 80 |
| هێزی کار | 36 | 0 | 0 | 0 | هێزی کار | 39 |
| کاردارکراو | 32 | 0 | 0 | 0 | کاردارکراو | 35 |
| بێکار | 4 | 0 | 0 | 0 | بێکار | 3 |
| کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 44 | 3 | 3 | 0 | کەسانی دەرەوەی هێزی کار | 42 |
| ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 44.5% | - | - | - | ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار | 48.2% |
| ڕێژەی بێکاری | 10.4% | - | - | - | ڕێژەی بێکاری | 8.9% |


# بەشی 3: بەشداریکردن لە هێزی کاروکارداری

ئەم بەشە بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە سەبارەت بە بەشداریکردن لە هێزی کار و پێکهاتەی کارداری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 دەکات. سەرەتا داتاکانی تایبەت بە پرۆفایلی بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ دانیشتوانی تەمەنی کارکردن، لە ڕووی توێژەکانی ڕەگەز و تەمەن و هەروەها بڕوانامەی خوێندنیان خراونەتە ڕوو. پاشان، داتاکانی پەیوەست بە کارداری لەڕووی ڕەگەز و گرووپی تەمەن، پیشە، کەرتی چالاکیی ئابووری، باری کارکردن، کەرتی کارکردن، کاتی کارکردن و داهاتی کار خراونەتە ڕوو. هەروەها، لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە ڕووپێوەکانی ڕابردوو بەردەستن، بەدواداچوون دەکرێت بۆ گۆڕانی پێکهاتەی کارداری بەپێی کەرتی چالاکیی ئابووری.

## • ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن

ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار (LFPR)، واتە ئەنجامی دابەشکردنی هێزی کار بەسەر دانیشتوانی تەمەنی کارکردن بە دەربڕینی ڕێژەی سەدی، نیشاندەری ئاستی چالاکیی بازاڕی کارە. ڕادەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن کە لە هێزی کار دان ئەندازە دەکات. زانیارییە جیاکراوەکانی ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن پرۆفایلی بەشداریکردن لە هێزی کار دەخاتە ڕوو، وەک لە شێوەی 4 پێشان دراوە، کە پرۆفایلی ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار (LFPR) لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ پرۆفایلی وڵات بە گشتی بەراورد کراوە.

شێوەی 4 . ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار-2021





وەک زۆربەی پرۆفایلەکانی ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار، ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان شێوەی پیتی U ی هەڵگەڕاوەی هەیە. هێڵی چەماوەی نێرینە لە سەرووی هێڵی چەماوەی مێینەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەشداریکردنی زیاتری پیاوانە لە هێزی کار بەراورد بە ئافرەتان، لە هەموو گرووپەکانی تەمەندا. بۆ هەر ڕەگەزێک، هێڵەکە بۆ گەنجان بەرز دەبێتەوە کاتێک لە قوتابخانە دەردەچن و دەچنە ناو بازاڕی کار. لە گرووپی تەمەنی 35-39 ساڵ بۆ پیاوان و کەمێك دواتر بۆ ئافرەتان دەگاتە لوتکە، پێش ئەوەی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ دابەزێتەوە، بەو پێیەی خەڵک لە تەمەنی گەورەتر بازاڕی کار جێدێڵن و خانەنشین دەبن. گرینگە بۆ زانیاریی زیاتر ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕێژەی بەشداریی

ئافرەتان لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان دوو لوتکەی هەیە، یەکێکیان لە گرووپی تەمەنی 35-39 ساڵە، ئەوەی تریان لە گرووپی تەمەنی 45-49 ساڵ. کەمبوونەوەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هێزی کار لە نێوان ئەم دوو گرووپی تەمەنەدا ڕەنگە پەیوەست بێت بە خواستی ئافرەتان بۆ جێهێشتنی بازاڕی کار دوای منداڵبوون و گەڕانەوە بۆ بازاڕی کار کاتێک منداڵەکە دەگاتە تەمەنی قوتابخانە.

هەروەها گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی نیمچە جێگیر لە ڕێژەی گشتیی وڵات بەرزترە. ئەمەش بۆ هەردوو ڕەگەز و هەموو گرووپە تەمەنەکان جگە لە پیاوانی گەنج، کە تەمەنیان لەنێوان 15 بۆ 19 ساڵە، ڕاستە. بەگشتی، ڕەنگە کەمیی ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان و هەروەها لە عێراق بە گشتی دەرئەنجامی چەند هۆکارێک بێت کە بەربەست بن بۆ چوونە ناو هێزی کار وەک ئاستی خوێندن و بوونی منداڵی بچووک، تەمەنی هاوسەرگیری و دابونەریتی کۆمەڵایەتی کە ڕۆڵی ئافرەتان لە بواری گشتیدا دیار دەکەن.


شێوەی 5 ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لەلایەن ئافرەتان و پیاوان لە هەرێمی کوردستان بە پێی بڕوانامەی خوێندن دەخاتە ڕوو. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە زۆرترین بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ پیاوان و ئافرەتان، لەنێو دەرچوانی پەیمانگە و زانکۆکانە. هەروەها دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە جیاوازی لەنێوان ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بۆ ئافرەتان و پیاوان لەنێو دەرچوانی پەیمانگە و زانکۆ زۆر کەمترە وەک لە ئاستەکانی تری بڕوانامەی خوێندن. نوێنەکێکی هاوشێوە لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی دەبینرێت (ڕەنگی شینی کاڵ و پەمەیی کاڵ لە شێوەی 5). گرینگە تێبینیی ئەوە بکرێت کە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە هاوتاکەی لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ و هەموو ئاستەکانی خوێندن، جگە لە پیاوانی بێ بڕوانامە کە نەخوێندەوارن، یان هیچ بڕوانامەیەکیان نییە و دەتوانن تەنیا بخوێننەوە یان دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن، و هەروەها بۆ ئەو ئافرەتانەی دەرچووی پەیمانگە و زانکۆن.

**شێوەی 5 . ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار بەپێی ڕەگەز و ئاستی خوێندن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار- 2021**



بە ڕەچاوکردنی بڕوانامەی خوێندن وەک نیشاندەرێك بۆ کارامەییەکان، دابەشبوونی هێزی کار بەپێی بڕوانامەی خوێندن پێوەرێک بۆ ئاستی کارامەیی هێزی کار دەستەبەر دەکات. شێوەی 6 دابەشبوونی هێزی کاری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 بە پێی بڕوانامەی خوێندن، بۆ نێر و مێ، بە جیا پێشان دەدات. ڕەنگە تێبینی بکرێت کە لە کاتێکدا نزیکەی لەسەدا 17.5 ی هێزی کاری پیاوان لە ساڵی 2021 بڕوانامەی دبلۆم یان زانکۆیان هەبووە، بەهای هاوتا بۆ هێزی کاری ئافرەتان، لەسەدا 48.6 بووە. بە هەمان شێوە، لە کاتێکدا نزیکەی لەسەدا 8.3 ی هێزی کاری پیاوان لە ساڵی 2021 بڕوانامەی خوێندنی ناوەندییان هەبووە، بەهای هاوتا بۆ هێزی کاری ئافرەتان لەسەدا 10.7 بووە. ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021، هێزی کاری ئافرەتان ئاستی کارامەییەکی تاڕادەیەک بەرزتریان هەبووە بەراورد بە هێزی کاری پیاوان. نوێنەکێکی هاوشێوە، بەڵام بە توندییەکی کەمتر لە هەرێمی کوردستان، بۆ گشت عێراق دەرکەوتووە.

**شێوەی 6. دابەشبوونی هێزی کار بەپێی بڕوانامەی خوێندن، نێر و مێ، بەجیا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار- 2021**





## • ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان بەپێی گرووپی تەمەن

کۆی کارداری نیشاندەرێکی گرنگە بۆ توانای ئابووری لە دابینکردنی کارداری بۆ دانیشتوانەکەی کە لە گەشەکردندایە. شێوەی 7 لە خوارەوە ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان بەپێی گرووپی تەمەن پێشان دەدات. بۆ گرووپی تەمەنی سەرەکی، 25-54 ساڵ، ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی لەسەدا 57 بووە، کە لە ئاستێکی بەرچاو بەرزترە لە بەهای هاوتا لەسەر ئاستی نیشتمانی، کە لەسەدا 46 بووە. لەبەر ئەوەی ئەمە بۆ تەمەنی سەرەکیی 25-54 ساڵ سنووردار کراوە، لێکەوتەکانی خوێندن و خانەنشینی، دوو دیاردە کە دەکرێت هەر وەك لە خوارەوە پێشان دراوە بە جیا توێژینەوەیان بۆ بکرێت، کاریگەریان لەسەر نیشاندەرەکە نییە. داتاکانی شێوەی 7 زانیاری بۆ خەمڵاندنی نزیککراوە بۆ ناوەڕاستی تەمەن لە یەکەم کارداری و ناوەڕاستی تەمەن لە کاتی خانەنشینی دەخاتەڕوو. هێڵە پچڕپچڕەکەی ناوەڕاست نیوەی زۆرترین ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان پێشان دەدات. ئەو دوو خاڵی یەکتربڕی لەگەڵ ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان هەیە. خاڵی یەکەم هاوتایە لەگەڵ ئەو تەمەنەی کە زۆرینەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لەو تەمەنەدا هاتوونەتە نێو

کارداری (بەپێی زۆربەی گریمانەکان، بە یەکەم کارداری ڕاڤە دەکرێت). بە هەمان شێوە خاڵی دووەم هاوتایە لەگەڵ ئەو تەمەنەی کە زۆرینەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لەو تەمەنەدا کارداریيان بەجێ هێشتووە (بەپێی زۆربەی گریمانەکان، بە خانەنشینی ڕاڤە دەکرێت).

**شێوەی 7. ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان بەپێی گرووپی تەمەن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار- 2021**




بەپێی ئەم هەژمارکردنانە، کارکەران لە هەرێمی کوردستان کاتێک تەمەنیان نزیکەی 23.8 ساڵە یەکەم کاریان دەست پێ دەکەن. ئەوان لە تەمەنی نزیکەی 62.7 ساڵیدا، کارکردن جێدێڵن. ئەمەش دەکرێت وەها لێکدانەوەی بۆ بکرێت کە درێژیی ماوەی چاوەڕوانکراو بۆ تەمەنی کارکردنی کارکەرێکی دیارکراو نزیکەی 38.9 ساڵە. لەسەر ئاستی نیشتمانی (شێوەی 5 لە ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021)، ناوەڕاستی تەمەن لە یەکەم کارکردندا بە 21 ساڵ ئەژمار کراوە، لە کاتێکدا ناوەڕاستی تەمەن لە کاتی خانەنشینیدا 60 ساڵ بووە. لە دەرەنجامی بەراوردکردنی دوو کۆمەڵە خەمڵاندنەکە ئەوە دەردەکەوێت کە کارکەران لە هەرێمی کوردستان نزیکەی سێ ساڵ درەنگتر لە کارکەران لەسەر ئاستی نیشتمانی دێنە نێو کارکردنەوە. ئەمەش دەکرێت بەو واتایە بێت کە گەنجان لە هەرێمی کوردستان زیاتر ئارەزووی خوێندنیان هەیە وەک لە گەنجانی تر لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی، یان گەنجان لە هەرێمی کوردستان کاتێکی زیاتریان پێویستە بۆ دۆزینەوەی کار بەراورد بە گەنجان لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی. هەروەها بەراوردکردنی ئەو دوو کۆمەڵە داتایە پێشان دەدات کە کارکەران لە هەرێمی کوردستان نزیکەی سێ ساڵ درەنگتر لە کارکەران لەسەر ئاستی نیشتمانی دەستبەرداری کارەکانیان دەبن. کەواتە، درێژیی ماوەی چاوەڕوانکراوی کارکردن بە درێژایی ژیان وەکو یەکە، 39 ساڵ، چ بۆ کارکەران لە هەرێمی کوردستان یان لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی.

## • پێکهاتەی کارداری و گۆڕانکاری بە تێپەڕبوونی کات

دواتر، داتاکانی ڕووپێو کە پەیوەستن بە کارکردن لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی دابەشبوون بەپێی لقی چالاکیی ئابووری، پیشە، هەلومەرجی کارکردن و کەرتی کار شیکاریان بۆ کرا. هەروەها دیراسەی پەرەسەندنی پێکهاتەی کارکردن بە تێپەڕبوونی کات کراوە، بە تایبەت بۆ دیارکردنی گۆڕانکاری لە لقەکانی چالاکیی ئابووریدا.

### - لقی چالاکیی ئابووری

لقی چالاکیی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ چالاکیی ئەو دامەزراوەیەی کە کەسێکی کاردارکراو لە ماوەی لێڤەگەڕدا کاری تێدا کردووە. دەکرێت دامەزراوەکە کێڵگە، کان، کارگە، شوێنی چاککردنەوە، فرۆشگە، نووسینگە یان جۆرێکی هاوشێوەی یەکەیەکی ئابووری بێت. گرینگە پرۆژە بازرگانییەکان لە دامەزراوەکان جیا بکرێنەوە. "پرۆژەی بازرگانی" چەمکێکی فراوانترە لە "دامەزراوە". *دامەزراوە* بریتییە لە یەکەیەکی بەرهەمهێنان کە لە یەک شوێندا هەڵکەوتووە و تەنیا یەک چالاکیی بەرهەمهێنان (سەرەکی) تێیدا ئەنجام دەدرێت یان چالاکیی بەرهەمهێنانی بنەڕەتی زۆرینەی بەهای زیادکراو پێک دەهێنێت. *پرۆژەی بازرگانی* یەکەیەکی یاساییە (یان کۆمەڵێک یەکەی یاسایین) و لەوانەیە کۆمەڵێک دامەزراوەی هەبێت کە چالاکیی ئابووریی جیاواز و شوێنی جیاوازیان هەبێت. خشتەی 5 دابەشبوونی ڕێژەی سەدیی کەسانی کاردار بەپێی لقی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان پێشان دەدات و لەگەڵ داتا هاوتاکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بەراورد دەکات.

**خشتەی 5. کەسانی کاردار بەپێی لقی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار - 2021**

| لقی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی | هەرێمی کوردستان (%) | عێراق (%) |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 100.0 | 100.0 |
| کشتوکاڵ، دارستان، و بەخێوکردن وڕاوکردنی ماسی | 7.9 | 8.4 |
| کانزاکان و دەرهێنانی بەرد | 0.6 | 0.7 |
| بەرهەمهێنان | 7.9 | 6.2 |
| دابینکردنی کارەبا و غاز و هەڵم و هەوا گۆڕکێ | 1.6 | 1.9 |
| دابینکردنی ئاو; ئاوەڕۆ، بەڕێوەبردنی پاشماوە و چالاکییەکانی چاککردنەوە | 1.3 | 0.9 |
| بیناسازی | 7.0 | 16.3 |
| بازرگانیی تاک و کۆ ؛ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان و ماتۆڕسیکل | 20.9 | 14.2 |
| گواستنەوە و کۆگاکردن | 6.6 | 9.8 |
| چالاکییەکانی مانەوە و خزمەتگوزارییەکانی خۆراك | 3.6 | 2.1 |
| زانیاری وگەیاندن | 0.9 | 0.3 |
| چالاکییە دارایی و بیمەییەکان | 0.8 | 0.5 |
| چالاکییەکانی خانووبەرە وزەوی وزار | 0.6 | 0.2 |


| | | |
|---|---|---|
| چالاکییە پیشەگەری، زانستی و تەکنیکییەکان | 1.3 | 1.6 |
| چالاکییەکانی کارگێڕی و خزمەتگوزاریی پشتیوانی | 1.8 | 3.3 |
| کارگێڕیی گشتی و بەرگری؛ ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ناچاری | 17.5 | 15.9 |
| پەروەردە | 10.7 | 9.3 |
| چالاکییەکانی تەندروستیی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی | 3.4 | 3.5 |
| هونەر، کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی | 0.2 | 0.3 |
| چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی تر | 4.0 | 2.5 |
| ئەو چالاکییانەی کە خێزان تیایاندا خاوەنکارە؛ چالاکییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵا/خزمەتگوزارییە جیانەکراوەکانی خێزانەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی | 0.1 | 0.0 |
| چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان و دامودەزگاکانی دەرەوەی وڵات | 0.0 | 0.0 |
| هی تر | 0.6 | 2.1 |

داتاکان دەردەخەن کە سێ لقی سەرەکیی چالاکیی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بریتی بوون لە بازرگانیی تاک و کۆ (لەسەدا 20.9)، کارگێڕیی گشتی و بەرگری (لەسەدا 17.5)، و پەروەردە (لەسەدا 10.7)، دواتر کشتوکاڵ، دارستان و بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی (لەسەدا 7.9)، بەرهەمهێنان (لەسەدا 7.9)، بیناسازی (لەسەدا 7.0) و گواستنەوە و کۆگاکردن (لەسەدا 6.6). ئەم حەوت لقە چالاکییە ئابوورییە پێکەوە زیاتر لە یەک ملیۆن کارکەریان لەخۆگرتووە، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 78 لە کۆی کارداری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021. بەراورد بە باری کارداری لە وڵات بە گشتی، دوو لقی چالاکیی ئابووری دەردەکەون. یەکێکیان بیناسازییە کە زیاتر لە سەدا ١٦ی کۆی کارداری لە عێراق دەگرێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان تەنیا بریتییە لە لەسەدا 7.0. ئەوی تر، بازرگانیی تاک و کۆیە کە لە عێراق نزیکەی لەسەدا 14 لە کۆی کارداری دەگرێتەوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە لەسەدا 21.

شێوەی 8 پشکی کارداری بەپێی لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکیدا بۆ نێر و مێ، بە جیا پێشان دەدات. بەرەنجامەکان دەردەخەن کە لە هەرێمی کوردستان کارداریی ئافرەتان لە کاری سەرەکیدا زیاتر لە چالاکییە کشتوکاڵییەکاندا چڕ بووەتەوە (لەسەدا 12.6) بەراورد بە کارداریی پیاوان (لەسەدا 7.1). لە بەرامبەردا، کارداریی پیاوان لە کاری سەرەکی زیاتر لە پیشەسازیدا چڕ بووەتەوە (لەسەدا 19.0) بەراورد  بە کارداریی ئافرەتان (لەسەدا 15.8). لە خزمەتگوزارییەکان، کە لە کاری سەرەکیی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لقی فراوان و  بنەڕەتیی چالاکیی ئابوورییە، ئاستی چڕبوونەوە لەم چالاکییە ئابوورییەدا بەنزیکەیی یەکسان بووە، هەرچەندە داتاکان پشکێکی کەمێک زیاتر لە کارداری لەنێوان نێر پێشان دەدەن بەراورد  بە مێ. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، ئەگەرچی داتاکانی هەرێمی کوردستان تاڕادەیەک جیاوازن لەوانەی عێراق بە گشتی، بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو (زیاتر لە 10 خاڵی سەدی) لە نێوان کارکردنی ئافرەتان و پیاوان لە خزمەتگوزارییەکان دەرکەوت (لەسەدا 73.1 بەرامبەر بە لەسەدا 62.2، بە ڕێزبەند). ڕاپۆرتێکی تێروتەسەڵی تایبەت بە کارکردن بەپێی لقەکانی چالاکییە ئابوورییەکان، پێویستە کارکردن لە کاری دووەمیش ڕەچاو بکات. هەروەها بۆ ئەوەی چالاکیی کشتوکاڵی بە تەواوی ڕەچاو بکرێت، پێویستە ئەوانەش کە خۆراك بۆ بژێویی خۆیان بەرهەم دەهێنن

ئەژمار بکرێن. دابەشبوونی کارداری بەپێی ڕەگەز و لقی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی و کاری دووەم لە هاوپێچی ئاماریی 3 هاتووە.

**شێوەی 8. پشکی کارداریی نێر و مێ بەپێی لقی فراوانی چالاکیی ئابووری[1] لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار- 2021**





**تێبینیەکان:** [1] کشتوکاڵ = کشتوکاڵ، دارستان، بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی و ئاژەڵداری؛ پیشەسازی = کانزاکان و دەرهێنانی بەرد؛ بەرهەمهێنان؛ دابینکردنی کارەبا، گاز، و هەڵم و هەواگۆڕکێ؛ دابینکردنی ئاو، ئاوەڕۆ و بەڕێوەبردنی پاشماوە؛ و بیناسازی؛ هەروەها خزمەتگوزارییەکان = بازرگانیی تاک و کۆ، چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل و ماتۆڕسیکل؛ گواستنەوە و کۆگا کردن؛ چالاکییەکانی مانەوە و خزمەتگوزارییەکانی خۆراک؛ زانیاری و گەیاندن؛ چالاکییە دارایی و بیمەییەکان؛ چالاکییەکانی خانووبەرە و زەوی و زار؛ چالاکییە پیشەگەری، زانستی و تەکنیکییەکان؛ چالاکییە کارگێڕی و خزمەتگوزارییە پشتیوانییەکان؛ کارگێڕیی گشتی و بەرگری، ئاسایشی کۆمەڵایەتیی ناچاری؛ پەروەردە؛ چالاکییەکانی تەندروستیی مرۆڤ و کاری کۆمەڵایەتی؛ چالاکییەکانی هونەری، کات بەسەربردن و خۆشگوزەرانی؛ چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی تر.

[2] ڕەنگە بەهۆی چالاکییەکانی تر یان چالاکییە دیارنەکراوەکان کۆی گشتی بۆ هەر ڕەگەزێک نەکاتە 100 لەسەد.

شێوەی 9 دابەشبوونی ژمارەی کەسانی کاردار لە پارێزگاکان بەپێی لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی پیشان دەدات: کشتوکاڵ، پیشەسازی، و خزمەتگوزارییەکان وەک لە تێبینیی شێوەی 8 دیار کراوە. داتاکان لە بنەڕەتدا نوێنەکی هاوشێوە لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان پیشان دەدەن: زیاتر لە 70 لەسەدی کارداری لە خزمەتگوزارییەکان، کەمتر لەسەدا 20 لە پیشەسازی؛ و ئەوەی ماوەتەوە لە کشتوکاڵ. لە چوارچێوەی ئەم نوێنەکە گشتییەدا، ڕەنگە هەندێک جیاوازی بەدی بکرێت: چڕبوونەوەی زیاتری کارداری لە خزمەتگوزارییەکان لە هەولێر (لەسەدا 75.4) بەراورد بە دهۆک (لەسەدا 71.8)، سلێمانی (لەسەدا 70.1) و هەڵەبجە (لەسەدا 74.5)؛ و بە هەمان شێوە چڕبوونەوەی کەمتری کارداری لە کشتوکاڵ لە هەولێر (لەسەدا 5.0) بەراورد بە دهۆک (لەسەدا 7.9)، سلێمانی (لەسەدا 10.3) و هەڵەبجە (لەسەدا 9.2).


**شێوەی 9. پشکی کارداری لە لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی، بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار- 2021**




<u>**تێبینییەکان**</u>: [1] لقە فراوانەکانی چالاکییە ئابوورییەکان کە لە تێبینیی شێوەی 8 پێناسە کراون.
[2] ڕەنگە بەهۆی چالاکییەکانی تر یان چالاکییە دیارنەکراوەکان کۆی گشتی بۆ هەر پارێزگایەک نەبێتە 100 لە سەد.

شێوەی 10 گۆڕانکاری لە پشکی کارداری بە پێی لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵی 2012 تا 2021 پێشان دەدات. داتاکانی ڕابردوو لە ئەنجامە بڵاوکراوەکانی ڕووپێوەکانی هێزی کار وەرگیراون کە لە ساڵی 2012، 2013, 2014 و 2015 ئەنجامدراون. نەتوانرا داتای هاوتا لە ڕووپێوی دیمۆگرافیی ساڵی 2017 (تشرینی یەکەم) بدۆزرێتەوە.

**شێوەی 10. پشکی کارداری لە لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 - 2021**




**سەرچاوەکان**: داتاکانی ساڵانی 2012 و 2015: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هێزی کار، راپۆرت.
https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force؛ 2013، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a121.pdf؛
2014، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a144.pdf؛ داتاکانی ساڵی 2021، ڕووپێوی هێزی کار لە عێراق، 2021.

**تێبینییەکان**: [1] لقە فراوانەکانی چالاکیی ئابووری کە لە تێبینیی شێوەی 8 پێناسە کراون.
[2] ڕەنگە بەهۆی چالاکییەکانی تر یان چالاکییە دیارنەکراوەکان کۆی گشتی نەکاتە 100 لە سەد.

سەرەڕای جیاوازی لە چەمک و پێناسە بنەڕەتییەکان، و کایە (Scope) و کاتی ڕووپێوەکان، داتاکانی شێوەی 10 دابەزینی بەردەوام لە پشکی کارکردن لە خزمەتگوزارییەکان لە کاری سەرەکیدا، لە سەدا 77.3 لە ساڵی 2012، بۆ لە سەدا 76.2 لە ساڵی 2013، لەسەدا 76.1 لە ساڵی 2014، لەسەدا 74.9 لە ساڵی 2015 و لەسەدا 72.3 لە ساڵی 2021 پێشان دەدەن. بە هەمان شێوە، پشکی کارکردن لە بواری پیشەسازی لە کاری سەرەکیدا بەگشتی زیادی کردووە، لە سەدا 16.6 لە ساڵی 2012، لە سەدا 18.3 لە ساڵی 2013 و 2014، و گەڕانەوە بۆ لەسەدا 16.6 لە ساڵی 2015 پێش ئەوەی دووبارە بەرز ببێتەوە بۆ لەسەدا 18.5 لە ساڵی 2021. بە هەمان شێوە، پشکی کارکردن لە بواری کشتوکاڵدا بەگشتی زیادی کردووە، لەسەدا 6.1 لە ساڵی 2012، بۆ لەسەدا 7.3 لە ساڵی 2015 و لەسەدا 7.9 لە ساڵی 2021 لەگەڵ دابەزینێکی کەم لە ساڵانی 2013 و 2014.

### - پیشە

پیشە ئاماژەیە بۆ جۆری ئەو کارەی کە کەسێکی کاردارکراو ئەنجامی دەدات (یان ئەو جۆرە کارەی کە پێشتر ئەنجامی داوە یان ویستوویەتی ئەنجامی بدات ئەگەر کەسەکە بێکار بێت)، بەبێ ڕەچاوکردنی لقی چالاکیی ئابووری یان هەلومەرجی کارداریی کەسی کاردارکراو. خشتەی 6 دابەشبوونی ڕێژەی سەدیی کەسانی کاردارکراو بەپێی تۆێژی پیشە لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان پێشان دەدات و لەگەڵ داتا هاوتاکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بەراوردیان دەکات. بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، بەرزترین توێژی پیشەی سەرەکی لە هەرێمی کوردستان، ئەو کەسانە پێکیدەهێنن کە لە خزمەتگوزاری و فرۆشتن کاریان کردووە (لەسەدا 25.7)، ئینجا ئەوانە دێن کە لە پیشە دەستییەکان و پیشە

پەیوەندیدارەکان (لەسەدا 13.7)، پیشە سەرەتاییەکان (لەسەدا 11.6) کار دەکەن و ئینجا کەسانی پیشەگەر (لەسەدا 11.0). بەڕێوەبەران توێژێکی پیشەییان پێك هێناوە کە کەمترین پشکی لە کارداری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان هەیە (لەسەدا 2.0)، و دواتریش ئەو کارکەرانەن کە لە بواری پشتیوانی لە کاری نووسینگەیی (مەکتەبی) کار دەکەن (لەسەدا 4.4) و ئینجا تەکنیکاران و پیشەگەرە یاریدەدەرەکان دێن (لەسەدا 5.3).


**خشتەی 6. کەسانی کاردار بەپێی پیشە لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار- 2021**

| پیشە لە کاری سەرەکی | هەرێمی کوردستان (%) | عێراق (%) |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 100.0 | 100.0 |
| بەڕێوەبەران | 2.0 | 0.7 |
| پیشەگەران | 11.0 | 16.3 |
| تەکنیککاران و پیشەگەرانی یاریدەدەر | 5.3 | 5.6 |
| کارکەرانی پشتیوانی لە کاری نووسینگەیی (مەکتەبی) | 4.4 | 1.8 |
| کارکەرانی فرۆشتن و خزمەتگوزارییەکان | 25.7 | 23.1 |
| کارکەرانی کارامە لە کشتوکاڵ، دارستان، و بەخێوکردن وڕاوکردنی ماسی | 6.9 | 8.5 |
| کارکەرانی پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان | 13.7 | 20.8 |
| کارپێکەرانی کارگە و ئامێرەکان و پێکەوەنەرەکان (Assemblers) | 8.6 | 10.8 |
| پیشە سەرەتاییەکان | 11.6 | 5.8 |
| پیشەکانی هێزە چەکدارەکان | 9.9 | 5.2 |
| هی تر | 0.9 | 1.2 |

داتاکان جیاوازییەکی بەرچاو لە پێکهاتەی پیشەیی کارداری لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ئاستی نیشتیمانی پێشان دەدەن، بەتایبەتی پەیوەست بە کارکەرانی بواری پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان (لەسەدا 13.7 لە کۆی کارداری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە سەدا 20.8 لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی)، پیشە سەرەتاییەکان (سەدا 11.6 لە کۆی کارداری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە سەدا 5.8 لە سەر ئاستی وڵات بە گشتی)، و پیشەگەران (سەدا 11.0ی کۆی کارداری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە سەدا 16.3 لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی). ڕوون نییە کە تا چەند دەتوانرێت ئەم جیاوازییانە بۆ هەڵەی بەهێماکردن (coding) یان جیاوازییەکانی تر لە کارەکانی ڕووپێوەکەدا بگەڕێندرێنەوە. هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە هاوشێوەی حاڵەتی لقی چالاکیی ئابووری، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەڵ تایبەت بە دابەشبوونی کارداری بەپێی پیشەکان، پێویستە کارداری لە کاری دووەمیش ڕەچاو بکات.

شێوەی 11 دابەشبوونی پیشەیی کارداری لە کاری سەرەکی بەپێی ڕەگەز لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو. داتاکان ئاماژە بە ئاستێکی دیارکراو لە جیاکردنەوەی پیشەکان لەنێو ئافرەتان و پیاوان دەدەن. پیشەگەران نزیکەی لەسەدا 38.7 لە کارداریی ئافرەتان لە کاری سەرەکیدا پێکهێناوە، لەکاتێکدا بەهای هاوتا بۆ کارداریی پیاوان نزیکەی لەسەدا 5.9 بووە. بە هەمان شێوە، نزیکەی لەسەدا 11.5 لە کارداریی ئافرەتان لە کارکەرانی پشتیوانی لە کاری نووسینگەیی (مەکتەبی) پێك هاتووە لە کاتێکدا بەهای هاوتا بۆ کارداریی پیاوان لەم بوارەدا لەسەدا 3.1 بووە. لە بەرامبەردا، داتاکان سێ توێژی بەرچاو لە پیشەکان پێشان دەدەن کە پیاوان تیایاندا زاڵن: کارکەرانی خزمەتگوزاری و فرۆشتن بە لەسەدا 29.1 لە کارداریی پیاوان لە کاری سەرەکی لە بەرامبەر لەسەدا 7.1 لە کارداریی ئافرەتان؛ کارپێکەرانی کارگە و ئامێرەکان و پێکەوەنەرەکان لەسەدا 10.2 لە کارداریی پیاوان لە کاری سەرەکی پێك دەهێنن لە بەرامبەردا، ئافرەتان لە بنەڕەتدا هیچ کارداریەکیان لەم بوارەدا نییە؛ و پیشەی هێزە چەکدارەکان بە لەسەدا 11.6 لە کارداریی پیاوان لە کاری سەرەکی لە بەرامبەر لەسەدا 1.0 لە کارداریی ئافرەتان. هەروەها گرینگە تێبینیی جیاوازیی ڕەگەز لە پیشەکانی بەڕێوەبردن بکرێت، بابەتێک کە لە بەشی شەشەمی ئەم ڕاپۆرتەدا بە وردی باس دەکرێت.

**شێوەی 11. کەسانی کاردارکراو بەپێی ڕەگەز و پیشە لە کاری سەرەکیدا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**





شێوەی 12 گۆڕانکارییەکانی پێکهاتەی پیشەیی بۆ کارداری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 2012 تا 2021 پێشان دەدات. بۆ لقی چالاکیی ئابووری، داتاکانی پێشووتری کارداریی پیشەیی لە ئەنجامە بڵاوکراوەکانی ڕووپێوەکانی هێزی

کار وەرگیراون کە لە ساڵانی 2012، 2013، 2014 و 2015 جێبەجێ کراون.[12] دەتوانرێت پیشەکان بەپێی فراوانبوون یان دابەزینی پشکیان لە کارداری، بەم شێوەیەی خوارەوە بە کۆمەڵ بکرێن:

- فراوانبوونی پشکی کارداری:
  - کارکەرانی فرۆشتن و خزمەتگوزارییەکان
  - کارکەرانی پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان
  - کارکەرانی کارامە لە کشتوکاڵ، دارستان، و بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی
- دابەزینی پشکی کارداری:
  - بەڕێوەبەران
  - کارکەرانی پشتیوانی لە کاری نووسینگەیی (مەکتەبی)

پشکەکانی توێژەکانی تری پیشەکان وەک "پیشەگەر"، "تەکنیککاران و پیشەگەرە یاریدەدەرەکان" و "پیشەی سەرەتایی" لە بنەڕەتدا جێگیر بوون یاخود وەک "کارپێکەری کارگە و ئامێرەکان و پێکەوەنەرەکان" و "پیشەکانی هێزە چەکدارەکان" لەو ماوەیەدا تووشی هەڵبەز و دابەز هاتوون.

شێوەی 12. دابەشبوونی پیشەیی کارکردن لە کاری سەرەکی بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 - 2021




**سەرچاوەکان**: داتاکانی ساڵانی 2012 و 2015: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هێزی کار، ڕاپۆرت. https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force؛ 2013، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a121.pdf؛ 2014، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a144.pdf؛ داتاکانی ساڵی 2021، ڕووپێوی هێزی کار لە عێراق، 2021.

**تێبینی**: [1]ڕەنگە بەهۆی "نازانم" یان پیشەی دیارنەکراو کۆی گشتی نەکاتە 100 لەسەد.

[12] داتای هاوتا لە ڕووپێوی دیمۆگرافی کە لە ساڵی 2017 (تشرینی یەکەم) کراوە، نەدۆزرایەوە. ئەو زانیاریانەی لە ڕووپێوەکەی ساڵی 2017 بە "پیشە" ناو نراون، لە ڕاستیدا تێکەڵەیەکن لە داتاکانی "کەرتی کارداری" و "هەڵومەرجی کارداری".

## • باری کارداری

باری کارداری، ئیشەکان بەپێی جۆری دەسەڵات و جۆری مەترسیی (risk) ئابووری پۆلێن دەکات. پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی بۆ باری کارداری بەپێی جۆری دەسەڵات ئەمانەی خوارەوە دەستنیشان دەکات: خاوەنکاران؛ کارکەری سەربەخۆ کە هیچ کاردارێکی نییە؛ گرێبەستی ناسەربەخۆ؛ کارداران و کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان.[13]

- **خاوەنکاران**، خاوەنی ئەو یەکە ئابوورییەن کە تێیدا کار دەکەن و چ لەسەر ئەرکی خۆیان یان بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی تر بەسەر چالاکییەکانیدا زاڵن و بە گوێرەی دەسەڵاتیان کەسێک یان چەند کەسێک کاردار دەکەن (لەوانەش ئەو کاردارانەی کە بە شێوەیەکی کاتی نائامادەن، جگە لە خۆیان و هاوبەشەکانیان و ئەوانەی یارمەتیی خێزانەکانیان دەدەن) بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام وەک کاردارێك کار بکات. پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی زیاتر ڕوونی کردۆتەوە کە: ئەگەر پێویست بکات تاقیکردنەوە بۆ ڕێکوپێکی بکرێت، ئەوا دەبێت بەو شێوەیە ڕاڤە بکرێت کە لە ماوەی لێڤەگەڕدا و بە لای کەم دوو هەفتە لە سێ هەفتەی ڕاستەوخۆ بەر لە ماوەی لێڤەگەڕ بە لای کەم کاردارێکی هەبوو بێت، تەنانەت ئەگەر یەک کاردار یان زیاتر تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت کاریان کردبێت.

- **ئەوانەی بۆ خۆیان کار دەکەن و هیچ کاردارێکیان نییە**، بە تەنیا یان بە هاوبەشی لەگەڵ کەسانی تردا یەکەیەکی ئابووری بەڕێوە دەبەن، هەروەها هیچ کەسێک کاردار ناکەن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام وەك کاردارێك لە یەکە ئابوورییەکەیاندا کار بکات، جگە لە خۆیان و هاوبەشەکانیان و کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان.

- **بەڵێندەرانی ناسەربەخۆ**، ئەو کارکەرانەن کە ڕێوشوێنەکانی گرێبەست بە سرووشتێکی بازرگانییان هەیە (بەڵام گرێبەستی کارکردنیان نییە) بۆ دابینکردنی کاڵا یان خزمەتگوزاری بۆ یان لە ڕێگەی یەکەیەکی تری ئابووری. ئەوان لەو یەکە ئابوورییەدا کاردار نین، بەڵام بۆ ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کارەکەیان، داهاتیان، یان بۆ دەستگەیشتن بە بازاڕ پشت بەو یەکەیە دەبەستن. ئەوان ئەو کارکەرانەن کە بۆ قازانج کاردار کراون، ئەوانە پشت بە یەکەیەکی تر دەبەستن کە کۆنترۆڵی چالاکییەکانی بەرهەمهێنانیان دەکات و ڕاستەوخۆ سوود لەو کارە وەردەگرێت کە لەلایەن ئەوانەوە ئەنجام دراوە.

- **کارداران**، ئەو کەسانەن کە لە بەرامبەر پێدان، بە شێوەیەکی فەرمی یان نافەرمی لە کاردان، کۆنترۆڵی ئەو یەکە ئابوورییە ناکەن کە تێیدا کاردار کراون. ئەوان بۆ ئەو کاتەی کە کاریان کردووە یان لە هەندێک حاڵەتدا بۆ هەر ئەرکێک یان بەشە کارێک کە جێبەجێ کراوە یان بۆ ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش کراون کە فرۆشتنیش دەگرێتەوە (بە بەشێك یان حەقدەست (کۆمیسیون)) بە پارە یان بەرامبەرێك پاداشت دەکرێن. پارەدان لە بەرامبەر ئەو کاتەی کە کاری تێدا کراوە شێوازی ئاسایی پاداشتکردنە. پێدانی شتێك (جگە لە پارە) بە گشتی لە شێوەی کاڵادا وەردەگیرێت. کاتێک کە پێدان لە شێوەی خزمەتگوزاری وەردەگیرێت، ئەوە بەگشتی تەواوکەری پێدانی پارەیە بە نەخت.

- **کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان**، یارمەتیی ئەندامێکی ماڵ یان ئەندامێکی خێزان دەدەن لە پرۆژەیەکی بازرگانیی ئاراستە-بازاڕ کە لەلایەن ئەندامی ماڵەکە یان خێزانەکە بەڕێوە دەبردرێت، یان لە کارێکدا کە ئەندامە یارمەتیدراوەکەی ماڵەکە یان خێزانەکە کاردار یاخود بەڵێندەرێکی ناسەربەخۆ بێت. ئەوان لە بەرامبەر ئەو کارەی کە ئەنجامیان داوە، بە

[13] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی بۆ باری کارداری بەپێی جۆری دەسەڵات (ICSE-18A)، *بڕیارنامەی پەیوەست بە ئامارەکانی تایبەت بە پەیوەندییەکانی کار*، 20 ـەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار، جنێف، 10-19 تشرینی یەکەمی 2018.

شێوەیەکی ڕێکوپێک پێدان، وەک کارانە یان مووچە، وەرناگرن، بەڵام لەوانەیە قازانجێکی نانەختینەییان دەست بکەویت یان بە شێوەیەکی نارێك پێدانێکی نەختینەیی وەک بەرەنجامی کارەکەیان وەربگرن کە لە ڕێگەی خێزان یان حەواڵەکردنەکانی نێو خێزان، کە لە قازانجی پرۆژە بازرگانییەکە یان لە داهاتی کەسێکی ترەوە هاتووە. ئەوان بڕیارە هەرە گرینگەکان کە کاریگەرییان لەسەر پرۆژە بازرگانییەکە هەیە یان دەبنە هۆی بەرپرسیارێتیی، نادەن.

خشتەی 7 دابەشبوونی ڕێژەی سەدیی کەسانی کارکەر بەپێی باری کارداری لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان پێشان دەدات و لەگەڵ داتا هاوتاکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بەراورد دەکات. ئەم ئەنجامانە لەسەر بنەمای پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پێشوو، واتە ICSE-93 [14]، لە وەڵامەکانی پرسیاری تایبەت بە باری کارداری دەست کەوتوون. بەپێی ئەم ئەنجامانە، زیاتر لە دوو لەسەر سێی کەسانی کاردارکراو لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 68.7) کاردار بوونە، یان بەرامبەر پێدانێك شاگردییان کردووە، یان لە کاری سەرەکییاندا خەریکی ڕاهێنان بوونە. نزیکەی لەسەدا 22.0 ئەوانە بوون کە بۆ خۆیان کاریان کردووە و کارداریان نەبووە، و ئەوانەی ماونەتەوە بە شێوەیەکی نزیك لە یەکسان خاوەنکار (لەسەدا 4.7) و کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان (لەسەدا 4.6) بوونە. داتاکان دەردەخەن کە پێکهاتەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان بەپێی باری کارکردن بە نزیکەیی هاوشێوەیە لەگەڵ پێکهاتەی کارکردن لە وڵات بە گشتی.

**خشتەی 7. کەسانی کاردار بەپێی باری کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق ڕووپێوی هێزی کار 2021، ئەنجامەکان پشتیان بە پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ISCE-93 [1] بەستووە**

| باری کارداری لە کاری سەرەکی | هەرێمی کوردستان (%) | عێراق (%) |
|---|---|---|
| کۆی گشتی [2] | 100.0 | 100.0 |
| کاردارەکان | 68.7 | 68.6 |
| خاوەنکارەکان | 4.7 | 4.5 |
| ئەوانەی بۆ خۆیان کاردەکەن (کاردارییان نییە) | 22.0 | 22.3 |
| کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان | 4.6 | 4.7 |


تێبینییەکان: [1] ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، پۆلێنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ باری کارداری، ISCE-93، کە لە پازدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار لە 1993، پەسەندکرا.
[2] ڕەنگە بەهۆی هەڵەکانی نزیک کردنەوە کۆی گشتی نەکاتە 100 لە سەد.

داتا جیاکراوەکان بەپێی نێر و مێ بەجیا، کە لە شێوەی 13 پێشان دراون، ئاماژە بەوە دەدەن کە تاڕادەیەک ئافرەتان زیاتر لە کارە ناسەربەخۆکاندا کاریان کردووە، وەک کاردار (لەسەدا 74.9) یان وەک کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان (لەسەدا 10.1)، بەراورد بە پیاوان وەک کاردار (لەسەدا 67.5) یان وەک کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان (لەسەدا 3.6). لە بەرامبەردا، کارکردنی پیاوان تاڕادەیەک زیاتر وەک خاوەنکار (لەسەدا 5.5) یان وەک کارکردن بۆ خۆی (لەسەدا 23.3) بووە بەراورد بە ئافرەتان وەک خاوەنکار (لەسەدا 0.1) یان وەک کارکردن بۆ خۆی (لەسەدا 14.9) . داتاکان بەنزیکەیی هەمان نوێنەکیان لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی پێشان دا. بەڵام، بۆ ئەوانەی بۆ خۆیان کار دەکەن، جیاوازییەکی بەرچاو

[14] ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، پۆلێنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ باری کارداری، ICSE-93، کە لە پازدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار لە 1993، پەسەندکرا.

لە پشکی مێینە هەیە، کە لە ئاستی نیشتمانی لەسەدا 7.8 بووە بەڵام لە هەرێمی کوردستان نزیکەی دوو ئەوەندەی ئەو ڕێژەیە بووە، واتە لەسەدا 14.9. ڕەنگە بە بەکارهێنانی داتای پۆلێنکراوی باری کارداری بەپێی ڕەگەز و ئاستی خوێندن، کە بەشێکیان لە هاوپێچە ئامارییەکەدا هاتووە شیکردنەوەی زیاتر بۆ ئەم بابەتە بکرێت.

**شێوەی 13. پشکی کارداریی نێر و مێ بەپێی باری کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021، ئەنجامەکان پشتیان بە ISCE-93[1] بەستووە**





تێبینی: [1] ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، پۆلێنی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بۆ باری کارداری، ISCE-93، کە لە پازدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کار لە 1993، پەسەندکرا.

شێوەی 14 پەرەسەندنی پێکهاتەی کارداری بەپێی باری کارداری لە کاری سەرەکیدا لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 2012 تا 2021 پێشان دەدات. داتای هاوتا بۆ 2012، 2013، 2014 و 2015 لە ئەنجامە بڵاوکراوەکانی ڕووپێوەکانی هێزی کار وەرگیراوە کە لەو ساڵانەدا ئەنجامدراون[15]. داتاکان دابەزینی گشتیی پشکی کارداران لە کۆی گشتیی کارداری لە کاری سەرەکی پێشان دەدەن لە لەسەدا 72.0 لە ساڵی 2012، بۆ لەسەدا 71.0 لە ساڵی 2015 و بۆ لەسەدا 68.7 لە ساڵی 2021، دوای ئەوەی لە ساڵانی 2013 و 2014 بۆ ماوەیەکی کورت بەرز ببووەوە. پشکی خاوەنکارەکان لە کۆی گشتیی کارداری لە کاری سەرەکی بە شێوەیەکی ڕێک دابەزیوە، لە لەسەدا 7.8 لە 2012، بۆ لەسەدا 5.9 لە 2013، لەسەدا 5.7 لە 2014 و 2015، و لەسەدا 4.7 لە 2021. لە بەرامبەردا، پشکی ئەوانەی بۆ خۆیان کار دەکەن لە کۆی کارداری لە کاری سەرەکیدا بە شێوەیەکی گشتی لە سەدا 18.8 لە 2012، بۆ لەسەدا 21.0 لە 2015 و بۆ لەسەدا 22.0 لە 2021 بەرزبۆتەوە، دوای ماوەیەکی کورت لە دابەزین لە 2013 و 2014. پشکی کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان لە کۆی گشتیی کارداری لە کاری سەرەکیدا بە شێویەکی گشتی لە لەسەدا 1.2 لە 2012، 2013 و 2014 بۆ لەسەدا 2.3 لە 2015 و بۆ

[15] هەروەها ڕووپێوی دیموگرافی کە لە ساڵی 2017 لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ کرا، داتاو زانیاری تایبەت بە باری کارکردن لە کاری سەرەکیدا دەستەبەر دەکات بەڵام سنووردارە بە دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 بۆ 64 ساڵ و توێژی ناستانداردی بەکار هێناوە کە بەراوردکردن بەپێی زنجیرەکانی کات قورس دەکات. ئەنجامەکان بۆ کۆی گشتی دانیشتوانی دەرەوەی کەمپەکان لە هەرێمی کوردستانبریتین لە: کارکەران لە کەرتی گشتی (لەسەدا 75.7)؛ کارکەران لە کەرتی تایبەت (لەسەدا 6.3)؛ خاوەنکارەکان (لەسەدا 1.0)؛ ئەوانەی بۆخۆیان کار دەکەن (self-emplyed) (لەسەدا 5.5)؛ ئەوانەی بە کارانەی ڕۆژانە کار دەکەن (لەسەدا 1.8)؛ ئەندامانی خێزان کە بێ مووچە کار دەکەن (لەسەدا 8.9)؛ و کرێکارانی ناوماڵ (لەسەدا 0.8).

لەسەدا 4.6 لە 2021 بەرز بووەتەوە. تا ئەو ئاستەی کە بۆخۆکارکردن و بەشداریکردن لە کاری خێزانی دەرخەری لەرزۆکی (vulnerability) و ڕووبەڕووبوون لەگەڵ مەترسییە جۆراوجۆرەکانی کاردارین[16]، ئەو ئەنجامانەی کە لە شێوەی 14 پێشان دراون ئاماژەن بۆ زیادبوونی کارداریی لەرزۆك لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 2012-2021. ڕەنگە ئەم بابەتە دواتر لەم بەشەدا لەڕووی نافەرمیبوونی کارداری بە وردی دیراسە بکرێت.

**شێوەی 14. باری کارکردن لە کاری سەرەکیدا لەسەربنچینەی ISCE-93 بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 – 2021**




**سەرچاوەکان**: داتاکانی ساڵانی 2012 و 2015: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هێزی کار، ڕاپۆرت. https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force؛ 2013، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a121.pdf؛ 2014، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a144.pdf؛ داتاکانی ساڵی 2021، ڕووپێوی هێزی کار لە عێراق، 2021.

**تێبینییەکان**: [1] ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، پۆلێنی نێودەوڵەتیی ستانداردەکانی باری کارداری، ISCE-93، کە لە پازدەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارزانانی کارلە 1993 پەسەندکرا.
[2] ڕەنگە بەهۆی هەڵەکانی نزیک کردنەوەوە یان بارودۆخی تری نادیار، کۆی گشتی نەکاتە 100 لە سەد.

## • کەرتی کارداری

خشتەی 8 دابەشبوونی ڕێژەی سەدیی کەسانی کاردارکراو بەپێی کەرتی کارکردن لە کاری سەرەکیدا لە هەرێمی کوردستان پێشان دەدات و لەگەڵ داتا هاوتاکانی لەسەر ئاستی نیشتیمانی بەراورد دەکات. داتاکان دەردەخەن کەمێک زیاتر لە یەک لەسەر سێی کارداری لە کەرتی گشتی (حوکومی) بووە (لەسەدا 38.4). بەپێی ئەم ئەنجامانە، پشکی کارداری لە کەرتی تایبەت نزیکەی لەسەدا 60.6 بووە، ئەو پشکانەشی ماونەتەوە بە سەر خێزانەکان (لەسەدا 0.1)، دامەزراوە قازانج نەویستەکان (لەسەدا 0.7) و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان (لەسەدا 0.2) دابەش بوونە. وا دیارە لە دانانی پرسیارنامەی ڕووپێوی هێزی کار، "کەرتی تایبەت" زیاتر کۆمپانیا تایبەتەکان و هاوشێوەکانی کۆمپانیاکانی لەخۆ گرتووە، هەروەها کۆمپانیا تۆمارنەکراوەکانی لەخۆگرتبوو کە لە بنەڕەتدا پێویست بوو وەک بەشێک لە "کەرتی خێزان" هەژمار بکرێن.


[16] https://databank.worldbank.org/metadataglossary/world-development-indicators/series/SL.EMP.VULN.ZS

**خشتەی 8. کەسانی کاردارکراو بەپێی کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی | هەرێمی کوردستان (%) | عێراق (%) |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 100.0 | 100.0 |
| حوکوومی | 38.4 | 37.9 |
| تایبەت | 60.6 | 61.6 |
| خێزانەکان | 0.1 | 0.1 |
| دامەزراوە قازانج نەویستەکان | 0.7 | 0.3 |
| دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان | 0.2 | 0.1 |

گرینگە لە داتا جیاکراوەکان بەپێی ڕەگەز، کە لە شێوەی 15 خراونەتەڕوو، سەرنج بدرێت کە ئافرەتان بە شێوەیەکی ناهاوسەنگ لە کەرتی گشتیدان (لەسەدا 64.8) بەراورد بە پیاوان (لەسەدا 33.5). بە پێچەوانەوە، پیاوان زیاتر لە کەرتی تایبەتدا لە کاردان بە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر (لەسەدا 65.6) بەراورد بە ئافرەتان (لەسەدا 33.5). جیاوازیی ڕەگەزەکان لە کەرتەکانی تری کارکردندا زۆر کەم و بچووکە. لە ئاستی نیشتمانیشدا هەمان نوێنەکی هاوشێوە بیندرا.


**شێوەی 15. پشکی کارداریی نێر و مێ بە گوێرەی کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**




شێوەی 16 گۆڕانی پشکی کارداری لە کەرتی گشتی و تایبەتی لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو (2012–2021) پێشان دەدات. داتاکانی تایبەت بە ساڵانی 2012 و 2013 و 2014 و 2015 لە ئەنجامە بڵاوکراوەکانی ڕووپێوەکانی هێزی کار کە لەم ساڵانەدا ئەنجام دراون، وەرگیراون. بەپێی ئەو داتایانەی کە لە شێوەی 16 پێشان دراون، پشکی کەرتی گشتی لە کارداری بە شێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە کە لە سەدا 50.5 لە ساڵی 2012 بۆ لەسەدا 38.4 لە ساڵی 2021 دابەزیوە دوای ئەوەی لە ساڵانی 2013 و 2014 و 2015 بۆ ماوەیەک بەرزبۆتەوە. بە هەمان شێوە، پشکی کەرتی تایبەت لە کارداری بە گشتی لە سەدا 48.6 لە ساڵی 2012 بەرزبووەتەوە بۆ لەسەدا 60.6 لە ساڵی

2021، دوای دابەزینێکی کەم لە ساڵانی 2013 و 2014 و 2015. داتاکانی پشکی کەرتی گشتی لە کارداری لە ساڵانی 2012-2015 بریتین لە، حکومەت (لەسەدا 50.5 لە ساڵی 2012 و لەسەدا 52.5 لە ساڵی 2015)، کۆمپانیای گشتی (لەسەدا 0.8 لە ساڵی 2012 و لەسەدا 0.57 لە ساڵی 2015) و کۆمپانیای تێکەڵاوی گشتی و تایبەت (لەسەدا 0.7 لە ساڵی 2012 و لە ساڵی 2015 لەسەدا 1.6).

**شێوەی 16. کەرتی کارداری لە کاری سەرەکی بە تێپەڕبوونی کات، هەرێمی کوردستان، 2012 - 2021**




**سەرچاوەکان**: داتاکانی ساڵانی 2012 و 2015: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هێزی کار، ڕاپۆرت.
https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force؛ 2013، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a121.pdf؛
2014، https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/a144.pdf؛ داتاکانی ساڵی 2021، ڕووپێوی هێزی کار لە عێراق، 2021.
**تێبینی**: [1] ڕەنگە بەهۆی هەڵەکانی پەیوەست بە وەڵامەکانی (نازانم) یان نزیک کردنەوە، کۆی گشتی نەکاتە 100 لە سەد.

## • نافەرمیبوونی کارداری

نافەرمیبوونی کارداری دەتوانرێت هەم لە ڕووی تایبەتمەندیی جۆری کاری کەسی کاردار پێناسە بکرێت (کارداریی نافەرمی)، هەم لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی ئەو دامەزراوەیەی کە کەسەکە تێیدا کار دەکات (کەرتی نافەرمی). کارداری لە کەرتی نافەرمی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە یەکەکانی بەرهەمهێناندا سەرقاڵن و لە ئاستێکی نزمی دامەزراوەکەدا کاردەکەن، لەگەڵ نەبوون یان هەبوونێکی کەمی دابەشبوون لەنێوان کار و سەرمایە وەک هۆکارەکانی بەرهەمهێنان.[17] ئەمانە بەگشتی کۆمپانیای تۆمارنەکراون و لەسەر ئاستی نیشتمانی تۆمار نەکراون، هیچ تۆمارێکی ژمێرکاریان نییە یان پێویست ناکات هەیانبێت بۆ ئەوەی بیدەن بە حکومەت، هەروەها زۆربەی جار هیچ کاردارێکیان نییە یان بە ژمارەیەکی کەم لە کاردار، بە شێوەیەکی ئاسایی کاردەکەن. لە بەرامبەردا، کارداریی نافەرمی ئاماژەیە بۆ جۆری پەیوەندیی کارداری لەگەڵ خاوەنی کارەکە.[18] لە حاڵەتی خاوەنکاران و ئەوانەی بۆ خۆیان کار دەکەن، نافەرمیبوونی کارەکەیان هاوتایە لەگەڵ نافەرمیبوونی یەکەکانی بەرهەمهێنانیان. سەبارەت بە کارداران، جۆری پەیوەندیی کارداری لەڕووی دابینکردنی

[17] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *بڕیارنامەی پێوانەکردنی کار لە کەرتی نافەرمی*، 15 یەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار (ICLS)، جنێڤ، 1993.
[18] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *ڕێنوێنییەکانی تایبەت بە پێناسەیەکی ئاماری بۆ کارێکی نافەرمی*، حەڤدەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 2003.

دەستەبەری کۆمەڵایەتی یان هەندێک لە شایستەکانەوە، بە تایبەت مۆڵەتی بەپێدانی ساڵانە یان نەخۆشی، پێناسە دەکرێت. لە کۆتاییدا، هەموو کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان وا پۆلێن کراون کە کارداریی نافەرمییان هەیە، بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئایا لە کۆمپانیاکانی کەرتی فەرمی یان نافەرمی کار دەکەن.

خشتەی 9 کارداری لە ڕووی هەردوو چەمکی نافەرمیبوون پۆلێن دەکات. ڕیزەکان، کارداری لە ڕووی تایبەتمەندییەکانی یەکەکانی بەرهەمهێنان (کەرتی نافەرمی، کەرتی فەرمی، و ئەو خێزانانەی ئەو کەسانە لە خۆ دەگرن کە ناتوانرێت وەك کەرتی نافەرمی یان فەرمی پۆلێن بکرێن، بۆ نموونە کارکەرانی ناوماڵ و ئەو کارکەرانەی سەرقاڵی کاری بەرهەمهێنانن بۆ بەکارهێنانی خۆیی) پۆلێن دەکەن. ستوونەکان، کارداری لەڕووی تایبەتمەندییەکانی ئیشەکانەوە (کارداریی نافەرمی و فەرمی) پۆلێن دەکەن. ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدەن کە نزیکەی 521,400 کەس لە کاری سەرەکی لە کەرتی نافەرمی لە کاردان، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 36.5 لە کۆی گشتیی کارداری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021. ئەمەش بەهایەکی زۆر کەمترە لەوەی کە لە دۆخی عێراق بە گشتی هەیە کە پشکی کارداری لە کەرتی نافەرمی لە ساڵی 2021 نزیکەی لەسەدا 54.8 بووە.

**خشتەی 9. پۆلێنکردنی دوولایەنەی کارکردن لە کاری سەرەکی بەپێی جۆری ئیش و جۆری یەکەی بەرهەمهێنان، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021**


| جۆری یەکەی بەرهەمهێنان | جۆری ئیش | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | نافەرمی | فەرمی | |
| کەرتی نافەرمی | 521,400 | 0 | 521,400 |
| کەرتی فەرمی | 410,900 | 493,300 | 904,100 |
| خێزانەکان (وەک کارکەرانی ناوماڵ و ئەو کارکەرانەی سەرقاڵی بەرهەمهێنانن بۆ بەکارهێنانی خۆیی) | 2,200 | 100 | 2,300 |
| کۆی گشتی | 934,400 | 493,400 | 1,427,800 |

هەروەها ئەنجامەکانی خشتەی 9 دەردەخەن کە ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئیشە نافەرمییەکان کاریان کردووە 934,400 کەس بوونە، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 65.4 لە کۆی کارداری، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکسانە بە ڕێژەی عێراق بە گشتی کە پشکی کارداریە نافەرمییەکان لە کۆی کارداری بریتییە لە نزیکەی لەسەدا 66.6. هەروەها خشتەی 9 دەردەخات کە کەس نەبووە یان ژمارەیەکی زۆر کەم کەس هەبوونە کارداریی فەرمییان هەبوویێت و لە کەرتی نافەرمیدا کاریان کردبێت (کەمتر لە 100 کەس). لە بەرامبەردا ژمارەیەکی بەرچاو لەو کەسانە هەبوون کە کارداریی نافەرمییان لە کەرتی فەرمیدا هەبووە (410,900 کەس). نموونەی ئەم توێژە ئەو کاردارکراوانەن کە لە کۆمپانیایەکی گەورەی تایبەت یان دەزگایەکی حکومیدا کاردەکەن، بە گرێبەستی کورتخایەن بەبێ پێدانی بەشدارییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەلایەن خاوەنکارەوە. ڕێژەی ئەو کەسانەی لەم جۆرە بارودۆخەدان، لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرزترە (لەسەدا 28.8) لەو ڕێژەیەی لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی هەیە (لەسەدا 11.8).

شێوەی 17 پشکی کارداریی نافەرمی بۆ گرووپە تایبەتەکانی دانیشتوانی کاردارکراو لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە عێراق بە گشتی پیشان دەدات. ڕەنگە داتاکان، کە لە ڕووی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و لقە فراوانەکانی چالاکیە ئابوورییەکان خراونەتە ڕوو، وەک مەترسییە جیاوازەکانی بەشداربوونی توێژە دیارکراوەکانی دانیشتوان لە ئابووریی نافەرمیدا ڕاڤە

بکرێن. داتاکانی هەرێمی کوردستان (لە بەشی ڕاست) نوێنەکێکی هاوشێوەی عێراق بە گشتی (لە بەشی چەپ) پێشان دەدەن. لە هەردوو حاڵەتدا، ئەگەری سەرقاڵبوون لە کارداریی نافەرمی لەناو پیاوان زۆرترە وەک لەناو ژنان، زۆرترە بۆ ئەو کەسانەی کە ئاستی خوێندنیان نزمترە بەراورد بەوانەی خوێندنی باڵایان هەیە، زۆرترە بۆ پیشەسازی بەراورد بە خزمەتگوزارییەکان. جیاوازیەکی بەرچاویش لە کەرتی کشتوکاڵ دەبینردرێت. کارکردنی نافەرمی لە چالاکییە کشتوکاڵییەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی نزیکە لە 100 لەسەدا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نزیکە لە لەسەدا 65.4.

**شێوەی 17. پشکی کارداریی نافەرمی لە کۆی گشتیی کارداری بۆ گرووپە تایبەتەکانی دانیشتوانی کاردارکراو، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**





<u>تێبینییەکان</u>: [1] خوێندنی سەرەتایی، قۆناغی سەرەتایی و خوارتر دەگرێتەوە (بێ بڕوانامە، نەخوێندەوار یان تەنیا دەتوانێت بخوێنێتەوە یان دەتوانێت بخوێنێتەوە و بنووسێت)؛ خوێندنی ناوەندی، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دەگرێتەوە؛ خوێندنی باڵا، دبلۆم و زانکۆ و سەرووتر دەگرێتەوە.

[2] کشتوکاڵ، بەشی کشتوکاڵ، دارستان، و بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی لەخۆدەگرێت؛ پیشەسازی بریتییە لە کانزاکان و دەرهێنانی بەرد؛ بەرهەمهێنان؛ دابینکردنی کارەبا، گاز، هەڵم و هەواگۆڕکێ؛ دابینکردنی ئاو، ئاوەڕۆ، بەڕێوەبردنی پاشماوە و چالاکییەکانی چاککردنەوە؛ و بیناسازی؛ خزمەتگوزارییەکان بریتین لە بازرگانیی تاک و کۆ، چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبێل و ماتۆڕسیکل و لقەکانی تری چالاکییە ئابوورییەکان.

پشکی کارداریی نافەرمی لە کارداریی ناکشتوکاڵیدا نیشاندەری 8.3.1 لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامە (SDG 8.3.1). ئەمە بە ڕێژەی دابەشکردنی کارداریی نافەرمی لە چالاکییە ناکشتوکاڵییەکان بەسەر کۆی کارداری لە چالاکییە ناکشتوکاڵییەکان پێناسە کراوە. شێوەی 18 بەهاکان بەپێی ڕەگەز بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەروەها بۆ عێراق بە گشتی دەخاتە ڕوو. بەشی چەپ لە شێوەکە ئەنجامەکانی هەردوو ڕەگەزەکە بەیەکەوە دەدات. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە پشکی کارداریی نافەرمی لە کۆی گشتیی کارداریی ناکشتوکاڵیدا بەنزیکەی هەمان ڕێژە بووە چ لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 63.1) و چ لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی (لەسەدا 62.9). ئەو پارێزگایەی لە هەرێمی کوردستان زۆرترین پشکی کارداریی نافەرمیی لە چالاکییە ناکشتوکاڵییەکاندا هەبووە، پارێزگای هەولێرە (لەسەدا 76.6) و دواتر سلێمانی (لەسەدا 56.8) و دهۆک (لەسەدا 52.7). هەڵەبجە کەمترین پشکی کارداریی نافەرمیی هەبووە لە کۆی گشتیی کارداریی ناکشتوکاڵیدا (لەسەدا 47.5). بەشی ڕاستی شێوەکە ئەنجامەکانی نێر و مێ بە جیا پێشان دەدات. داتاکان دەردەخەن کە پشکی کارداریی نافەرمی لە کۆی کارداریی ناکشتوکاڵیدا لەنێو پیاوان زیاترە بەراورد بە ئافرەتان لە هەریەک

لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها لە عێراق بە گشتی. بەڵام جیاوازی نێو ڕەگەزەکان لە هەرێمی کوردستان بەرتەسکتر بوو وەک لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی.

**شێوەی 18. پشکی کارداریی نافەرمی لە کۆی کارداریی ناکشتوکاڵی بەپێی ڕەگەز و پارێزگا، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**




تێبینی: نیشاندەری 8.3.1 لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، ڕێژەی کارداریی نافەرمی لە کاری ناکشتوکاڵیدا، بەپێی ڕەگەز: سەرە = کۆی کارداریی نافەرمی لە چالاکییە ناکشتوکاڵییەکان؛ ژێرە = کۆی گشتیی کارداری لە چالاکییە ناکشتوکاڵییەکان.

بەراوردکردنی بە تێپەڕبوونی کات ئەستەمە چونکە داتا بڵاوکراوەکان لەسەر جۆری کارداریی نافەرمی یان فەرمی تەنیا بۆ ساڵی 2012 بەردەستە و هیچ پێناسەیەک بۆ چەمکە بنەڕەتییەکان نەکراوە. ڕوون نییە کە ئایا مەبەست لە کارداریی نافەرمی دەگەڕێتەوە بۆ نافەرمیبوونی کارەکان یان نافەرمیبوونی یەکەکانی بەرهەمهێنان. ڕاپۆرتەکەی ساڵی 2012 ئەم ڕێژانەی خوارەوەی کارداریی نافەرمی بۆ هەرێمی کوردستان (لەسەدا 48.2) و بۆ پارێزگاکانیش خستۆتە ڕوو: هەولێر (لەسەدا 46.5)؛ سلێمانی (لەسەدا 48.8)، و دهۆک (لەسەدا 49.9).[19] ڕاپۆرتەکە زانیاریی زیاتر لەسەر کارداریی نافەرمی و فەرمی بەپێی ڕەگەز و شوێنی دانیشتوان لە ڕووی شارنشین/گوندنشین دەخاتە ڕوو.

## • کاتی کارکردن و داهاتی کارداری

کارداری چەمکێکی فراوانە و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بۆ پێدان یان قازانج بۆ ماوەی بە لای کەم یەک کاتژمێر کاریان کردووە و هەروەها ئەوانەش کە بۆ چەندین کاتژمێر کاریان کردووە. بە هەمان شێوە، کارداری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە پێدانێکی زۆر کەمیان وەرگرتووە و هەروەها ئەوانەش کە پێدانی زۆریان وەرگرتووە. لەبەر ئەمە گرینگە لەڕووی کاتی کارکردن و داهاتی کارداری شیکردنەوە بۆ دانیشتوانی کاردار بکرێت، بۆ ئەوەی چرییە جۆراوجۆرەکانی کارکردن جیا

[19] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، *ڕاپۆرتی هێزی کار بۆ هەرێمی کوردستان 2012*، شێوەی (14)، ل. 18. داتاکانی هەڵەبجە بەجیا ڕاپۆرت نەکراوە.

بکرێنەوە و هەروەها لەنێوان توێژە جیاوازەکانی کەسانی کاردار جیاوازی بکرێت. لێرەدا داتاکانی ڕووپێوەکە شی کراونەتەوە لە ڕووی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی (فیعلییەکانی) کارکردن لە کاری سەرەکی، نائامادەبوونی کاتی لە کار، کەسانی خاوەن چەند کار، کەسانی کاردار کە کاتژمێری کەم کاردەکەن و ئەوانەش کە کاتژمێری زۆر کار دەکەن، هەروەها باری کەسانی کاردار لە ڕووی تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر و کاردارانی خاوەن تێکڕای پێدانی نزم.

## - کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن

کاتی کارکردن (واتە کاتژمێرەکانی کارکردن) ئەو کاتەیە کە پەیوەستە بە چالاکییەکانی کارکردن لە هەموو شێوەکانی کاردا (کاری کارداری، کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی خۆیی، کاری خۆبەخشانە و کاری بێبەرامبەر بۆ فێربوون). ئامارەکان لەبارەی کاتی کارکردن بۆ شیکردنەوەی هەردوو پرسی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەسوودن، بە تایبەتی بۆ هەژمارکردنی هاتنەناوەوەی هێزی کار و بەرهەمداربوونی هێزی کار پەیوەست بە سنووری بەرهەمهێنانی ***SNA*** (سیستمی ژمێریاریی نەتەوەیی)، و بۆ پێوانەکردنی کارداریی نیوەچڵێی پەیوەست بە کات، ڕێژەکانی کارانە، ڕێژەکانی زیاندیتنی پیشەیی و نیشاندەرەکانی تری کاری شیاو. پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ئێستا حەوت چەمکی کاتی کارکردن دەناسێنن، کە هەر یەکێکیان خزمەت بە ئامانجێکی دیارکراو دەکات.[20] ئەم چەمکانە بریتین لە کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن و کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن، هەروەها کارکردن بە کاتژمێر، کاتژمێرە گشتییەکانی کارکردن، کاتژمێرەکانی کارکردن بەپێی گرێبەست، کاتژمێرەکانی کاری زێدەکی و نائامادەبوون لە کاتژمێرەکانی کارکردن کە بە بەکارهێنانی سەرچاوەی تری داتا ئەژمار کراوە.

ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە دەردەخەن کە تێکڕای کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە هەفتەیەک لە کاری سەرەکیدا لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 نزیکەی 44.3 کاتژمێر بووە، کە نزیکەی دوو کاتژمێر لە هەفتەیەکدا زۆرترە لە ژمارەی هاوتا لە عێراق بە گشتی (42.2 کاتژمێر). لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی، تێکڕای کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا لە کاری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان بۆ پیاوان (46.8 کاتژمێر) زۆر لە ئافرەتان (30.2 کاتژمێر) بەرزترە. تێکڕای ژمارەی کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕدا لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 38.7 کاتژمێر بووە، کە لە بنەڕەتدا لەسەر ئاستی عێراقیش نزیکەی هەمان ماوەی کارکردن هەیە (39.0 کاتژمێر).


هۆکاری سەرەکیی بەرزتربوونی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە یەک هەفتەدا لە کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕدا، دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەبوونی کاتی لە کار. نائامادەبوونی کاتی لە کار دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی لە کاردارین و لە هەفتەی لێڤەگەڕدا بەهۆی پشوو یان مۆڵەتی ساڵانە، مۆڵەتی نەخۆشی یان زیاندیتن بۆ خۆی، یان کەمبوونەوەی چالاکیی ئابووری یاخود بە هۆکاری هاوشێوە، کاریان نەکردووە. نزیکەی 145,600 کەس، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 10.2 لە دانیشتوانی کاردار لە ماوەی ڕووپێوەکەدا لەم بارودۆخەدا بوونە، لەگەڵ جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان پیاوان (لەسەدا 7.4) و ئافرەتان (لەسەدا 25.5). داتا هاوتاکان لەسەر ئاستی عێراق بریتی بووە لە لەسەدا 3.5 بۆ هەردوو ڕەگەز، و لەسەدا 2.6 بۆ پیاوان و لەسەدا 10.2 بۆ ئافرەتان.

شێوەی 19 تێکڕای کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا و تێکڕای کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لەو هەفتەیەدا بەپێی لقی چالاکیی ئابووری لە کاری سەرەکی دەخاتە ڕوو. دەتوانرێت ئەوە ببیندرێت کە کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن بە شێوەیەکی گشتی درێژترن لە کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن. هەروەها دەتوانرێت سەرنجی ئەوەش بدرێت

[20] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *بڕیارنامەی تایبەت بە پێوانەکردنی کاتی کارکردن*، هەژدەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 2008.

کە درێژترین کاتژمێرەکانی کارکردن، زیاتر لە 70 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، چ لە ڕووی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن و چ لە ڕووی کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن بێت، لە "کانزاکان و دەرهێنانی بەرد"، "چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان و دامودەزگاکانی دەرەوەی وڵات" و "ئەو چالاکییانەی کە خێزان تیایاندا خاوەنکارە، چالاکییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵا/خزمەتگوزارییە جیانەکراوەکانی خێزان بۆ بەکارهێنانی خۆیی" دەبیندرێن. دوایین توێژی ئاماژەپێدراو، کرێکارانی ناوماڵ و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵان بۆ بەکارهێنانی خۆیی. پەروەردە، ئەو لقی چالاکییە ئابوورییەیە کە کورتترین ماوەی کارکردنی هەبووە، چ لە ڕووی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن یاخود لە ڕووی کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن (لە هەفتەیەک 28.6 کاتژمێر بە شێوەیەکی ئاسایی کار کراوە و لە هەفتەی لیفەگەڕدا 18.4 کاتژمێری ڕاستەقینە کار کراوە. ئەم لقەی چالاکیی ئابووری ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە قوتابخانە، کۆلێژ، زانکۆ، و بەرنامەکانی ڕاهێنانی تەکنیکی و پیشەیی کاردەکەن و هەروەها ئەوانەش کە سەرقاڵی ناوەندەکانی پەروەردەی وەرزشی و کەلتوورین. ئەم کەسانە بەهۆی ساڵنامەی سیستەمی پەروەردە کە ساڵی خوێندن بەگشتی 8 بۆ 10 مانگە لە پائیز، زستان و بەهار و لە مانگەکانی هاویندا هیچ خوێندنێکیان نییە، کاتەکانی کارکردنیان کورتترە. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە وەڵامدەرەوەکانی ڕووپێوەکە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاماژە بە کاتی کارکردنیان لە شوێنی کارکردنیان دەدەن، و زۆرجار ئاماژە بەو کاتە ناکەن کە لە ماڵەوە بەسەری دەبەن بۆ ئامادەکردنی بابەتەکانی ناو پۆل و ڕاستکردنەوەی ئەرکەکانی پۆل و ڕاهێنانەکانی بابەتێک.

**شێوەی 19. کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە هەفتەیەک و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕلە کاری سەرەکی بەپێی لقی چالاکیی ئابووری، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**



### - فرەکاری

بەگشتی، ژمارەیەکی کەم لە خەڵک ئاماژەیان داوە کە زیاتر لە یەك کاریان هەیە. بەپێی ئەو ئەنجامانەی کە لە خشتەی 10 پێشان دراون، ژمارەی ئەو کەسانەی لە هەفتەی لێڤەگەڕدا ئاماژەیان داوە کە زیاتر لە کارێکیان هەیە بە 97,800 کەس خەمڵێندراوە، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 6.8 لە کۆی گشتیی کارداری لە هەرێمی کوردستان. ڕێژەی فرەکاری لەناو پیاوان زۆر بەرزترە (لەسەدا 7.7) بەراورد بە ئافرەتان (لەسەدا 2.1). هەروەها داتاکان پێشان دەدەن کە ڕێژەی فرەکاری لە هەرێمی کوردستان زۆر بەرزترە وەک لە عێراق بە گشتی.

خشتەی 10. فرەکاری بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار2021

| | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| لە دوو ئیش یان زیاتر کار دەکات (هەرێمی کوردستان) | 97,800 | 93,100 | 4,700 |
| کۆی گشتیی کاردارکراوان (هەرێمی کوردستان) | 1,427,800 | 1,207,100 | 220,700 |
| ڕێژەی فرەکاری (هەرێمی کوردستان) | 6.8% | 7.7% | 2.1% |
| ڕێژەی فرەکاری (عێراق) | 2.2% | 2.4% | 0.7% |

### - ماوەی کورت و درێژی کار

خشتەی 11 لە خوارەوە دابەشبوونی کەسانی کاردار بەپێی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە هەفتەیەک و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەکەدا لە هەموو کارەکان، بۆ ئافرەتان و پیاوان بە جیا، پێشان دەدات. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە زۆربەی ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان لە کاردارین هەفتانە لە نێوان 30 بۆ 59 کاتژمێر لە کارەکەیاندا کاریان کردووە (لەسەدا 55.0). ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی ماوەی کارکردنیان کورتە، واتە کەمتر لە 30 کاتژمێر لە هەفتەیەک کاریان کردووە، نزیکەی لەسەدا 19.3 بووە، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لەناو ئافرەتاندا بەرزتر بووە (لەسەدا 46.0) بەراورد بە پیاوان (لەسەدا 14.5). سەبارەت بە کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕ، ژمارە هاوتاکان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر بوون: لەسەدا 42.9 لە دانیشتوانی کاردار کەمتر لە 30 کاتژمێر لە هەفتەی لێڤەگەڕ کاریان کردووە، کە لە نێو ئافرەتان لەسەدا 75.3 و لە نێو پیاوان لەسەدا 36.9 بووە. وەک پێشتر ئاماژەی پێ دراوە، ڕەنگە ئەمە بەشێکی پەیوەست بێت بەو کەسانەی کە لە هەفتەی لێڤەگەڕدا بۆ ماوەیەکی کاتی لە کارەکانیان نائامادە بوونە و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردنیان لە هەفتەی لێڤەگەڕدا سفر بووە.

**خشتەی 11. دابەشبوونی کەسانی کاردار بەپێی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە یەک هەفتەدا و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕدا لە هەموو ئیشەکان بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021**

| % | کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە یەک هەفتەدا | | | کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕدا | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی | نێر | مێ | کۆی گشتی | نێر | مێ |
| کۆی گشتی | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 100.0 |
| کەمتر لە 30 کاتژمێر | 19.3 | 14.5 | 46.0 | 42.9 | 36.9 | 75.3 |
| 39 – 30 | 20.7 | 18.5 | 32.9 | 14.2 | 14.4 | 13.1 |
| 49 - 40 | 23.0 | 24.6 | 14.1 | 17.0 | 18.8 | 7.4 |
| 59 - 50 | 11.3 | 13.1 | 1.7 | 7.7 | 8.9 | 1.6 |
| 60 کاتژمێرو زیاتر | 25.6 | 29.3 | 4.8 | 18.1 | 21.0 | 2.7 |
| نازانم / نادیار | 0.1 | 0.0 | 0.4 | 0.0 | 0.0 | 0.0 |

لە لایەکی تری دابەشکردنەکەدا، ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە دەردەخەن کە نزیکەی لەسەدا 25.6 لە کارداران لە هەرێمی کوردستان کاتژمێرەکانی کارکردنیان زۆرە، سەرووی 60 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، ئەمە لەنێو پیاوان (لەسەدا 29.3) زۆر زیاترە بەراورد بە ئافرەتان (لەسەدا 4.8). بەهۆی ئەو هۆکارەی پێشتر ڕوونکرایەوە، تا ڕاددەیەک ئەنجامی کەمتر سەبارەت بە کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن بەدەست هاتوون. بە شێوەیەکی گشتی، وەک لە چوارچێوەی پێوەرەکانی کارکردنی شیاودا هاتووە، کارکردن بۆ ماوەی درێژ یان زیادەڕۆیی لە کاتژمێرەکانی کارکردن، بە مەترسییەک بۆ سەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونی دادەنرێت، هەروەها گرفتی هاوسەنگی لەنێوان ژیانی خێزانی و کاردا دروست دەکات و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان و زۆرجاریش ئاماژەیەکە بۆ پێدانی کەمتر لەبەرامبەر کاتژمێرێکی کارکردن.[21] زانیاریی زیاتر پەیوەست بە دابەشکردنی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە هەفتەیەک و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن لە هەفتەی لێڤەگەڕ لە هەموو کارەکاندا بەپێی ڕەگەز و بەپێی شوێنی نیشتەجێبوون لە شار و گوند و پارێزگا لە هاوپێچی ئاماریدا هاتووە.

نوێنەکەکانی ماوەی کارکردن کە لە هەرێمی کوردستان بینراون هاوشێوەی ئەوانە بوون کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی هەن، جگە لەو جیاوازییە کە لە هەرێمی کوردستان خەڵکێکی زۆرتر بۆ ماوەی درێژتر و کاتژمێری زۆرتر کار دەکەن وەک لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی. بۆ نموونە، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی سەدیی کاردارکراوەکان کە کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردنیان کەمە (کەمترە لە 30 کاتژمێر لە هەفتەی لێڤەگەڕ) لەسەدا 42.9 بووە لە بەرامبەر لەسەدا 32.1 لەسەر ئاستی نیشتیمانی. بە هەمان شێوە، لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی سەدیی کاردارکراوان کە کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردنیان زۆرە (60 کاتژمێر یان زیاتر لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕ) لەسەدا 18.1 بووە لە بەرامبەر لە سەدا 14.9 لەسەر ئاستی نیشتیمانی. جیاوازییەکی تر، ناهاوتاییە لەنێوان کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن و کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن. ئەم جیاوازییە لە هەرێمی کوردستان زۆر زەقترە وەک لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی.

[21] ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، *پێوانەکردنی کاری شایستە*، کۆنووسی گفتوگۆی کۆبوونەوەی سێ قۆڵیی پسپۆڕان سەبارەت بە پێوانەکردنی کاری شایستە، جنێف، 8-10 ئەیلوولی 2008.

دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییەکانی کاتژمێرەکانی کارکردن لە ماوەی چەند ساڵ لە هەرێمی کوردستان ئەستەمە چونکە داتا و زانیارییە بڵاوکراوەکانی ڕووپێوەکان کە پەیوەستن بە کاتی کارکردن جیاوازن. لە ڕاپۆرتی ساڵی 2012، زانیاریی پەیوەست بە کاتی کارکردن دەستەبەر کراوە وەک بەشێک لە پێوانەکردنی کارداریی نیوەچڵی. لە ڕاپۆرتی ڕووپێوی ساڵی 2015، داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە کاتی کارکردن بەپێی ماوەکانی (interval) کاتەکان پێشکەش کراوە بەبێ خستنەڕووی هیچ بەهایەکی تێکڕا. هەروەها پێناسەی بنەڕەتی پێشکەش نەکراوە، بۆیە ڕوون نییە کە ئایا داتاکان ئاماژەن بۆ کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن یان بۆ کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن. لە کۆتاییدا، ڕووپێوی دیمۆگرافیی ساڵی 2017 هیچ زانیارییەکی لەسەر کاتی کارکردن کۆ نەکردۆتەوە.

## • داهاتی کارداری

زۆربەی خەڵک بۆ ئەوە کار دەکات تا داهاتێکی دەست بکەوێت. داهاتی کارداری بەشێکی گەورە لە داهاتی خێزانەکان پێک دەهێنێت و سەرچاوەی بنەڕەتیی بژێوی کارکەرانە لەپێناو بەردەوامیدان بە ژیان و گوزەرانی خۆیان و ئەندامانی خێزانەکانیان. پێوانەکردنی داهاتی کارداری لە ڕووپێوە خێزانییەکان ڕووبەڕووی هەڵەی بەرچاو لە ڕووی پێدانی زانیاری دەبێت، کە ڕەنگە هەندێکیان بەئەنقەست بن و هەندێکیان نائەنقەست و بەهۆی لەبیرکردن یان تێنەگەیشتن بن، بە تایبەتی لە حاڵەتی داهاتی ئەو کەسانەی بۆخۆیان کار دەکەن، کە سنوورەکەی لە هزری زۆربەی وەڵامدەرەوەکاندا بە ڕوونی جێگیر نییە. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، لێرەدا شیکردنەوەی داتاکانی داهاتی کارداری پەیوەست کراوە بە داهاتی کارداران لە کاری سەرەکییان. دەستکەوتی کارداران یان، هاوتاکەی، داهاتی کارداریی بەپێدان بریتییە لە کارانە و مووچەی ڕاستەوخۆ بە شێوەی نەخت لە بەرامبەر ئەو کاتەی کە کاریان کردووە و ئەو کارەی کە کردوویانە، پێدان بۆ ئەو کاتەی کاریان نەکردووە، پاداشت و ڕێزلێنان بە نەخت، پاداشتکردن بە شتێك یان بە خزمەتگوزارییەک، پێدانی پەیوەست بە قازانج و هاوکارییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پەیوەست بە کارداری.[22]

ئەنجامە سەرەکییەکانی ڕووپێوەکە لە خشتەی 12 پێشان دراون. بەپێی داتا و زانیارییەکانی بەشی لای چەپ، تێکڕای داهاتی مانگانەی کارداران لە کاری سەرەکییان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 606,500 دیناری عێراقی بووە، نزیکەی هەمان تێکڕای داهات لەسەر ئاستی نیشتیمانی بووە (614,400 دیناری عێراقی). تێکڕای داهاتی مانگانەی کاردارە پیاوەکان لە هەرێمی کوردستان نزیکەی 596,500 دیناری عێراقی بووە، کە تا ڕادەیەک کەمترە لە داهاتی مانگانەی کاردارە ئافرەتەکان کە 655,300 دیناری عێراقی بووە. بۆ جڵەوکردنی جیاوازییەکانی کاتژمێرەکانی کار، داهاتەکانیش بە پشت بەستن بە کاتژمێرەکانی کارکردن هەژمار کران وەک لە ڕیزەکانی خوارەوەی خشتەکەدا پێشان دراون: تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر بۆ کارداری نێرینە نزیکەی 2,830 دیناری عێراقی بووە و بۆ کارداری مێیینە نزیکەی 4,690 دیناری عێراقی بووە.

[22] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *بڕیارنامەی پێوانەکردنی داهاتی پەیوەست بە کارداری*، شازدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 1998.

**خشتەی 12 . تێکڕای داهاتی مانگانە و تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر بۆ کارداران لە کاری سەرەکی بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021**

| دیناری عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق |
|---|---|---|
| تێکڕای داهاتی مانگانە | 606,530 | 614,400 |
| - نێر | 596,450 | 590,100 |
| - مێ | 655,250 | 713,200 |
| تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر | 3,050 | 3,180 |
| - نێر | 2,830 | 2,950 |
| - مێ | 4,690 | 5,330 |

تێبینی: 1450 دیناری عێراق = 1 دۆلاری ئەمریکی (نرخی گۆڕینەوە بەپێی بودجەی 2021 -ی حکومەتی عێراق بەکار هاتووە کە لە پەرلەمانی عێراق پەسەندکراوە).

جیاوازیی گەورەی نێوان داهاتی ئافرەت و پیاو بەشێکی بەو ڕاستییە ڕوون دەکرێتەوە کە، وەک پێشتریش دەرکەوتووە، بڕوانامەی خوێندنی کاردارە ئافرەتەکان بەرزترە بەراورد بە کاردارە پیاوەکان. لەبەر ئەوەی بڕوانامەی خوێندن گرینگە بۆ دیارکردنی داهات، داهاتی کاردارە ئافرەتەکان بەرزترە لە کاردارە پیاوەکان، چ لە سەر بنچینەی مانگانە یاخود بە کاتژمێر ئەژمار بکرێت. هەروەها کاریگەریی تەمەن وەک نیشاندەرێک بۆ ئەزموونی کارکردن لەسەر جیاوازیی نێوان داهاتی ئافرەت و پیاو لە بەشی شەشەمی ئەم ڕاپۆرتەدا دیراسە کراوە.

## • کاردارانی خاوەن تێکڕای پێدانی نزم

دابەشبوونی داهاتەکان بەپێی قەبارە نیشاندەری نایەکسانیی داهاتە. کاردارەکانی خاوەن تێکڕای پێدانی نزم، یەکێکە لە نیشاندەرەکانی چوارچێوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار سەبارەت بە کاری شیاو.[23] پێناسەکەی بریتییە لە ڕێژەی سەدیی ئەو کارداارنەی داهاتی کارکردنیان بەپێی کاتژمێر لە هەموو ئیشەکاندا یەکسانە بە کەمتر لە دوو لەسەر سێی ناوەڕاستی داهاتی کارکردنیان بەپێی کاتژمێر بۆ هەموو کاردارەکان. داڕشتنی پێوەرەکە بە شێوەی ڕێژەیەکی سەدی بۆ ناوەڕاست (median) وا دەکات لە دراوە نیشتمانییەکان سەربەخۆ بێت و ئاسانکاری بۆ بەراوردکردنی نێودەوڵەتیش دەکات. هەڵبژاردنی دوو لەسەر سێ کردارێکی سادەیە و کارپێکردنێکی بەرفراوانی هەیە، وەک ئەو شوێنانەی کە یاسای کەمترین کارانە بوونی نییە یان کەمترین کارانەی یاسایی زۆر لە خوار کارانەی باوی بازاڕە. بۆ سادەتر کردنی بابەتەکە، لێرەدا داهات بەپێی کاتژمێر لە کاری سەرەکیدا هەژمار کراوە، نەوەک لە هەموو کارەکاندا، وەک لە خوارەوە پێشان دراوە:

*تیکڕای پێدانی نزم بۆ کاتژمێرێک = 3,180 x 3/2 = 2,120 دیناری عێراق بۆ هەر کاتژمێرێک*

[23] *ڕێنوێنییەکانی نیشاندەرەکانی کاری شیاوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار بۆ بەرهەمهێنەران و بەکارهێنەرانی نیشاندەرەکانی چوارچێوەی ئاماری و یاسایی*، ڕێبەری ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، وەشانی دووەم، کانوونی دووەمی 2013، ل 76-78.

کە تیایدا، 3,180 بریتییە لە ناوەڕاستی داهاتی کاردارەکان لە کاری سەرەکیدا بۆ ئابووریی نیشتیمانی بە گشتی.[24] لە ڕووی داهاتی مانگانەوە، لێواری (threshold) هەژمارکراو بۆ کاردارێك کە هەفتانە ٤٠ کاتژمێر کار دەکات بریتییە لە:

*تێکڕای پێدانی نزم بۆ مانگێك (بۆ ئەو کاردارانەی 40 کاتژمێر لە هەفتەیەک کار دەکەن) = 367,500 دیناری عێراق*

بەم شێوەیە، ئەو کاردارانەی کە داهاتیان کەمترە لە 2,120 دیناری عێراق لە کاتژمێرێک، یان، بە واتایەکی تر، ئەو کاردارانەی کە بە دەوامی تەواو و هەفتانە 40 کاتژمێر کاردەکەن و کەمتر لە 365,700 دیناری عێراق لە مانگێک لە کاری سەرەکییاندا داهاتیان هەبووە، لەم ڕووپێوەدا بە کارداری خاوەن پێدانی نزم هەژمارکراون. خەمڵاندنەکانی ڕووپێوەکە دەردەخەن کە 590,700 کاردار پێدانیان نزم بووە، کە نوێنەرایەتی لەسەدا 41.4 لە دانیشتوانی کاردار لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 دەکەن. ژمارەی کاردارەکان بە پێدانی نزم لە عێراقدا لەسەدا 39.9 بووە. خشتەی 13 خەمڵاندنەکانی ڕووپێوەکە دەخاتەڕوو کە پەیوەستە بە پشکی ئەو کاردارانەی خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن لە کارە سەرەکییەکاندا بەپێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن. هەر خانەیەک ڕێژەی ئەو کاردارانە پێشان دەدات کە لەنێو کۆی ژمارەی کاردارانی توێژە دیارکراوەکەدا خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن. گرینگە تێبینی ئەوە بکرێت کە، بە گشتی، پشکی ئەو کاردارانەی کە خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن بە پێی تەمەن بۆ هەردوو کارداری نێر و مێ کەم دەبێتەوە، لەگەڵ پێچەوانەبوونەوە لە تەمەنی 65 ساڵ و سەرووتر، کە پشکی ئەو کاردارانەی خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن بە شێوەیەکی بنچینەیی بەرز دەبێتەوە. پێچەوانەکە لەگەڵ دیاردەی کەمبوونەوەی بەرهەمهێنان دوای تەمەنێکی دیارکراو، یەکدەگرێتەوە. ستوونی ڕاست لە خشتەی 13 پشکی ئەو کاردارانە پێشان دەدات کە لە کاری سەرەکیدا خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن، بەپێی ڕەگەز و ئاستی خوێندن. وەک چاوەڕوان دەکرا، پشکی ئەو کاردارانەی خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن لە گەڵ بەرزبوونی بڕوانامەی خوێندن، بە تایبەت لەنێو پیاواندا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. ئەو کاردارانەی بڕوانامەی دیپلۆم یان زانکۆ و سەرووتریان هەیە، کەمترین تێکڕای ئەو کاردارانەیان هەیە کە پێدانی نزمیان هەیە. نوێنەکێکی هاوشێوە بۆ عێراق بە گشتی بینراوە.

**خشتەی 13. پشکی ئەو کاردارانەی لە کاری سەرەکی خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن، بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**


| گرووپی تەمەن | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | 41.4 | 42.6 | 35.2 |
| 15-24 | 79.4 | 79.0 | 87.8 |
| 25-34 | 40.2 | 40.8 | 36.2 |
| 35-44 | 32.4 | 29.6 | 41.8 |
| 45-54 | 29.9 | 31.8 | 24.7 |
| 55-64 | 20.0 | 21.3 | 15.5 |
| 65+ | 35.4 | 40.7 | - |

| بڕوانامەی خوێندن | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | 41.4 | 42.6 | 35.2 |
| نەخوێندەوار | 58.3 | 56.6 | 68.9 |
| خوێندنەوە/ نووسین | 52.8 | 52.0 | 77.6 |
| سەرەتایی | 44.7 | 43.0 | 73.1 |
| ناوەندی | 51.7 | 49.0 | 74.6 |
| ئامادەیی | 36.3 | 40.9 | 21.0 |
| دیپلۆم و سەرووتر | 21.3 | 20.9 | 21.9 |

[24] وەک بنەمایەک، تێکڕای پێدانی نزم لە ئاستی ئابووریی نیشتمانیدا هەژمار دەکرێت نەوەک، بە شێوەی جیا، بۆ هەر پارێزگایەک یان هەرێمێکی وڵاتەکە.


دوو شێوەکەی دواتر پشکی ئەو کاردارانە پێشان دەدەن لە کاری سەرەکیدا خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن، بەپێی پیشە و لقی چالاکیی ئابووری، بە ڕێزبەند. بەپێی پیشە، ئەنجامەکان لە شێوەی 20 پێشان دەدەن کە "بەڕێوەبەران" و "پیشەگەران" ئەو توێژە پیشەییانە بوون کە کاردارەکانیان کەمترین ڕێژەی تێکڕای پێدانی نزمیان هەبووە (لەسەدا 17.1 و لەسەدا 17.3، بە ڕێزبەند). لە بەرامبەردا، "پیشە سەرەتاییەکان" بەرزترین ڕێژەی تێکڕای پێدانی نزمیان هەبووە (لەسەدا 75.4). توێژە پیشەییەکانی تر کە سەرووی 50 لەسەدی ئەو کاردارانەیان لە خۆ گرتووە کە تێکڕای پێدانیان نزمە لە "کارکەرانی پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان" (لەسەدا 71.8) و "کارکەرە کارامەکانی کەرتی کشتوکاڵ، دارستان، و بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی" (لەسەدا 54.1) بوون.

**شێوەی 20. پشکی ئەو کاردارانەی لە کاری سەرەکیدا خاوەن تێکڕای پێدانی نزمن بەپێی پیشە، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**




لە شێوەی 21 ئەنجامەکان بەپێی لقی چالاکیی ئابووری پێشان دراون. داتا و زانیارییەکان دەردەخەن کە بیناسازی وەک لقێکی چالاکیی ئابووری بەرزترین ئاستی ئەو کاردارانەی هەبووە کە پێدانیان نزم بووە (لەسەدا 81.0)، دوابەدوای ئەو، "کشتوکاڵ، دارستان، بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی" دێت (لەسەدا 77.6)، ئینجا "دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ و بەڕێوەبردنی پاشماوە و چالاکییەکانی چاککردنەوە" هاتووە (لەسەدا 73.1). لە بەرامبەردا، لقەکانی چالاکیی ئابووری وەک "کانزاکان و دەرهێنانی بەرد" (لەسەدا 1.7) و دوای ئەو "زانیاری و گەیاندن" (لەسەدا 12.6) کەمترین ئاستی ئەو کاردارانەیان هەبووە کە پێدانیان نزم بووە. نوێنەکەکانی ئەو کاردارانەی پێدانیان نزمە بەپێی پیشە و لقی چالاکیی ئابووری کە لێرەدا بۆ هەرێمی کوردستان خراونەتە ڕوو لەگەڵ ئەوانە هاوشێوەن کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی پێشان دراون، ئەگەرچی جیاوازی لە پلەبەندیی چەند توێژێکی دیارکراو هەیە.

**شێوەی 21. پشکی ئەوکاردارانەی تێکڕای پێدانی نزمیان هەیە لە کاری سەرەکیدا بەپێی لقی چالاکیی ئابووری، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021**




تێبینی: لقەکانی چالاکیی ئابووری:"ئەو چالاکییانەی کە خێزان تیایاندا خاوەنکارە ؛ چالاکییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵا/خزمەتگوزارییە جیانەکراوەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی" و "چالاکییەکانی ڕێکخراوەکان و دامودەزگاکانی دەرەوەی وڵات" لێرەدا لابراون.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بەراوردکردن لەگەڵ داتا و زانیارییەکانی ڕابردوو لەم بابەتە قورسە چونکە داهاتی کارداری لە سەرجەم ڕووپێوەکانی پێشووتردا پێوانە نەکراوە و لەو شوێنانەش کە پێوانە کراوە، ئەنجامە بڵاوکراوەکان ڕێگە بە بەراوردکردن نادەن. ڕاپۆرتی ڕووپێوی ساڵی 2015 داتا و زانیاریی لەسەر دابەشبوونی کەسانی کاردار بەپێی گرووپی داهاتی مانگانە پێشکەش دەکات. هەروەها  بە جیا دابەشبوونی کاردارەکان بەپێی گرووپی داهاتی مانگانە (خشتەی 38) دەستەبەر دەکات.  لەگەڵ ئەوەشدا، پێناسەی سەرەکی بۆ داهاتی مانگانە ڕوون نییە، بە تایبەت ئەژمارکران یان ئەژمارنەکرانی داهات لە سەرچاوەی تر جگە لە داهاتی کارداری. ڕووپێوی دیمۆگرافیی ساڵی 2017 زانیاریی لەسەر داهاتی مانگانەی خێزانەکان کۆکردۆتەوە، بە لەخۆگرتنی سەرجەم سەرچاوەکانی داهات، بە داهاتی کارداریشەوە. سەرچاوە جیاوازەکانی داهات بەجیا دەستنیشان کراون، بەڵام لەبەر ئەوەی داتاکان لەسەر ئاستی خێزانن، ناتواندرێت پەیوەست بکرێن بە تاک تاکی کارکەرەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەنجامەکانی ڕووپێوی ئێستا بەراورد بکرێن.

# بەشی 4: بێکاری و پێکهاتەکانی تری سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار

سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار چەمکێکی فراوانە و بێکاری و کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات و هێزی کاری شاراوە دەگرێتەوە. ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ پێویستییە بەدینەهاتووەکانی کارداریی دانیشتوان، چ پێشتر کاردار کرابێت یاخود نە، یان چالاکانە بەدوای کارداریدا بگەڕێت و لە ئێستادا بۆ کارداری بەردەست بێت. پاژی یەکەمی ئەم بەشە باسی بێکاری دەکات. پاژی دواتر لەبارەی کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کاتە و کۆتا پاژ لەبارەی هێزی کاری شاراوە دەبێت.


## • بێکاری

بێکاری شێوەیەکی تایبەتی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کارە. ڕەنگدانەوەی ئەو گوشارەیە کە لە لایەن کەسانی ناکاردار دەخرێتە سەر بازاڕی کار کە چالاکانە بەدوای کاردا دەگەڕێن و بەردەستن بۆ کارکردن. ڕێژەی بێکاری، کە بە ڕێژەی ژمارەی کەسانی بێکار لە کۆی گشتیی هێزی کار پێناسە دەکرێت، وەک باوترین نیشاندەری بازاڕی کار بەکار دێت. هەندێکجار، ڕێژەی بێکاری لە چوارچێوەیەکی گشتی نەک تەنیا بۆ بازاڕی کار بەڵکو وەک نیشادەرێک بۆ تەندروستیی ئابووری بە کار دێت.

### - ڕێژەی بێکاری بەپێی ڕەگەز و گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن

بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، لە ساڵی 2021 ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە سەدا 16.5 بووە، کە لە بنەڕەتدا هەمان ڕێژەی بێکاریی هەموو عێراقە. هەروەها ڕێژەی بێکاریی پیاوان لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 13.6) کەمتر بووە لە کۆی عێراق (لەسەدا 14.7). لە بەرامبەردا، ڕێژەی بێکاریی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 29.6) بەرزتر بووە لە کۆی عێراق (لەسەدا 28.2). شێوەی 22 نوێنەکەکانی ڕێژەی بێکاریی پیاو و ئافرەت بەپێی گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن لە هەرێمی کوردستان پێشان دەدات و لەگەڵ نوێنەکە هاوتاکانی لەسەر ئاستی نیشتیمانی بەراورد دەکات. هەندێک نوێنەکی گشتی لە شێوەی 22 دەردەکەون: (ا) ڕێژەی بێکاریی ئافرەت لە ڕێژەی بێکاریی پیاو بە نزیکەیی لە سەرجەم گرووپەکانی تەمەن و ئاستەکانی خوێندن بەرزتر بووە؛ (ب) ڕێژەی بێکاری بە شێوەیەکی بەرچاو لەنێو گەنجان (تەمەن 15-24 ساڵ) بەراورد بە پێگەیشتوان (تەمەن 25 ساڵ و سەرووتر) بەرزتر بووە، جا نێر یان مێ بێت؛ (ج) ئەو کەسانەی بڕوانامەی خوێندنی ناوەندییان هەیە، بەرزترین ڕێژەی بێکاریان هەبووە، بە تایبەتی لەنێو ئافرەتاندا؛ (د) ئەگەرچی ئاراستەکان بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان و هەروەها لەسەر ئاستی گشت عێراقیش، هاوشێوەن، بەڵام وادیارە کە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی بێکاری لەنێو گەنجان و ئەوانەی بڕوانامەی خوێندنی ناوەندییان هەیە بە شێوەیەکی بەرچاو بەراورد بە گشت عێراق بەرزترە.

**شێوەی 22. ڕێژەی بێکاری بەپێی ڕەگەزو گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**




## - شێوازی گەڕان بەدوای کار

بێکارەکان بەهۆی گەڕانی چالاکانە بەدوای کارداری، گوشار دەخەنە سەر بازاڕی کار. بە شێوەیەکی گشتی، بێکارەکان لە ماوەی چوار هەفتەی لێفەگەڕی بەر لە ڕووپێوەکەدا زیاتر لە یەک ڕێگەیان بۆ گەڕان بەدوای کارداریدا بەکار هێناوە. خشتەی 14 شێوازی سەرەکیی گەڕان بەدوای ئیش پێشان دەدات کە بێکارەکان بۆ دۆزینەوەی کارداری لە هەرێمی کوردستان بەکاریان هێناوە. دوو شێوازی سەرەکیی گەڕان بەدوای ئیش پەیڕەو کراون کە بریتین لە پێشکەشکردنی داواکاریی ڕاستەوخۆ بە خاوەنکارەکان (121,500) و داوای یارمەتی کردن لە خزم و هاوڕێ و کەسانی تر (93,600)، هەروەها سەردانی ڕاستەوخۆ بۆ کارگە و شوێنەکانی کارکردن (30,600) یاخود بڵاوکردنەوەی داوا و تازەکردنەوەی پوختەی ژیاننامە (Resume) لە ماڵپەڕە پیشەییەکان یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (12,000). گرنگە سەرنج بەوە بدرێت کە ژمارەیەکی کەم لەو بێکارانە بەدوای ڕێگایەکدا گەڕاون کە پرۆژەیەکی ئابووریی خۆیان هەبێت. هەروەها، ڕوون نییە بۆچی هیچ کەسێکی بێکار ئاماژەی بە تۆمارکردنی ناوی خۆی لە ناوەندێکی کارداریی گشتی لە گەڕانیان بەدوای کارداری، نەداوە. نوێنەکەکە بۆ بێکارانی نێر و مێ، هەروەها لەسەر ئاستی نیشتیمانیش هاوشێوە بوو.

**خشتەی 14. ژمارەی بێکاران بەپێی ڕەگەزو شێوازی گەڕان بەدوای کارداری، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021**

| شێوازی گەڕان بەدوای ئیش | کۆی گشتی '000 | نێر '000 | مێ '000 |
|---|---|---|---|
| **کۆی گشتی** | **278,100** | **185,600** | **92,600** |
| پێشکەشکردنی داواکاری بە کەسانی خاوەنکار | 121,500 | 71,200 | 50,300 |
| بڵاوکردنەوە یان وەڵامدانەوەی داواکاریی کار | 5,500 | 1,700 | 3,900 |
| لیکدانەوە و خوێندنەوەی ڕیکلام و ئاگادارکردنەوەکانی کار | 3,600 | 2,300 | 1,300 |
| تازەکردنەوە/دابەزاندنی سیڤی لەسەر پێگە پیشەییەکان یان پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێت | 12,000 | 5,200 | 6,800 |
| ناو تۆمارکردن لە ناوەندەکانی کاردارکردنی (بەکارخستنی) حکومی | - | - | - |
| ناو تۆمارکردن لەناوەندەکانی کاردارکردنی (بەکارخستنی) تایبەت | 6,500 | 4,900 | 1,500 |
| تاقیکرانەوە و چاوپێکەوتن | 1,500 | - | 1,500 |
| داواکردنی یارمەتی لە خزمان، هاوڕێکان، کەسانی تر | 93,600 | 72,900 | 20,600 |
| سەردانی ڕاستەوخۆ بۆ کارگە و شوێنەکانی کارکردن | 30,600 | 24,200 | 6,400 |
| چاوەڕوانکردن لەسەر شەقام بۆ کارپێکران (بۆ داواکردنی بۆ کارێك) | 1,000 | 1,000 | - |
| داواکردنی یارمەتی دارایی بۆ دەستپێکردنی کارێك بۆ خۆی (پرۆژەیەکی ئابووری) | 100 | 100 | - |
| گەڕان بەدوای زەوی، بینا، ئامراز و ئامێر، و هەروەها کەرستەی کشتوکاڵی بۆ دەست پێ کردنی کارێك بۆ خۆی (پرۆژەیەکی ئابووری) | 400 | 400 | - |
| پێشکەشکردنی داواکاری بۆ بەدەستخستنی مۆڵەت و ڕێگەپێدان بۆ دەست پێ کردنی کارێك بۆ خۆی (پرۆژەیەکی ئابووری) | - | - | - |
| هی تر | 1,800 | 1,700 | 200 |

ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار کە لە ساڵی 2015 لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە داتا و زانیاریی پەیوەست بە شێوازەکانی گەڕان بەدوای کار لە لایەن بێکارانەوە دەستەبەر دەکات. زۆرترین شێوازی گەڕان بەدوای کار "خۆتۆمارکردن لە نووسینگەکانی گەڕان بەدوای کار– وەک فەرمانگەی کاردارکردنی گشتی" (لەسەدا 38.5) بووە، دوای ئەو "سەردانکردنی دامەزراوە حکومییەکان" (لەسەدا 19.6) و "ڕاستەخۆ سەردانکردنی شوێنی کار – وەك کارگە، فرۆشگە، دامەزراوە) (لەسەدا 17.2) دێن. داتاکانی ساڵی 2015 جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە لەگەڵ ئەو داتایانەی لە ڕووپێوەکەی ساڵی 2021 بەدەست هاتوون. ئایا گۆڕانکاری لە تۆمارکردن لە نووسینگە حکومییەکانی کاردارکردن لە ساڵی 2015 بۆ ڕاستەوخۆ پێشکەشکردنی داواکاری بە خاوەنکارەکان یان داواکردنی یارمەتی لە خزم و هاوڕێ و کەسانی تر لە ساڵی 2021 ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییە لە ستراتیژییەکانی گەڕان بەدوای کار، یان تەنیا کاریگەریی جیاوازییەکانی داڕشتنی پرسیارنامەیە لە هەردوو ڕووپێوەکەدا؟ بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە و تێگەیشتن لە کاریگەریی شێوازەکانی گەڕان بەدوای کار، هەبوونی کۆمەڵێک پرسیاری جێگیر، ڕێگەدان بە فرە وەڵامی، هەروەها دانانی پرسیارێکی جیاواز لە ڕووپێوەکە و ئاراستەکردنی لەو کەسانەی کاردارکراون بۆ پرسیارکردن لەبارەی چۆنیەتیی دۆزینەوەی کاری ئێستایان، سوودمەند دەبێت.

### - ماوەی گەڕان بەدوای کارداری

ڕووپێوەکە زانیاریی سەبارەت بە ماوەی گەڕان بەدوای کارداری کۆکردۆتەوە کە دەکرێت بۆ خەمڵاندنی بێکاریی درێژخایەن بە کار بێت. بێکاریی درێژخایەن دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی بێکار کە ماوەی گەڕانیان بەدوای کارداری 12 مانگ یان زیاتر دەخایەنێت، بە ماوەی لێڤەگەڕیشەوە. ماوەی گەڕان بەدوای کارداری لەو کاتەوە ئەژمار دەکرێت کە کەسی بێکار دەستی بە ئەنجامدانی چالاکییەکانی گەڕان بەدوای کارداری کردووە، یان لە کۆتاییهاتنی دوایین کارەوە، هەر کامیان کورتتر بێت. بێکاریی درێژخایەن جیاوازە لە چەمکی ماوەی بێکاری کە بریتییە لەو ماوەیەی کە کەسێکی بێکار لە کارداری نەبووە و ئامادەیە بۆ کارداری هەروەها چالاکانە بە دوای کاردا دەگەڕێت. بە شێوەیەکی گشتی، ئەژمارکردنی ماوەی بێکاری لە ڕووپێوەکاندا قورسترە لە ماوەی گەڕان بەدوای کار. لەوەش قورستر بۆ ئەژمارکردن، چەمکی فراوانتری ماوەی خووڵێکی تەواوی بێکارییە.[25]

خشتەی 15 دابەشبوونی دانیشتوانی بێکار بەپێی ڕەگەز و ماوەی گەڕان بە دوای کارداری لە هەرێمی کوردستان پێشان دەدات، لەگەڵ داتای هاوتا لەسەر ئاستی عێراق بە گشتی. بە شێوەیەکی گشتی، زۆربەی کەسانی بێکار بۆ کەمتر لە 12 مانگ بە دوای کارداریدا گەڕاون: لەسەدا 68.0 (هەرێمی کوردستان) و لەسەدا 69.0 (عێراق). ژمارەی کەسانی بێکار کە بۆ کەمتر لە 12 مانگ بە دوای کارداریدا گەڕاون لە نێو پیاوان بەرزتر بووە : لەسەدا 73.8 (هەرێمی کوردستان) و لەسەدا 75.6 (عێراق)، بەراورد بە ئافرەتان: لەسەدا 56.3 (هەرێمی کوردستان) و لەسەدا 48.0 (عێراق). بە شێوەیەکی فراوانتر، ڕەنگە ئەم ئەنجامانە بەوە ڕاڤە بکرێن کە پیاوانی بێکار خێراتر لە ئافرەتانی بێکار کاریان دەست دەکەوێت.

**خشتەی 15. دابەشبوونی کەسانی بێکار بەپێی ڕەگەز و ماوەی گەڕان بە دوای کار، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| ماوەی گەڕان بە دوای کار | کۆی گشتی | | نێر | | مێ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | هەرێمی کوردستان | عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق | هەرێمی کوردستان | عێراق |
| **کۆی گشتی** | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 100.0 | 100.0 |
| کەمتر لە 1 مانگ | 29.8 | 14.9 | 32.1 | 16.6 | 25.2 | 9.3 |
| 1 مانگ تا کەمتر لە 3 مانگ | 17.7 | 14.2 | 20.4 | 16.3 | 12.1 | 7.4 |
| 3 مانگ تا کەمتر لە 6 مانگ | 9.5 | 16.6 | 11.0 | 17.1 | 6.5 | 15.3 |
| 6 مانگ تا کەمتر لە 12 مانگ | 11.1 | 23.3 | 10.4 | 25.6 | 12.5 | 16.0 |
| 1 ساڵ تا کەمتر لە 2 ساڵ | 14.7 | 14.9 | 13.4 | 14.2 | 17.3 | 17.3 |
| 2 ساڵ و زیاتر | 17.3 | 15.9 | 12.8 | 10.2 | 26.5 | 34.8 |

بەپێی داتاکانی خشتەی 15، نزیکەی لەسەدا 32.0 لە کەسانی بێکار لە هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی زیاتر لە 12 مانگ بە دوای کاردا گەڕاون، کە دەکاتە نزیکەی 89,100 کەس، 48,600 پیاو لەگەڵ 40,500 ئافرەت. ئەگەرچی لە نێو دانیشتوانی

[25] Kiefer, Nicholas, M & Lundberg, Shelly J & Neumann, George R, "ماوەی خووڵێکی بێکاری چەندە؟ خەیاڵ و لاگری لە بەکارهێنانی داتاکانی CPS"، *گۆڤاری ئاماری بازرگانی و ئابووری*، کۆمەڵەی ئاماری ئەمریکی، بەرگی 3 (2)، نیسانی 1985، ل 118-128.

بێکاردا ژمارەیەکی کەمتر لە ئافرەتان تێبینی دەکرێت، بەڵام ڕێژەی بێکاریی درێژخایەن لەنێو ئافرەتان زۆر بەرزتر بووە (لەسەدا 43.7) بەرامبەر بە پیاوان (لەسەدا 26.2). هەروەها ڕێژەی بێکاریی درێژخایەن لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 32.0) بە ڕاددەیەکی کەم بەرزتر بووە بەراورد بە هەموو عێراق (لەسەدا 30.8). سەبارەت بە ئافرەتان، داتاکان لە خشتەی 15 ڕێژەیەکی نزمتر لە بێکاریی درێژخایەن لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 43.7) بەراورد بە هەموو عێراق (لەسەدا 52.1) پێشان دەدەن.

ناتواندرێت هەڵسەنگاندن بۆ گۆڕانکاری لە ماوەی بێکاریی درێژخایەن بە تێپەڕبوونی کات بکرێت لەبەر ئەوەی لە ڕووپێوەکانی ڕابردوو داتا و زانیاریی بڵاوکراوە سەبارەت بە ماوەی گەڕان بە دوای کارداری نییە. ڕووپێوەکەی ساڵی 2015 زانیاریی لەسەر "چەند مانگە "ناوی کەسەکە" چالاکانە بە دوای کار دەگەڕێت؟" (پرسیاری E3 لە پرسیارنامەی ڕووپێوەکە) کۆکردۆتەوە، بەڵام ئەنجامەکان لە ڕاپۆرتی ڕووپێوەکە بڵاو نەکراونەتەوە (وەشانی ئینگلیزی).

## • کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات

مەرج نییە هەموو ئەوانەی وەک کاردار پۆلێن دەکرێن هەموو کاتژمێرەکان کاریان کردبێت. هەندێکیان بۆ چەند کاتژمێرێک یان ماوەیەکی کورت کار دەکەن چونکە نەیانتوانیوە کارێک بە دەوامی تەواو بدۆزنەوە. هەندێکی تر بۆ چەند کاتژمێرێک خۆبەخشانە کار دەکەن. کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخێك کە کاتی کارکردنی کەسانی کاردار، بەروارد بە بارودۆخە جێگرەوەکانی کارداری کە خۆیان حەز دەکەن و ئامادەن تێدا کار بکەن، کەمە. بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ئەم بابەتە، لێرەدا کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات پێوانە کراوە بە هەموو ئەو کەسانەی لە کاردارین، ئەوانەی لە ماوەی هەفتەی دیارکراوی لێفەگەڕی ڕووپێوەکە: (ا) ئارەزوویان هەبووە کاتژمێری زیاتر کار بکەن؛ (ب) لە ماوەی هەفتەی لێفەگەڕدا لە هەموو ئیشەکان کەمتر لە 40 کاتژمێر کاریان کردبێت؛ (ج) ئامادەن کاتژمێری زیادە کار بکەن ئەگەر بۆ ئەنجامدانی کاری زیاتر دەرفەتیان پێبدرێت. لێواری 40 کاتژمێر هاوتایە لەگەڵ بەهای نموونەیی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە لایەن کەسانی کاردار لە هەموو کارەکاندا.

لەنێو کۆی 1,427,800 کەسی کاردار لە هەرێمی کوردستان، نزیکەی571,700 کەس کەمتر لە 40 کاتژمێر لە یەک هەفتە و لە هەموو ئیشەکاندا کار دەکەن، کە نزیکەی لەسەدا 40.0 لە کۆی گشتیی کارداری لە هەرێمی کوردستان پێك دەهێنن. لەنێو ئەو کەسانەی لە هەفتەیەکدا کەمتر لە 40 کاتژمێر کار دەکەن، نزیکەی 172,400 کەس ویستوویانە کاتژمێری زۆرتر کار بکەن، چ لە ئیشی خۆیان بێت یان لە گەڵ ئیشێکی تر یاخود لە ئیشێکی نوێ کە کاتژمێرەکانی کارکردنی زۆرتر بن. ئەمە نوێنەرایەتیی لەسەدا 12.6 لە ژمارەی ئەو کەسانە دەکات کە لە هەفتەیەکدا کەمتر لە 40 کاتژمێر کار دەکەن. لە کۆتاییدا، لەنێو ئەو کەسانەی کە لە هەفتەیەکدا کەمتر لە 40 کاتژمێر کار دەکەن و حەز دەکەن کاتژمێری زۆرتر کار بکەن، نزیکەی 153,100 کەسیان لەو کاتەدا ئامادەبوون بۆ زیادکردنی کاتژمێرەکانی کارکردنیان ئەگەر دەرفەتێکیان بۆ ئەنجامدانی کاری زێدەکی پێ بدرابا. ئەم توێژەی کۆتاییی ئەم کەسانە، کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات پێك دەهێنن. خشتەی 16 ئەژمارکردنی ئەو کەسانە بەپێی ڕەگەز پێشان دەدات. ئەنجامەکان دەردەخەن کە نزیکەی لەسەدا 10.7 لە دانیشتوانی کاردار لە هەرێمی کوردستان لە کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کاتدان. ڕێژەکە لەنێو پیاوان (لەسەدا 11.1) تا ڕاددەیەک بەرزتر بوو بەراورد بە ئافرەتان (لەسەدا 8.6).

**خشتەی 16. کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار2021**

| | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| **کۆی گشتیی کارداری** | 1,427,800 | 1,207,100 | 220,700 |
| - بە شێوەیەکی ئاسایی لە هەفتەیەکدا و لە هەموو ئیشەکان کەمتر لە 40 کاتژمێر کاردەکەن | 571,700 | 397,500 | 174,200 |
| - دەیانەوێت لە هەفتەیەکدا کاتژمێری زیاتر کار بکەن | 172,400 | 152,500 | 19,900 |
| - ئامادەن لە هەفتەیەکدا کاتژمێری زیاتر کار بکەن | 153,100 | 134,200 | 18,900 |
| کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات | 153,100 | 134,200 | 18,900 |
| ڕێژەی سەدیی کۆی گشتیی کارداری | 10.7% | 11.1% | 8.6% |

داتاکان پێشان دەدەن کە کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە ئاستی نیشتیمانی بەرزترە (لەسەدا 10.7 بەرامبەر بە لەسەدا 7.9، بە ڕێزبەند). ئەم ئەنجامە ڕەنگە جێگای سەرسوڕمان بێت بە گوێرەی ئەو ڕاستییەی کە ڕێژەی بێکاری، کە پێکهاتەی سەرەکیی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کارە، لە بنەڕەتدا لە هەرێمی کوردستان لە گەڵ هەموو عێراق بە گشتی یەکسانە. شیکردنەوەی وردتری داتاکان، دەردەخات کە لە ڕاستیدا ڕێژەی ئەو کەسانەی لە هەفتەیەکدا کەمتر لە 40 کاتژمێر کاردەکەن لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 40.0) بەروارد بە عێراق بە گشتی (لەسەدا 47.0) کەمترە، بەڵام لەنێو ئەوانەی کە لە هەفتەیەکدا کەمتر لە 40 کاتژمێر کار دەکەن، ڕێژەیەکی بەرچاو بەرزتر لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 12.1) ویستوویانە کاتژمێری زۆرتر کار بکەن بەراورد بە عێراق بە گشتی (لەسەدا 9.6). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە خواستی کاتژمێری زۆرتری کارکردن لە هەرێمی کوردستان زۆر بەهێزتر بووە بەراورد بە هەموو عێراق بە گشتی، تا ئەو ئاستەی نزمترین ڕێژەی ئەو کەسانەی تێپەڕاندووە کە لە هەرێمدا کاتژمێری کەمتر کار دەکەن بەراورد بە عێراق بە گشتی.

هەروەها ڕووپێوەکانی پێشووتری هێزی کار لە هەرێمی کوردستان کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کاتیان پێوانە کردووە و بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە، "ئەو کەسانەن کە ئیشێکی بەپێدانیان هەیە و کەمتر لە 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کار دەکەن و هیواخوازن ئیشێکی تر بدۆزنەوە و بەدوای کار دەگەڕێن". ئەنجامە بڵاوکراوەکانی دووەم نیوەی ساڵی 2014 و 2015 لە خشتەی 17 پێشان دراون و لە گەڵ ئەنجامەکانی ڕووپێوەکەی ساڵی 2021 بەراورد کراون. داتابڵاوکراوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە 80,505 کەس لە نیوەی دووەمی ساڵی 2015 کارداری نیوەچڵ بوونە، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 5.8 لە کۆی گشتیی کارداری لەو کاتەدا. هەمان ڕێژەی هاوتا بۆ ساڵی پێشووتر (نیوەی دووەمی ساڵی 2014) لەسەدا 0.54 بووە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ بەرزبونەوەیەکی خێرای ڕێژەی کارداریی نیوەچڵی کە ڕاپۆرتەکە هۆکارەکەی دەبەستێتەوە بەو قەیرانە ئابوورییانەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕوویان بووەتەوە و لە ساڵی 2014 دەستیان پێ کردووە. بەپێی ژمارەکانی خشتەی 17، ڕێژەی کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات لە هەڵکشان بەردەوام بووە تا لە ساڵی 2021 گەیشتۆتە لەسەدا 10.7 لە کۆی گشتیی کارداری. بەڵام پێویستە بەشێک لەم هەڵکشانە بگەڕێندرێتەوە بۆ گۆڕانکاری لە لێواری کاتژمێرەکانی بەکارهاتووە بۆ پێناسە کردنی کارداریی نیوەچڵی. ڕووپێوەکانی ڕابردوو لێواری 35 کاتژمێر لە هەفتەیەکیان بەکار هێناوە،

لە کاتێکدا ڕووپێوەکەی ساڵی 2021، 40 کاتژمێر لە یەك هەفتەدا بەکار هێناوە، کە بەهای نموونەییە بۆ دابەشکردنی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردنی کەسانی کاردار لە هەموو ئیشەکاندا، بە گوێرەی پێوەرە نێودەوڵەتییە هەنووکەییەکان.[26]

**خشتەی 17. کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات وەک ڕێژەی سەدی لە کۆی گشتیی کارداری بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار (2014، 2015 و 2021)**

| | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| نیوەی دووەمی 2014 | 0.5% | 1.2% | 1.3% |
| نیوەی دووەمی 2015 | 5.8% | 6.5% | 2.9% |
| 2021 | 10.7% | 11.1% | 8.6% |

**سەرچاوەکان**: داتاکانی ساڵانی 2014 و 2015: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، هێزی کار، ڕاپۆرت.
https://krso.gov.krd/en/statistics/labour-force؛ داتاکانی ساڵی 2021، ڕووپێوی هێزی کار لە عێراق، 2021.
تێبینی: لێواری کاتژمێرەکان کە لە پێناسەی کارداریی نیوەچڵی لە ڕووپێوەکانی ساڵی 2014 و 2015بەکارهاتووە ، 35 کاتژمێرە لە هەفتەیەکدا، بەڵام لە ڕووپێوەکەی ساڵی 2021 بۆ 40 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا گۆڕاوە.

### - ئارەزووی گۆڕینی بارودۆخی ئێستای کارداری

جگە لە کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات، پێوەرە نێودەوڵەتییەکان جۆرەکانی تری هەلومەرجە نەگونجاوەکانی کارکردن دەناسێنن.[27] سێ جۆری تایبەت لە پێوەرە نێودەوڵەتیەکاندا وەسف کراون کە ئەمانەن:

أ- ***کارکردنی نەگونجاو پەیوەست بە کارامەیی***، بە سوودوەرگرتنی نەشیاو و نەگونجان لە کارامەییە پیشەییەکان دەناسرێتەوە، کە بە واتای سوودوەرگرتنی لاواز لە سەرمایەی مرۆییە. دەکرێت تێگەیشتن بۆ ئەو کەسانەی لەم جۆرە کارکردنی نەگونجاون بەو شێوەیە بێت کە بریتین لەو کاردارانەی کە لە ماوەی لێڤەگەڕدا ویستوویانە یان هەوڵیان داوە هەڵومەرجی کاری ئێستایان بگۆڕن بۆ ئەوەی بە تەواوی سوود لە کارامەییە پیشەییەکانیان وەربگرن، هەروەها ئامادەبوون ئەو کارە ئەنجام بدەن.

ب- ***کارکردنی نەگونجاو پەیوەست بە داهات***، لە دەرەنجامی ڕێکخستنە ئاست نزمەکانی ئیش یان بەرهەمهێنبوون، و کەموکورتی لە ئامرازەکان و ئامێرەکان و ڕاهێنان یان ژێرخانی ناتەواو دروست دەبێت. دەکرێت تێگەیشتن بۆ ئەو کەسانەی لەم جۆرە کارکردنی نەگونجاون بەو شێوەیە بێت کە بریتین لەو کاردارانەی کە لە ماوەی لێڤەگەڕدا ویستوویانە یان هەوڵیان داوە هەلومەرجی کاری ئێستایان بگۆڕن لەپێناو زیادکردنی داهات کە بە هۆی هۆکارەکانی سەرەوە سنووردارە، هەروەها ئامادەبوونە ئەو کارە ئەنجام بدەن. وڵاتان دەیانەوێت لێوارێك بەکار بهێنن، کە بەپێی هەلومەرجە نیشتیمانییەکان هەڵبژێردرابێت، و ڕێگە نەدات ئەو کەسانەی لە سەرووترن بێنە ناوەوە.

ج- ***کارکردنی نەگونجاو پەیوەست بە کاتژمێری لە ڕادەبەدەر***، تێگەیشتن بۆ ئەو کەسانەی لەم جۆرە کارکردنی نەگونجاون دەکرێت بەو شێوەیە بێت کە بریتین لەو کاردارانەی کە ویستوویانە یان هەوڵیان داوە کاتژمێری کەمتر

[26] پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دەستنیشان دەکەن: "لێواری کاتژمێرەکان" لەسەر بنچینەی سنووری نێوان کارداری بە دەوامی تەواو و کارداری بە نیو دەوام دانداروە، لەسەر بەهای نموونەیی یان ناوەڕاستەکانی کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن بۆ سەرجەم کەسانی کاردارکراو، یان لەسەر بنەمای نەریتەکانی کاتی کارکردن وەک لە یاسا پەیوەندیدارەکاندا یان لە جێبەجێکردنی نیشتمانی دیار کراوە، و بۆ گرووپە تایبەتەکانی کارکەران دانراوە"، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *بڕیارنامەی پەیوەست بە ئامارەکانی کار، کارداری و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار*، کە لەلایەن نۆزدەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار پەسەند کراوە، جنێف، 2013، بڕگەی 43.1 (ب).
[27] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *بڕیارنامەی پەیوەست بە پێوانەکردنی کارداریی نیوەچڵی و هەلومەرجەکانی کارکردنی نەگونجاو*، کە لەلایەن شازدەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار پەسەند کراوە، جنێف، 1998.

لەوەی لە ماوەی لێڤەگەڕدا کاریان کردووە، کار بکەن، چ لە هەمان ئیش یان لە ئیشێکی تر بە کەمبوونەوەی هاوتای داهات. وڵاتان دەیانەوێت لێوارێك بۆ کاتژمێرەکان بەکار بهێنن کە ڕێگە نەدات ئەو کەسانەی لە خوارترن بێنە ناوەوە.

ڕووپێوی هێزی کار بە پرسیارکردن لە وەڵامدەرەوەکان سەبارەت بە ئارەزووی گۆڕینی هەلومەرجی ئێستای کارکردنیان ئەم بابەتەی ورووژاندووە، و ئەگەر وەڵامەکە "بەڵێ" بێت، هۆکارە سەرەکییەکانی خواستیان بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکانی ئێستای کارکردنیان چین. داتاکانی تایبەت بە ئەنجامەکان (لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە ڕەتکردنەوە، کەمتر لە سەدا 0.1) لە خشتەی 18 پێشان دراون. بە گوێرەی ئەم ئەنجامانە، نزیکەی 417,900 کەس ویستوویانە هەلومەرجەکانی ئێستای کارکردنیان بگۆڕن، کە ڕێژەی لەسەدا 29.3 لە دانیشتوانی کاردار لە هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن. بە نزیکەیی هەموویان پیاو بوون (394,800) لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە ئافرەتان (23,100). تا ڕادەیەکی زۆر، هۆکاری سەرەکیی ویستیان بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ئێستای کارکردنیان پەیوەست بووە بە دۆزینەوەی ئیشێك بە پێدانێکی باشتر (لەسەدا 81.4 لەنێو پیاوان و لەسەدا 72.9 لەنێو ئافرەتان). هەروەها ئەنجامەکان ئەوەش پێشان دەدەن کە، بۆ پیاوان، دووەم هۆکاری زۆر باو بۆ ویستی گۆڕینی هەلومەرجی کارکردن پەیوەستە بە دەستکەوتنی کارێک کە باشتر لەگەڵ کارامەیی و تواناکانی کەسەکە بگونجێت (لەسەدا 6.9). سەبارەت بە ژنان، دووەم هۆکاری زۆر باو بۆ ویستی گۆڕینی هەلومەرجی کارکردن پەیوەست بووە بە سروشتی کاتیی کاری ئێستایان (لەسەدا 9.3) یان بۆ هەبوونی کارێک بە کاتژمێری کارکردنی کەمتر (لەسەدا 7.1). هەروەها پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە کارکردنی نەگونجاو بەهۆی دووری لە ماڵەوە لەنێو ئافرەتان (لەسەدا 4.6) بەراورد بە پیاوان (لەسەدا 0.7) زۆر بەرزتر بوو.

**خشتەی 18. دابەشبوونی کەسانی کاردارکراو کە ویستی گۆڕینی باری کارداریی ئێستایان هەیە بەپێی ڕەگەز و هۆکاری سەرەکی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| هۆکاری سەرەکیی ویستی گۆڕینی باری کارداریی ئێستا | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| کۆی گشتیی ئەوانەی دەیانەوێت باری کارداریی ئێستایان بگۆڕن | 417,900 | 394,800 | 23,100 |
| ڕێژەی سەدی (%) | 100.0 | 100.0 | 100.0 |
| - کاری ئێستا کاتییە | 4.4 | 4.1 | 9.3 |
| - بۆ هەبوونی کارێکی باشتری بە پێدان | 80.9 | 81.4 | 72.9 |
| - بۆ هەبوونی کرێ یان پرۆژەی ئابوریی زیاتر | 1.5 | 1.6 | 0.0 |
| - بۆ هەبوونی ئیشێك بە کاتژمێری زۆرتری کارکردن | 2.2 | 2.1 | 3.9 |
| - بۆ هەبوونی ئیشێك بە کاتژمێری کەمتری کارکردن | 2.2 | 1.9 | 7.1 |
| - بۆ هەبوونی ئیشێك کە زیاتر لەگەڵ کارامەیی و تواناکان بگونجێت | 6.6 | 6.9 | 1.9 |
| - بۆ هەبوونی ئیشێك کە لە ماڵەوە نزیکتر بێت | 0.9 | 0.7 | 4.6 |
| - بۆ هەبوونی ئیشێك بە هەلومەرجی کارکردنی باشتر | 0.5 | 0.6 | 0.3 |
| - هۆکارەکانی تر | 0.7 | 0.8 | 0.0 |

داتاکانی هەرێمی کوردستان بەراورد بە ئەنجامە هاوتاکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی دوو جیاوازیی سەرەکی پێشان دەدەن. یەکەم، ڕێژەی ئەو کەسانەی ویستی گۆڕینی هەلومەرجی کارکردنیان هەیە لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 29) بەراورد بە هەموو عێراق (لەسەدا 36) بە شێوەیەکی بەرچاو نزمترە. جیاوازییە گەورەکەی تر پەیوەستە بە ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی ویستی گۆڕینی هەلومەرجی کارکردنیان هەیە بۆ ئەوەی ئیشێک بە پێدانێکی باشتر بدۆزنەوە: لەسەدا 72.9 لە هەرێمی کوردستان بەراورد بە لەسەدا 55.5 لەسەر ئاستی هەموو وڵات.

## • هێزی کاری شاراوە

هێزی کاری شاراوە لەگەڵ کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات و بێکاری بەشە جیاوازەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار پێک دەهێنن. هێزی کاری شاراوە واتە هەموو ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کارکردنن و لە دەرەوەی هێزی کارن، و لە ماوەی لێڤەگەڕدا نە لە کارکردن بوونە و نە بێکاریش بوونە بەڵکو ئەوانەن کە (ا) بەدوای کار گەڕاون و لەو کاتەدا بەردەست نەبوونە (کارخوازی نابەردەست) یان (ب) لەو کاتەدا بەردەستن بۆ کارکردن بەڵام هیچ جموجووڵێکیان بۆ گەڕان بەدوای کار نەکردووە (کارخوازی شاراوەی بەردەست). توێژێکی تری لاوەکیی گرینگ لە هێزی کاری شاراوە هەیە کە کارخوازە دڵساردبووەکانن، ئەوانەی کە لە دەرەوەی هێزی کار بوونە و "بەدوای کار نەگەڕاون" لەبەر هۆکارەکانی پەیوەست بە بازاڕی کار، وەک سەرنەکەوتن لە ئەزموونی ڕابردوو بۆ دۆزینەوەی کارێکی گونجاو، کەمبوونی ئەزموون، لێهاتوویی یان ئیشێك کە لە گەڵ کارامەییەکانی کەسەکەدا بگونجێت؛ کەمبوونی هەڵی کار لە ناوچەکەدا، سەیرکردنیان وەکو کەسێکی زۆر گەنج یان بەساڵاچوو لە لایەن ئەو کەسانەی ڕەنگە ببنە خاوەنکاریان. سەرەڕای ئەمانە، پێوەرە نێودەوڵەتییەکان پێشنیاز دەکەن کۆمەڵەیەکی جیا، لە کەسانی دەرەوەی هێزی کار کە ئارەزووی خۆیان بۆ کارکردن دەربڕیوە، دەستنیشان بکرێت. ئەوانە بە کەسانێك ناو دەبرێن کە کارخواز نین و ئارەزوویان بۆی هەیە و بە کەسانێك پێناسە دەکرێن کە نە لە کاردان و نە بێکارن، کە کارکردنیان دەوێت بەڵام بەدوای کارکردندا نەگەڕاون و لەو کاتەدا بۆ کارکردن بەردەست نەبوونە.

خشتەی 19 ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە بۆ هەرێمی کوردستان پێشان دەدات. هێزی کاری شاراوە لە نزیکەی 314,800 کەس لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 پێکدێت کە دەکاتە لەسەدا 8.3 لە کۆی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن و نزیکەی لەسەدا 15.1 لە دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار. بەراورد بە ژمارەکان لەسەر ئاستی نیشتیمانی، لەنێو هێزی کاری شاراوە لە هەرێمی کوردستان ئافرەتان (200,100) لە پیاوان (114,700) زۆرترن. ئەم ئەنجامە بە تایبەتی زۆر گرینگە، چونکە هێزی کار بە شێوەی سەرەکی لە پیاوان پێکهاتووە لەگەڵ کەمینەیەك لە ئافرەتان. ئەمەش واتا ئافرەتان زیاتر دێنە ناو هێزی کار ئەگەر هەلومەرجەکان بگۆڕدرێن. هێزی کاری شاراوەی ئافرەتان هێزێکی گەورەیە و بەشداریکردنیان بە ڕێژەیەکی کەم لە هێزی کار کە لە ڕووپێوەکەدا بینراوە، بەشێکی پەیوەستە بە بەربەستەکانی هاتنەناو هێزی کار وەک نەبوونی هەڵی کاری گونجاو بۆ ڕەگەزی مێ لە ناوچەکەدا، یان هۆکارەکانی پەیوەست بە خێزان وەک دووگیانبوون و هەبوونی منداڵی بچووک و ڕێگەنەدانی خێزان.

بەشی گەورەی هێزی کاری شاراوە (لەسەدا 8.3) ئەو کەسانەن کە بەردەست بوونە بۆ کارکردن بەڵام لە ماوەی لێڤەگەڕی ڕووپێوەکە چالاکانە بەدوای کار نەگەڕاون. نزیکەی لەسەدا 51.0 لەو کەسانە بە پەرۆش نەگەڕاون بەدوای کار لەبەر دڵساردبوونیان بەهۆی شکستی ڕابردوویان لە دۆزینەوەی کارێکی گونجاو، کەمئەزموونی یان هۆکاری تری پەیوەندیدار بە کار. داتاکانی خشتەی 19 ئەوە پێشان دەدەن کە سەرەڕای هێزی کاری شاراوە، نزیکەی 20,600 کەس لە دەرەوەی هێزی

کار هەبوون کە کارکردنیان ویستووە بەڵام بە دوای کاردا نەگەڕاون و لەو کاتەدا بۆ کارکردن بەردەست نەبوونە (ئەوانەی کارخواز نین و ئارەزوویان بۆی هەیە). هەروەک حاڵەتی هێزی کاری شاراوە، ئەم توێژەی خەڵکیش لە ژمارەیەکی گەورەی ئافرەتان (16,400) بەراورد بە پیاوان (4,200) پێک هاتبوون.

**خشتەی 19. هێزی کاری شاراوە، کارخوازە دڵساردبووەکان و ئەوانەی کارخواز نین و ئارەزوویان بۆی هەیە بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| هێزی کاری شاراوە | 314,800 | 114,700 | 200,100 |
| ئەو کارخوازانەی بەردەست نین | 400 | 100 | 300 |
| ئەو کارخوازە بەردەستانەی شاراوەن | 314,400 | 114,600 | 199,800 |
| کارخوازە دڵساردبووەکان | 160,500 | 63,600 | 96,900 |
| ئەوانەی کارخواز نین و ئارەزوویان بۆی هەیە | 20,600 | 4,200 | 16,400 |

هێزی کاری شاراوە لەگەڵ هێزی کار بەیەکەوە هێزی کاری فراوانکراو پێک دەهێنن. ئەمەش بنچینەی ئەژمارکردن بۆ پێوەری ئاوێتەکراوی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (LU4) پێک دەهێنێت. لەنێو نیشاندەرەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار کە لە بەشی دووەم باس کراوە، LU4 بەربڵاوترین پێوانەی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کارە. ئەو بە سەرجەمی بێکاری، کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات، و هێزی کاری شاراوە، دابەش، هێزی کاری فراوانکراو پێناسە دەکرێت. خشتەی 20 هەژمارکردنەکە بەپێی ڕەگەز بۆ هەرێمی کوردستان پێشان دەدات. سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (750,500) بریتییە لە سەرجەمی کارداریی نیوەچڵیی پەیوەست بە کات (153,100)، بێکاری (282,600) و هێزی کاری شاراوە (314,800). هێزی کاری فراوانکراو (2,025,300) بریتییە لە کۆی هێزی کار (1,710,400) و هێزی کاری شاراوە (314,800). پێوانەی ئاوێتەکراوی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار بریتییە لە ڕێژەی سەدیی کۆی گشتیی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار، دابەش، هێزی کاری فراوانکراو. ئەنجامەکان ئەوە پێشان دەدەن کە نزیکەی لەسەدا 37.1 لە هێزی کاری فراوانکراو لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەک لە شێوەکان کەمتر سوودی لێ وەرگیراوە، و ئەمە زۆرتر لەنێو ئافرەتاندایە (لەسەدا 60.7) بەراورد بە پیاوان (لەسەدا 29.0).

**خشتەی 20. سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار و هێزی کاری فراوانکراو بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| | کۆی گشتی | نێر | مێ |
|---|---|---|---|
| سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار | 750,500 | 438,800 | 311,700 |
| - کەمکاری پەیوەست بە کات | 153,100 | 134,200 | 18,900 |
| - بێکاری | 282,600 | 190,000 | 92,600 |
| - هێزی کاری شاراوە | 314,800 | 114,700 | 200,100 |
| هێزی کاری فراوانکراو | 2,025,300 | 1,511,800 | 513,500 |
| - هێزی کار | 1,710,500 | 1,397,100 | 313,300 |
| - هێزی کاری شاراوە | 314,800 | 114,700 | 200,100 |
| LU4: پێوەری ئاوێتەکراوی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار = سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار / هێزی کاری فراوانکراو (%) | | | |
| هەرێمی کوردستان | 37.1% | 29.0% | 60.7% |
| عێراق | 30.2% | 26.4% | 49.4% |

دوایین ڕیزی خشتەکە ئەنجامەکان لەگەڵ ئەوانەی سەر ئاستی وڵات بەراورد دەکات. جیاوازیی سەرەکی پەیوەستە بە بارودۆخی ئافرەتان. ژمارەیەکی بەرچاو زۆرتری ئافرەتان بە هۆی هەندێک لە شێوازەکانی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 60.7) بەراورد بە هەموو عێراق (لەسەدا 49.4) کاریگەریان لەسەر هەبووە. ڕەنگە ئەمە ڕەنگدانەوەی دژوارییەکی گەورەتر بێت لە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، یان ئاستێکی بەرزتر لە خواستی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بۆ دەستکەوتنی کار بەروارد بە بەشەکانی تری عێراق هەبێت. لەوانەیە یەکێکیان وەک خواست لەسەر هێزی کار و ئەویتر دابینکردنی هێزی کار ئەژمار بکرێن.

# بەشی 5: کەسانی دەرەوەی هێزی کار


کەسانی دەرەوەی هێزی کار ئەو کەسانەن کە لە تەمەنی کارکردندان و لە هەفتەی لێڤەگەڕی ڕووپێوەکەدا نە لە کارکردن بوون و نە بێکار بوون. بوون لە دەرەوەی هێزی کار، ڕەنگدانەوەی دۆخی ئێستای ئەو کەسەیە. لەوانەیە هەندێکیان ئەزموونی کارکردنیان لە ڕابردوو هەبووبێت یان بەشێك لە هێزی کار بووبن لە شێوەی بێکاریدا. ڕەنگە هەندێکی تر بەشێک بن لە هێزی کاری شاراوە و لە ئەگەری گۆڕانی بارودۆخ، بچنە نێو هێزی کار. هەروەها، بوون لە دەرەوەی هێزی کار بەو واتایە نییە کە کەسەکە لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕی ڕووپێوەکەدا سەرقاڵی هیچ کارێکی بەرهەمدار نەبووە . لەوانەیە کەسەکە سەرقاڵی کارێکی بەرهەمهێنان بووبێت بۆ بەکارهێنانی خۆیی، یان کارێکی بێ پێدان بۆ ڕاهێنانکردن یان کارێکی خۆبەخشانە، یاخود هەر چالاکییەکی تر کە بەرهەمی هەبووبێت. ئەگەرچی ئەم چالاکییانە لە شێوەی کار سەیر دەکرێن، بەڵام ناچنە نێو کایەی کاری کارداری. لە ڕاستیدا، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییە نوێیەکان (نۆزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، 2013)، "کەسانی دەرەوەی هێزی کار" ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵان بۆ بەکارهێنانی خۆیی، کە لە زۆربەی کاتەکاندا، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی پێشووتر (سێزدەیەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، 1982) وەک "کاردار" هەژمار کراون.

## • تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان

بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، لە ساڵی 2021 نزیکەی 2,090,400 کەس لە هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی هێزی کار بوون، کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 55.0 لە کۆی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن. زۆربەی زۆری کەسانی دەرەوەی هێزی کار لە ڕەگەزی مێ بوون (1,587,600) بەراورد بە نێر (502,700). شێوەی 23 پێکهاتەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لە ڕووی ڕێژەی سەدیی هێزی کار و ڕێژەی سەدیی دەرەوەی هێزی کار بۆ نێر و مێ، و گرووپە فراوانەکانی تەمەن، بە جیا پێشان دەدات. وەک چاوەڕوان دەکرا، ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە زۆربەی ئافرەتان، هەروەها زۆربەی گەنجان و بەساڵاچوانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 لە دەرەوەی هێزی کار بوون. زۆرێکیان سەرقاڵی بەرپرسیارێتیی ماڵەوە یان خێزان بوونە. هەندێکی تر یان لە خوێندن یان لە مەشق و ڕاهێنان بوون. هێشتا هەندێکی تریان خانەنشین بوون، یان بەهۆی نەخۆشیی درێژخایەن، برینداربوون یاخود کەمئەندامی نەیانتوانیوە کار بکەن.

گرینگە تێبینی بکرێت کە، پشکی دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی یەکسان کەمتر بووە بەراورد بە عێراق بە گشتی. بۆ نموونە ڕێژەی ئافرەتانی دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لەسەدا 83.5 بووە لە بەرامبەردا لەسەر ئاستی نیشتیمانی لەسەدا 89.4 بووە. ڕێژەی بەساڵاچوان (65 ساڵ و سەرووتر) لەدەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان لەسەدا 89.2 بووە لە بەرامبەردا لەسەر ئاستی وڵات بەگشتی لەسەدا 92.5 بووە. هەروەها هەمان ئەنجامی هاوشێوە بەپێی بڕوانامەی خوێندن بەدەست هاتووە. لە هەر ئاستێکی خوێندن، پشکی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لە دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان نزیکەی هەمان ڕێژە یان کەمتر بووە بەروارد بە عێراق بە گشتی. تاکە جیاوازی، ئەو کەسانە بوون کە بڕوانامەی دیپلۆم یان زانکۆ یان سەرووتریان هەبووە، کە پشکیان لە دەرەوەی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان نزیکەی لەسەدا 27.5 بووە لە بەرامبەردا لەسەدا 25.7 لەسەر ئاستی نیشتیمانی.

**شێوەی 23. پێکهاتەی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن لەناوەوە و دەرەوەی هێزی کار بەپێی ڕەگەز و گرووپە فراوانەکانی تەمەن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**




بەراوردکردن لەگەڵ داتاکانی ڕابردوو لەسەر دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار، بەهۆی گۆڕینی پێناسەکانی کارکردن و هێزی کار گرفتی بۆ دروست دەبێت. وەک پێشتر لە بەشی دووەمدا ئاماژەی پێدرا، گۆڕانکاریی سەرەکی لە پێناسەدا پەیوەندیی بە مامەڵەی ئامارییەوە هەیە لەگەڵ بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی. لە کاتێکدا بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی لە بنەڕەتدا بە کارداری داندراوە بەپێی پێناسەی نێودەوڵەتیی پێشووتر بۆ کارکردن کە لە ڕووپێوەکانی ڕابردوودا کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراون بەکار هێنراوە، بەڵام بەپێی پێناسەی نوێی کارکردن کە لە ڕووپێوی هێزی کاری ساڵی 2021 بەکارهاتووە، لە کایەی کارکردن دەر هێندراوە. گۆڕینی پێناسە نەک هەر کاریگەریی لەسەر پێوانەکردنی کارکردن هەیە، بەڵکو کاریگەریی لەسەر بێکاری و هێزی کار، و، وەك تەواوکارییەك، پێوانەکردنی دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کاریش هەیە. لە خوارەوە داتاکانی بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی و هەروەها بەرهەمهێنانی خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی کە وەک بەشێک لە ڕووپێوی ساڵی 2021 کۆکراونەتەوە، دیراسە کراون.

## • بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی

بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار[28]، "ئەو کەسانەی کە کاری بەرهەمهێنان دەکەن بۆ بەکارهێنانی خۆیی خۆیان" پێناسە کراون بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کارکردندان و بە درێژایی ماوەی کورتی لێڤەگەڕدا، هەر چالاکییەکیان بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنانی کۆتایی خۆیان کردبێت، و بەکەڵەکەبوویی بەلایەنی کەمەوە بۆ یەک کاتژمێر کاریان کردبێت.

[28] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *بڕیارنامەی تایبەت بە ئامارەکانی کار، کارداری و سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار*، نۆزدەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، 2013، بڕگەی 22.

- بەرهەمهێنانی "کاڵا" لە ڕووی سنووری بەرهەمهێنان بەپێی سیستمی ژمێریاری نەتەوەیی (SNA) ساڵی 2008 پێناسە دەکرێت. بەرهەمهێنانەکە ئەمانە دەگرێتەوە: (1) بەرهەمهێنان و/یان پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی، ماسیگرتن، ڕاوکردن و کۆکردنەوە بۆ هەڵگرتن؛ (2) کۆکردنەوە و/یان پاراستنی بەرهەمە دارستانییەکان و کانزاییەکان بۆ هەڵگرتن، لەوانەش دار و جۆرەکانی تری سووتەمەنییەکان؛ (3) هێنانی ئاو لە سەرچاوەی سروشتی و سەرچاوەکانی ترەوە؛ (4) بەرهەمهێنانی کاڵاکانی ماڵ (وەک کەلوپەلی ناوماڵ (ناوماڵی)، قوماش، جلوبەرگ، ئەو شتانەی لە پێ دەکرێن، گۆزە یان کەلوپەلی ماوەدرێژ، لەوانەش بەلەم و کەلەك)؛ (5) بیناسازی، یان ئەنجامدانی چاککردنەوەی گەورە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی خۆیان و بیناکانی نێو کێڵگە و هتد.

- پێشکەشکردنی "خزمەتگوزارییەکان" ئاماژەیە بۆ چالاکییەکانی دەرەوەی سنووری بەرهەمهێنان بەپێی سیستمی ژمێریاری نیشتیمانی (SNA) ساڵی 2008، بەڵام لە چوارچێوەی سنووری بەرهەمهێنانی گشتی بەپێی سیستمی ژمێریاریی نەتەوەیی (SNA). خزمەتگوزارییەکە ئەمانە دەگرێتەوە: (1) ژمێریاری و بەڕێوەبردنی ماڵ، کڕین و/یان گواستنەوەی کاڵا؛ (2) ئامادەکردن و/یان پێشکەشکردنی ژەمەکانی خواردن، فڕێدانی پاشماوەی ماڵان و بەکارهێنانەوەی؛ (3) پاککردنەوە، ڕازاندنەوە و سەخبێرکردنی (سیانەی) بینا یان شوێنی نیشتەجێبوونی تایبەتی، ماوەدرێژەکان و کەلوپەلەکانی تر و باخداری؛ (4) چاودێری و ڕێنماییکردنی منداڵان، گواستنەوە و چاودێریکردنی بەساڵاچوان، ئەوانەی پشت بە کەسانی تر دەبەستن یان ئەندامانی تری خێزان و ئاژەڵە ماڵیەکان و هتد.

- چەمکی "بۆ بەکارهێنانی کۆتایی خۆیی" بریتییە لە بەرهەمهێنانێك کە شوێنی مەبەستی بەرهەمەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بەکاربردنی کۆتایی بێت لەلایەن بەرهەمهێنەرەوە لە شێوەی پێکهێنانی سەرمایە، یان بەکارهێنانی کۆتایی لەلایەن ئەندامانی ماڵەوە، یان لەلایەن ئەندامانی خێزان کە لە ماڵێکی تر دەژین، کاتێک (1) شوێنی مەبەستی بەرهەمەکە، بە ڕەچاوکردنی کاڵا دەستنیشانکراوە بەرهەمهاتووەکان یان خزمەتگوزارییە پێشکەشکراوەکان، وەك خۆراگەیەندراو دیار کراوە (واتە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەکارهێنانی کۆتایی خۆییە)؛ و (2) لە حاڵەتی کاڵا کشتوکاڵی و ماسیگری و ڕاوکردنەیی یان کۆکردنەوەییەکان کە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەکاربردنی خۆیی بێت، سەرەڕای ئەوەش دەتوانرێت بەشێک لە بەرهەمەکە یان زیادەکەی بفرۆشرێت یان ئاڵوگۆڕ بکرێت.

ڕووپێوی هێزی کاری ساڵی 2021 هەوڵیدا قەبارەی ئەو دانیشتوانە بپێوێت کە سەرقاڵی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارین بۆ بەکارهێنانی خۆیی و تێکڕای ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی کە لەم چالاکییانەدا بەکار دێن لە هەفتەیەکدا بخەملێنێت. ئەنجامەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە خشتەی 21 پێشان دراون. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە لە هەموو جۆرەکانی چالاکییەکانی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزاری بۆ بەکارهێنانی خۆیی، ئافرەتان بە ژمارەیەکی زۆر زیاتر لە پیاوان سەرقاڵ بوونە. نزیکەی هەموو ئەو ئافرەتانەی لە تەمەنی کارکردن بوون لە دەرەوەی هێزی کار (1,587,600) سەرقاڵی کارەکانی ماڵەوە بوونە وەک بازاڕکردن و ئامادەکردنی ژەمەکانی خواردن (1,382,700). لە نێو پیاوانی تەمەنی کارکردن لە دەرەوەی هێزی کار (502,700)، ژمارەیەکی زۆر کەمتر سەرقاڵی ئەم چالاکییانە بوون (175,300). هەروەها تێکڕای ژمارەی ئەو کاتژمێرانەی بۆ ئەم چالاکییانە سەرف کراوە لە نێو ئافرەتان زیاتر بووە (3.3 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا ) بەراورد بە پیاوان (1.5 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا). کاتی پێچوو بۆ بەرهەمهێنانی خۆراکی بژێوی (subsistence foodstuff) لەنێو پیاوان (4.2 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا) زیاتر بووە وەک لەنێو ئافرەتان (لەسەدا 2.8 ). بە هەمان شێوە، کاتی پێچوو بۆ بەرهەمهێنانی

کاڵا بۆ بەکارهێنانی خۆیی لە نێو ئافرەتاندا (1.7 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا) زیاتر بووە وەک لەنێو پیاواندا (1.3 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا).

**خشتەی 21. کاتی پێچوو لە بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی | ژمارەی کەسەکان | | تێکڕای کاتژمێرەکان لە هەفتەیەکدا | |
|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ |
| چاندن، پاراستن یان دروێنەکردنی هەر بەرهەمێک، سەوزەیەک یان میوەیەک بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەکارهێنان لە لایەن خۆیان یان خێزانیان<br>بەخێوکردن یان چاودێریکردنی ئاژەڵە کێڵگەییەکانی وەک مەڕ، بزن، مریشک، بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەکارهێنان لە لایەن خۆیان یان خێزانیان<br>ماسیگرتن یان کۆکردنەوەی گیاندارە ئاوییەکان بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ بەکارهێنان لە لایەن خۆیان یان خێزانیان | 33,200 | 118,100 | 4.2 | 2.8 |
| دروستکردنی کەلوپەلی ناوماڵ بۆ بەکارهێنانی خۆیی یان خێزانی وەک ناوماڵی، قوماش، جل و بەرگ، ئەو شتانەی لە پێ دەکرێن، گۆزە و دیزە (گڵێنەکاری)، کاری دەستی یان کاڵای ماوەدرێژی تر، جگە لە خۆراکی بژێوی | 3,900 | 81,700 | 1.3 | 1.7 |
| سەرقاڵی کارەکانی ماڵەوەیە لەوانە بازاڕکردن، ئامادەکردنی ژەمەکانی خواردن | 175,300 | 1,382,700 | 1.5 | 3.3 |
| چاودێریکردنی منداڵان | 31,500 | 671,200 | 1.6 | 3.0 |
| چاودێریکردنی بەساڵاچوان | 15,900 | 72,800 | 1.5 | 1.9 |
| چاودێریکردنی کەسانی نەخۆش | 8,000 | 62,500 | 1.3 | 2.2 |
| چاودێریکردنی ئەو کەسانەی کە ئاستەنگیان هەیە | 4,600 | 58,900 | 2.0 | 2.6 |

تێبینی: پرسیارەکانی ڕووپێوی هێزی کار 12.1 – 12.10.

لەسەر بنچینەی ئەم داتایانە و بە کەڵک وەرگرتن لە پەیوەندیی نزیکی نێوان کارداری و بێکاری بەپێی پێناسە نێودەوڵەتییەکانی پێشوو و نوێ کە لە بەشی دووەمدا باسکراوە، خەمڵاندنە هەموارکراوەکانی هێزی کار و دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار هەژمار کراون و لە خشتەی 22 بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بە گشتی خراوەنەتە ڕوو. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە بەپێی پێناسەکانی پێشوو، ئەو خەمڵاندنی هەموارکراو بۆ دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار لە عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو بچووکتر دەبوو (13,881,000) لەو خەمڵاندنەی بەپێی پێناسە نوێیەکە کراوە (15,787,000). بە هەمان شێوە، بۆ هەرێمی کوردستان، خەمڵاندنی هەموارکراو بۆ دانیشتوانی دەرەوەی هێزی کار بە شێوەیەکی بەرچاو کەمتر دەبوو (1,853,400) لەو خەمڵاندنەی بەپێی پێناسە نوێیەکە کراوە (2,090,400).

**خشتەی 22. هەمواركردنی هێزی كار و دانیشتوانی دەرەوەی هێزی كار بۆ بەراوردكردنی لەگەڵ داتاكانی ڕووپێوی ڕابردوو، هەرێمی كوردستان و عێراق**

| | هەرێمی كوردستان | عێراق |
|---|---|---|
| دانیشتوانی تەمەنی كاركردن (15 و سەرووتر) | 3,800,800 | 26,091,000 |
| هێزی كار | 1,710,500 | 10,304,000 |
| دەرەوەی هێزی كاری | 2,090,400 | 15,787,000 |
| بەرهەمهێنەرانی كاڵاكان بۆ بەكارهێنانی خۆیی لە دەرەوەی هێزی كار | 237,000 | 1,906,000 |
| بەرهەمهێنانی خۆراكی بژێوی | 151,400 | 1,154,000 |
| بەرهەمهێنانی كاڵا و كەلوپەلی تر بۆ بەكارهێنانی خۆیی | 85,600 | 75,300 |
| هەمواركردن | | |
| هێزی كاری هەمواركراو | 1,947,400 | 12,211,000 |
| دانیشتوانی هەمواركراوی دەرەوەی هێزی كار | 1,853,400 | 13,881,000 |

# بەشی 6: ئافرەتان و هەڵی یەکسان

پەیوەندیی نێوان ڕەگەز و بازاڕی کار لەسەر هەر بابەتێک بە درێژایی بەشەکانی پێشوو تاوتوێ کراوە. بابەتی ئێستا تیشک دەخاتە سەر جیاوازیی پێدان لەنێو هەر دوو ڕەگەز، و شیکاری جیاوازیی داهات لە نێوان ئافرەتان و پیاوان لە هەرێمی کوردستان.

## • جیاوازیی پێدان لەنێو هەردوو ڕەگەز

جیاوازیی پێدان لەنێو هەر دوو ڕەگەز ڕادەی جیاوازیی داهاتی کارکردنی پیاوان لەگەڵ داهاتی کارکردنی ئافرەتان پێوانە دەکات و نیشاندەرێکی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامە (SDG 8.5.1). پێناسەکەی بریتییە لە جیاوازی لە نێوان تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر لە کاری سەرەکیدا بۆ کاردارانی نێر و مێ، وەک ڕێژەی سەدیی تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر لە کاری سەرەکی بۆ کارداری پیاو:

$$\text{جیاوازیی پێدان لەنێو هەردوو ڕەگەز} = 100 \times \frac{(E_m - E_w)}{E_m}$$

کە $E_m$ بریتییە لە تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر لە کاری سەرەکیی پیاوان، و $E_w$ بریتییە لە تێکڕای داهات بەپێی کاتژمێر لە کاری سەرەکیی ئافرەتان. بەهای "0" بۆ جیاوازیی پێدان لەنێو هەردوو ڕەگەز، یەکسانییەکی تەواو لە داهات لەنێوان ئافرەت و پیاو دەردەخات. بەها ئەرێنییەکانی جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردوو ڕەگەز ڕەنگدانەوەی ئەو ڕادەیەن کە داهاتی ئافرەتان کەمترە لەو داهاتەی کە پیاوان پێیان دەگات. لە بەرامبەردا، بەها نەرێنییەکان جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردوو ڕەگەز ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە داهاتی ئافرەتان تا چەند لە داهاتی پیاوان زیاترە.

بۆ ئاسانکردنی تێگەیشتن، داتاکان لێرەدا وەک داهاتی مانگانە خراونەتە ڕوو نەک لەسەر بنەمای داهات بەپێی کاتژمێر. بەڵام، بۆ ئەوەی هەژمارکردنی جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردوو ڕەگەز نەشێوێندرێت کە لەسەر بنچینەی داهات بەپێی کاتژمێرێکە و جیاوازیی کاتی کارکردنی ئافرەت و پیاو هەژمار دەکات، داتاکان داهاتی مانگانەی هاوتا لە کاری سەرەکیی ئەو کاردارانەی کە لە ماوەی مانگەکەدا هەفتانە 40 کاتژمێر کار دەکەن پێشان دەدەن. بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت:

$$\text{داهاتی مانگانەی هاوتا} = \text{داهاتەکان بە کاتژمێر} \times 40 \times \frac{52}{12}$$

کە ژمارە 40 یەکسانە بە 40 کاتژمێری کارکردن لە هەفتەیەکدا و ڕێژەی 52\12 هاوتایە لەگەڵ تێکڕای ژمارەی هەفتەکانی مانگێک لە ساڵێکدا (52 هەفتە و 12 مانگ لە ماوەی ساڵێکدا). خشتەی 23 هەژمارکردنی جیاوازیی پێدان لەنێوان هەردوو ڕەگەز بەپێی گرووپی تەمەن لە هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕوو، و لەگەڵ ئەنجامە هاوتاکان لەسەر ئاستی نیشتمانی بەراورد کردووە. بە هەمان شێوە، هەژمارکردن بەپێی بڕوانامەی خوێندن و بەپێی توێژی پیشە لە دوو خشتەی دواتر خراوەنەتە ڕوو، واتە خشتەی 24 و خشتەی 25.

**خشتەی 23. جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردووڕەگەز بەپێی گرووپی تەمەن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| گرووپی تەمەن | تێکڕای داهاتی مانگانەی ئەو کارداران‌ەی هەفتانە 40 کاتژمێر لە کاری سەرەکیدا کاردەکەن (دیناری عێراق) | | | جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دووڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی (هەرێمی کوردستان) | نێر (هەرێمی کوردستان) | مێ (هەرێمی کوردستان) | هەرێمی کوردستان | عێراق |
| **کۆی گشتی** | **529,100** | **490,400** | **813,300** | **-65.8** | **-51.3** |
| 15-24 | 259,200 | 256,900 | 323,000 | -25.7 | -3.5 |
| 25-34 | 464,800 | 449,300 | 644,700 | -43.5 | 10.3 |
| 35-44 | 594,300 | 575,800 | 684,000 | -18.8 | -5.2 |
| 45-54 | 722,800 | 647,200 | 1,038,500 | -60.5 | -18.1 |
| 55-64 | 950,700 | 881,900 | 1,237,800 | -40.4 | -17.0 |
| 65+ | 732,300 | 508,100 | 2,398,900 | -372.1 | -7.8 |

تێبینی: 1450 دیناری عێراق = 1 دۆلاری ئەمریکی (نرخی گۆڕینەوەیە کە لە بودجەی حکومەتی عێراق لە ساڵی 2021 لە لایەن پەرلەمانی عێراق پەسەند کراوە)

**خشتەی 24. جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردووڕەگەز بەپێی بڕوانامەی خوێندن، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| بڕوانامەی خوێندن | تێکڕای داهاتی مانگانەی ئەو کارداران‌ەی هەفتانە 40 کاتژمێر لە کاری سەرەکیدا کاردەکەن (دیناری عێراق) | | | جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردووڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی (هەرێمی کوردستان) | نێر (هەرێمی کوردستان) | مێ (هەرێمی کوردستان) | هەرێمی کوردستان | عێراق |
| کۆی گشتی | 529,100 | 490,400 | 813,300 | -65.8 | -51.3 |
| نەخوێندەوار | 375,700 | 365,400 | 466,800 | -27.8 | -3.4 |
| خوێندنەوە / نووسین | 412,200 | 411,200 | 458,400 | -11.5 | 10.6 |
| سەرەتایی | 453,400 | 455,000 | 419,200 | 7.9 | -5.3 |
| ناوەندی | 423,400 | 418,300 | 481,900 | -15.2 | -18.0 |
| ئامادەیی | 636,000 | 574,800 | 925,700 | -61.0 | -17.0 |
| دیپلۆم و سەرووتر | 808,600 | 741,400 | 963,200 | -29.9 | -7.7 |

تێبینی: 1450 دیناری عێراق = 1 دۆلاری ئەمریکی (نرخی گۆڕینەوەیە لە بودجەی حکومەتی عێراق لە ساڵی 2021 لە لایەن پەرلەمانی عێراق پەسەند کراوە)

**خشتەی 25. جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردوو ڕەگەز بەپێی تونێژی پیشە، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| پیشە | تێکڕای داهاتی مانگانەی ئەوکاردارانەی هەفتانە 40 کاتژمێر لە کاری سەرەکیدا کار دەکەن (دیناری عێراق) | | | جیاوازیی پێدان لە نێوان هەردوو ڕەگەز | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی گشتی (هەرێمی کوردستان) | نێر (هەرێمی کوردستان) | مێ (هەرێمی کوردستان) | هەرێمی کوردستان | عێراق |
| **کۆی گشتی** | 529,100 | 490,400 | 813,300 | -65.8 | -51.3 |
| بەڕێوەبەران | 506,200 | 505,000 | 577,900 | -14.4 | -34.4 |
| پیشەگەران | 1,487,200 | 1,461,600 | 1,609,400 | -10.1 | 4.5 |
| تەکنیککاران و پیشەگەرانی یاریدەدەر | 974,800 | 922,700 | 1,024,500 | -11.0 | -3.3 |
| کارکەرانی پشتیوانی لە کاری نووسینگەیی (مەکتەبی) | 618,000 | 598,000 | 708,800 | -18.5 | 6.9 |
| کارکەرانی فرۆشتن و خزمەتگوزارییەکان | 625,900 | 632,500 | 617,800 | 2.3 | -4.6 |
| کارکەرانی کارامە لە کشتوکاڵ، دارستان، و بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی | 477,300 | 471,800 | 603,000 | -27.8 | 17.1 |
| کارکەرانی پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان | 372,100 | 370,300 | 531,100 | -43.4 | -11.9 |
| کارپێکەرانی کارگە و ئامێرەکان و پێکەوەنەرەکان | 322,400 | 317,600 | 459,200 | -44.6 | -0.3 |
| پیشە سەرەتاییەکان | 451,900 | 451,900 | - | - | -52.3 |

تێبینی: 1450 دیناری عێراق = 1 دۆلاری ئەمریکی (نرخی گۆڕینەوەیە لە بودجەی حکومەتی عێراق بۆ ساڵی 2021 لە لایەن پەرلەمانی عێراق پەسەند کراوە)

داتاکانی خشتەی 23 نوێنەکێکی هاوشێوە دەردەخەن کە لە هەرێمی کوردستان لە هەموو گرووپە تەمەنییەکاندا ئافرەتان داهاتی زیاتریان لە پیاوان هەبووە. کەمترین جیاوازیی پێدان لە نێوان هەر دوو ڕەگەز لەنێو ئەو کاردارانە بووە کە تەمەنیان لەنێوان 35 بۆ 44 ساڵ بووە. تێکڕای داهاتی کاردارە مێیینەکان لەو گرووپی تەمەنەدا کە هەفتانە 40 کاتژمێر کار دەکەن مانگانە 684,000 دیناری عێراق بووە، بەراورد بە 575,800 دیناری عێراق لە مانگێکدا بۆ کاردارە پیاوەکان لە هەمان گرووپی تەمەنەدا، کە جیاوازیی پێدان لە نێوان هەر دوو ڕەگەز بریتییە لە لەسەدا 18.8-. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە بوونی جیاوازیی زۆر لە پێدانی نێوان هەر دوو ڕەگەز بۆ کاردارە بەتەمەنەکان، ئەوانەی تەمەنیان لە 65 ساڵ و سەرووترە، لە ڕووی ئامارییەوە مانای نییە، چونکە لەسەر بنچینەی ژمارەیەکی کەمی بینینەکانە. ژمارەیەکی زۆر کەم لە کاردارە ئافرەتەکانی ئەو گرووپە تەمەنە لە داتای نموونەکەی هەرێمی کوردستان هەبوو. داتاکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە جیاوازیی پێدان لە نێوان هەر دوو ڕەگەز بەپێی گرووپی تەمەن هاوشێوەی ئەو داتایانەن کە لەسەر ئاستی نیشتمانی هەن، کە جیاوازیی پێدان لە نێوان هەر دوو ڕەگەز لە هەموو گرووپەکانی تەمەن نەرێنییە (سالبە). تەنیا جیاوازی ئەگەر هەبێت بۆ ئەو کاردارانەیە، تەمەنیان لە نێوان 25-34 ساڵە، کە لەنێویاندا تێکڕای داهاتی مانگانەی هاوتای کاردارە ئافرەتەکان نزیکەی لەسەدا 10 کەمتر بووە لە داهاتی کاردارە پیاوەکان، لەسەر ئاستی وڵات بە گشتی.

داتاکانی خشتەی 24 سەبارەت بە جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز بەپێی بڕوانامەی خوێندن نوێنەکێکی هاوشێوە پێشان دەدەن: ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان پێدانێکی زیاتریان هەبووە بەراورد بە پیاوان لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا، جگە لەو کاردارانەی کە بڕوانامەی خوێندنی سەرەتاییان هەبووە. لەسەر ئاستی نیشتمانیش جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز بۆ کارداران لە هەموو ئاستەکانی خوێندن، جگە لە یەك ئاست، نەرێنی بووە. تاکە جیاوازی لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ ئەو کاردارانە بووە کە بڕوانامەیان نەبووە، ئەوانەی تەنیا دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن.

داتاکانی خشتەی 25 سەبارەت بە جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز بەپێی جۆری پیشە دیسان ئاراستەیەکی هاوشێوە پێشان دەدەن: ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لە هەموو توێژەکانی پیشە پێدانیان لە پیاوان بەرزتر بووە، جگە لەوەی بۆ کارکەرانی خزمەتگوزاری و فرۆشتن لە نێو داهاتەکانی ئافرەتان کەمێک کەمتر بووە (لەسەدا 2.3) لە پیاوان. پیشەگەران و تەکنیککاران و پیشەگەرانی یاریدەدەر ئەو توێژانەی پیشە بوون کە زۆرترین تێکڕای داهاتیان هەبووە. تێکڕای داهاتی مانگانە نزیکەی 1,609,400 دیناری عێراقی بووە بۆ ئافرەتە پیشەگەرەکان کە هەفتانە 40 کاتژمێر کار دەکەن، هەروەها 1,461,600 دیناری عێراقی بووە بۆ کاردارە نێرینەکان لە هەرێمی کوردستان. بۆ تەکنیککاران و پیشەگەرە یاریدەدەرەکان، تێکڕای داهاتی مانگانەی هاوتایان نزیکەی 1,024,500 دیناری عێراقی بووە لە نێو کاردارانی مێ و نزیکەی 922,700 دیناری عێراقی بووە بۆ کاردارانی نێر. لەسەر ئاستی نیشتمانیش، جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز بەنزیکەیی بۆ گشت کارداران لە هەموو توێژەکانی پیشە نەرێنی بووە. جگە لە دوان، پیشەگەران و پشتیوانانی کاری نووسینگەیی، کە بۆ ئەوان تێکڕای داهاتی مانگانەی هاوتای ئافرەتان کەمتر بوو لە پیاوان (لەسەدا 4.5 بۆ پیشە پیشەگەرییەکان و لەسەدا 6.9 بۆ کارکەران لە خزمەتگوزارییەکان و فرۆشتن).

## • دیارکەرانی جیاوازییەکانی داهاتەکان

شیکارەکانی جیاوازیی پێدان لە هەر دوو ڕەگەز، کە لە بەشەکەی پێشوودا بەجیا بەپێی گرووپی تەمەن و بڕوانامەی خوێندن و پیشە بە 1 ژمارە، ئەنجام دراون، هەموویان دەگەنە ئەو بەرئەنجامە کە لە هەرێمی کوردستان و هەروەها لە عێراقیش، کاردارە مێیینەکان داهاتیان لە کاردارە نێرینەکان زۆرترە، جگە لەو کارکەرە ئافرەتانەی کە خوێندنی سەرەتاییان هەیە و ئەوانەش کە لە خزمەتگوزارییەکان و فرۆشتن کار دەکەن. ئەم بەرەنجامە لەگەڵ ئەو تێبینییە گشتییەدا یەکدەگرنەوە کە سەبارەت بە ئافرەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (MENA) کراوە، کە "هەرچەند بە ڕێژە کەمێك لە ئافرەتان کاردار کراون، بەڵام ئەوانەن کە ئاستی خوێندنیان بەرزە و لەو ئیشانەدان کە پێدانێکی باشیان هەیە، کە ئەمەش هۆکارە بۆ کەمبوونەوەی جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز".[29] بەڵام، لە هەرێمی کوردستان و لە عێراق بە گشتی، جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز نەک هەر لە تێکڕای جیهانی (لەسەدا 24 لە ساڵی 2015-2016) کەمترە، بەڵکو لە ڕاستیدا نەرێنییە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازییەکانی داهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق پێویستی بە شیکارێکی وردتر هەیە جگە لە جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز، کە تەنیا یەک گۆڕاوی هەیە. لە خوارەوە، دیارکەرانی داهات *پێکەوە* شی دەکرێنەوە، جیاواز لەگەڵ بەشی پێشوو *کە بە جیا* کراون.

جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز ڕەنگدانەوەی بەهایەکی تێکڕایە و بەمجۆرە ئەو هۆکارانە دەشارێتەوە کە داهات بەپێی کاتژمێر بۆ هەریەك لە کاردارەکان دیار دەکەن، بەتایبەتی تەمەن لەجیاتی ئەزموونی کار، ئاستی خوێندن وەك

[29] ئاژانسی ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UN WOMEN)، پەڕەی ڕاستییەکان – ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، پێشکەوتنی ژنانی جیهان، 2015-2016.

جێگره‌وه‌ی کارامه‌یی، و پیشه وه‌ک ئاماژه‌یه‌ک بۆ جۆری ئیش. بۆ له‌به‌رچاوگرتنی کاریگه‌ریی هاوبه‌شی هه‌ندێک له‌م هۆکارانه له‌سه‌ر ئاستی تاکه‌کانی کارداره‌کان، ده‌توانرێت هاوکێشه‌ی مینسه‌ر (Mincer equation)[30] به کار بهێنرێت که لۆگاریتمی داهاتی که‌سانی کارکه‌ر به‌پێی کاتژمێر وه‌کو ئاوێته‌یه‌ك له نه‌خشه‌یه‌کی هێڵی ڕه‌گه‌ز وه‌ک گۆڕاوێکی ساخته، نه‌خشه‌یه‌کی دووجای ته‌مه‌ن و ته‌مه‌ن-دووجا ده‌خاته ڕوو، که که‌مبوونه‌وه‌ی کاریگه‌ریی ته‌مه‌ن له‌سه‌ر داهات به‌پێی کاتژمێر له دوای ته‌مه‌نێکی دیارکراو پێشان ده‌دات، هه‌روه‌ها، له حاڵه‌تی نه‌بوونی داتا له‌سه‌ر ژماره‌ی ساڵانی خوێندن، بڕوانامه‌ی خوێندن وه‌ک گۆڕاوێکی به‌رده‌وام له 1 بۆ 6 بۆ ئاسته جیاوازه‌کان دانراوه. مۆدێله‌که تا ڕاده‌یه‌کی باش له‌گه‌ڵ داتاکان ده‌گونجێت (هه‌موواری $R2 = 0.5335$؛ F-ئامار= 101.9 له‌سه‌ر 5 و 436 پله‌ی ئازادی و به‌های p له 2.2e-16 که‌متره). ئه‌نجامه‌کان له خشته‌ی 26 له خواره‌وه پێشان دراون:

**خشته‌ی 26. پێوه‌ره خه‌مڵێنراوه‌کانی هاوکێشه‌ی مینسه‌ر بۆ داهاتی کارداران به‌پێی کاتژمێر له کاری سه‌ره‌کیدا، به‌پێی ڕه‌گه‌ز و ته‌مه‌ن و بڕوانامه‌ی خوێندن وه‌ک گۆڕاوی به‌رده‌وام، هه‌رێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| پێوەر | خەملاندن | هەڵەی ستاندارد | ڕادەی گرینگی لەڕووی ئامارییەوە |
|---|---|---|---|
| یەکتربڕین | 2.45000 | 0.06393 | *** |
| ڕەگەز | -0.02025 | 0.05507 | |
| تەمەن | 0.03305 | 0.00330 | *** |
| دووجای تەمەن | -0.00030 | 0.00004 | *** |
| بڕوانامەی خوێندن | 0.06962 | 0.00612 | *** |
| ڕەگەز * بڕوانامەی خوێندن | 0.02113 | 0.01483 | . |

تێبینی: هێماکانی ڕاده‌ی گرینگی = 0 '***' 0.001 '**' 0.01 '*' 0.05 '.' 0.1 ' ' 1.

گرینگه ئاماژه به‌وه بکرێت که کاتێک ته‌مه‌ن و بڕوانامه‌ی خوێندن له‌سه‌ر ئاستی تاکه‌کانی کارداره‌کان له‌به‌رچاو ده‌گیرێن، جیاوازیی ڕه‌گه‌زی له داهات به‌پێی کاتژمێر که‌مێک نه‌رێنی ده‌بێت، له ڕاستیدا، له ڕووی ئامارییه‌وه بێبایه‌خ ده‌بێت. هه‌موو گۆڕاوه‌کانی تر له ڕووی ئامارییه‌وه گرینگن به‌هۆی دیارکردنی هۆکاره‌کانی داهاتی کارداره‌کان به‌پێی کاتژمێر له کاری سه‌ره‌کیدا. هه‌روه‌ها ئه‌نجامه‌کان خه‌ملاندنێکی ئه‌رێنی بۆ پێوه‌ری ته‌مه‌ن پێشان ده‌ده‌ن که ئاماژه به‌وه ده‌کات که داهات به‌پێی کاتژمێر ساڵانه به ڕێژه‌ی نزیکه‌ی له‌سه‌دا 3.3 له‌گه‌ڵ ته‌مه‌ن به‌رز ده‌بێت، و هه‌موو شته‌کانی تر یه‌کسانن. پێوه‌ری دووجای ته‌مه‌ن نه‌رێنییه، ئه‌مه‌ش ئاماژه بۆ لاربوونه‌وه‌یه‌کی که‌م به‌ره‌و که‌مبوونی داهات به‌پێی کاتژمێر دوای ته‌مه‌نێکی دیارکراو. پێوه‌ری خه‌مڵێنراو بۆ بڕوانامه‌ی خوێندن ئه‌رێنییه، ئه‌مه‌ش ئاماژه به زیادبوونی داهات به‌پێی کاتژمێر به نزیکه‌ی له‌سه‌دا 7 بۆ هه‌ر ئاستێکی خوێندن ده‌کات، و هه‌موو شته‌کانی تر یه‌کسانن. له کۆتاییدا، پێوه‌ری کارلێککردن بۆ ڕه‌گه‌ز و بڕوانامه‌ی خوێندن ئه‌رێنییه، ئه‌مه‌ش ئاماژه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی که ئاستی خوێندن هۆکارێکی گرینگتره بۆ ئافره‌تان به‌راورد به پیاوان له دیارکردنی داهات به‌پێی کاتژمێر.

به گوێره‌ی ئه‌م خه‌ملاندنانه، جیاوازیی پێدان له‌نێو هه‌ر دوو ڕه‌گه‌ز که بۆ کاریگه‌رییه هاوبه‌شه‌کانی ته‌مه‌ن و ئاستی

[30] Heckman, James J., Lochner, Lance J., and Todd, Petra E.، "په‌نجا ساڵه‌ی ڕێگرێشنه‌کانی داهاته‌کانی مینسه‌ر"، یه‌که‌م ڕه‌شنووس له حوزه‌یرانی 1998، پێداچوونه‌وه‌ی 19 ی ئازاری 2003.

خوێندن هەموار کراوە بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت:

هەمواری جیاوازیی پێدان لەنێو هەر دوو ڕەگەز = 100 ×(1-exp(-0.02025)) = 2

ئەمە ئاماژە بەوە دەدات کە کاتێک جیاوازییەکانی تەمەن و ئاستی خوێندن بە یەکەوە لەبەرچاو دەگیرێن، داهاتی ئافرەتان بەپێی کاتژمێر، لە ڕاستیدا، نزیکەی لەسەدا 2 کەمترە لە داهاتی پیاوان بەپێی کاتژمێر. بۆ عێراق بە گشتی، جیاوازیی پێدان لەنێوان هەر دوو ڕەگەز بە هەمان شێوە لەسەر بنچینەی هاوکێشەی مینسەر هەژمار کراوە، کە نزیکەی لەسەدا 18 بووە، و بە شێوەیەکی بەرچاو لە جیاوازیی پێدان لەنێو هەر دوو ڕەگەز لە هەرێمی کوردستان بەرزترە.

# بەشی 7: خوێندنی گەنجان و کارداری

هاوشێوەی حاڵەتی ڕەگەز، پەیوەندیی نێوان گەنجان و بازاڕی کار لە بەشەکانی پێشوودا بەنزیکەیی لەسەر گشت بابەتەکان تاوتوێ کراوە. لەم بەشەدا، دوو لایەنی تر بە وردی تاوتوێ کراون، ئەوانیش، نەگونجانی بڕوانامەی خوێندن و پیشەی ئێستا (نەگونجانی کارامەییەکان – skills mismatch)، هەروەها ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری، یان ڕاهێنان نین (not in education, employment or training (NEET ).

## • نەگونجانی کارامەییەکان

بەگشتی، نەگونجانی کارامەیی واتە ناتەبایی نێوان ئاستی خوێندن و پیشەی کەسانی کارکەر، و بە تایبەت، ئەو بارودۆخەی کە ئاستی خوێندنی کەسی کارکەر لە سەرووی (یان لە خوار) ئەو کارامەییە بێت کە لە کارەکەی داوا کراوە. بە جۆرێک، ئەمە بەو واتایە دێت کە گەڕانەوەی سەرمایە لە پەروەردە و ڕاهێناندا لە خوار باشترینە و تا ڕادەیەک بەفیڕۆ دەچێت. بۆ پێوانەکردنی نەگونجان لە نێوان ئاستی خوێندن و پیشە، نیشاندەری جیاواز بەکارهێنراون. گەشە بە پێوەرە نوێیەکانی ڕێنوێنییە نێودەوڵەتییەکان دراوە بۆ پێوانەکردنی لێهاتوویەکان و نەگونجانەکانی کارامەییەکانی ئەو کەسانەی لە کاردارین.[31] ڕێنوێنییەکان دوو جۆری سەرەکیی نەگونجان دەستنیشان دەکەن: نەگونجان لە لێهاتوویەکان؛ هەروەها نەگونجان لە کارامەییەکان. هەر یەک لەم دوو جۆرە نەگونجانە لەوانەیە سەبارەت بە کاری سەرەکی یان کارەکانی تری کەسی کاردار، لە حاڵەتێکدا ئەگەر چەند ئیشی هەبێت، دەربکەوێت.

نەگونجانی لێهاتوویی پەیوەستە بە هەڵومەرجێك کە کەسی کاردار، لە ماوەی لێڤەگەڕدا، ئیشێکی وەرگرتووە بەڵام ئەو لێهاتووییانەی بۆ ئەنجامدانی کارەکە پێویستن، لەگەڵ ئاست و/یان جۆری لێهاتوویەکانی ئەو کەسە یەك ناگرنەوە. نەگونجانی لێهاتوویی ئەمانە دەگرێتەوە:

(أ) ***نەگونجان بەپێی ئاستی خوێندن***: کاتێک ڕوودەدات کە ئاستی خوێندنی کەسی کاردار لەگەڵ ئاستی خوێندنی داواکراو کە بۆ ئەنجامدانی ئیشەکان پێویستە، ناگونجێت. ئاستی خوێندنی بەرزتر کاتێک ڕوودەدات کە ئاستی خوێندن و ڕاهێنانی کەسی کاردار لە سەرووی ئاستی خوێندنی داواکراو بۆ ئەنجامدانی ئیشەکانیان بێت. ئاستی خوێندنی نزمتر کاتێک ڕوودەدات کە ئاستی خوێندن و ڕاهێنانی کەسی کاردار لە ئاستی خوێندنی داواکراو بۆ ئەنجامدانی ئیشەکانیان کەمتر بێت.

(ب) ***نەگونجان بەپێی بوارەکانی خوێندن***: کاتێک ڕوودەدات کە بواری خوێندنی کەسی کاردار لەگەڵ ئەو بوارە داواکراوەدا ناگونجێت کە بۆ ئەنجامدانی ئیشەکانیان پێویستە.

نەگونجانی کارامەییەکان پەیوەستە بە دۆخێک کە کەسی کاردار، لە ماوەی لێڤەگەڕدا، ئیشێکی وەرگرتووە و ئەو کارامەییانەی بۆ ئەنجامدانی ئیشەکە داواکراون لەگەڵ کارامەییەکانی کەسەکە ناگونجن. نەگونجانی کارامەییەکان لەوانەیە ئاماژە بێت بۆ نەگونجانی کارامەییەکان بە گشتی یان بۆ چەند جۆرێکی کارامەییەکان. نەگونجان بەپێی جۆری کارامەییەکان بریتییە لە: (ا) نەگونجانی کارامەییە دیارکراو یان تەکنیکییەکانی ئیشەکە؛ (ب) نەگونجانی کارامەییە

[31] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار ، *ڕێنوێنییەکان سەبارەت بە پێوانەکردنی نەگونجانی کارامەییەکان و لێهاتوویەکان بۆ ئەو کەسانەی لە کاردارین* ، بیستەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێف، 10-19 ی تشرینی یەکەمی 2018.

بنەڕەتییەکان؛ و (ج) نەگونجانی کارامەییە گوێزراوەکان. کەسێک کە لە کاردارییدایە، ڕەنگە ڕووبەڕووی ئەم هەلومەرجانە ببێتەوە: کارامەیی زۆرتر لە پێویست، کە کاتێک ڕوودەدات کە ئاست و/یان جۆرەکانی کارامەییەکانی ئەو کەسەی لە کاردارییدایە زۆرتر بن لەو کارامەییانەی کە بۆ ئەنجامدانی ئیشەکە پێویستن؛ یان، کارامەیی کەمتر لە پێویست، کە کاتێک ڕوودەدات کە ئاست و/یان جۆرەکانی کارامەییەکانی ئەو کەسەی لە کاردارییدایە کەمتر بێت لەو کارامەییانەی بۆ ئەنجامدانی ئیشەکە پێویستن.

ڕێنوێنییەکان لەسەر بنچینەی ئەو داتا گونجاوانەی وەک بەشێک لەو ڕووپێوانەی هەن و لەسەر بنچینەی خێزان و/یان دامەزراوەکانن کۆ کراونەتەوە، چەندین ڕێباز بۆ پێوانەکردنی جۆرە جیاوازەکانی نەگونجان دیار دەکەن. هەروەها دەتوانرێت داتاکانی تۆمارە کارگێڕییەکانی (فەرمییەکانی) ئەم دواییە و سەرچاوە لاوەکییەکان بەکار بهێنرێن. لەم دواییانەدا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار یەکەیەکی زیادەی خستە سەر وەشانی "نەگونجانەکانی کارامەییەکان و لێهاتوویی پیشەییەکان" (وەشانی یەکەم، ئەیلولی 2020) بۆ مەبەستی بەڕێوەبردن لەگەڵ ڕووپێوەکانی هێزی کار.[32] ئەو ئەنجامانەی لێرەدا خراوەنەتە ڕوو پشتیان بە شیکاری هاوبەشی ئاستی خوێندن و پیشەی گەنجان (تەمەن 15-24 ساڵ) بەستووە. لەوانەیە وەک وەشانێکی ئاسانکراو بۆ نەگونجانی لێهاتوویی بەپێی ئاستی خوێندن (ئاستی خوێندنی بەرزتر لە پێویست هەژمار بکرێن، لەکاتێکدا ئەو لێوارانەی وەک سنووری نێوان گونجان و نەگونجان بەکار هێنراون بەپێی ئەو کارامەییانە دەستنیشان دەکرێن کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و فەرمانەکانی ئیش پێویستن، هەروەک لە پێوەری نێودەوڵەتی پۆلێنکردنی پیشەکان (ISCO) دیار کراوە. ئەنجامەکان لە خشتەی 27 پێشان دراون.

**خشتەی 27. کارداریی گەنجان بەپێی پیشەو ئاستی خوێندن، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| | پیشە (گرووپە سەرەکییەکان) | ئاستی خوێندن [1] | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 |
| | | ئاستی کارامەییەکانی ISCO-08 | | | | | |
| | | 1st | | | 2nd | 3rd | 4th |
| 1 | بەڕێوەبەران | | | | 1’063 | | 1’545 |
| 2 | پیشەگەران | | | | 889 | 177 | 8’324 |
| 3 | تەکنیککاران و پیشەگەرانی یاریدەدەر | | 1’797 | | 3’235 | 1,019 | 1’917 |
| 4 | کارکەرانی پشتیوانی لە کاری نووسینگەیی (مەکتەبی) | | 1’889 | | 2’707 | 274 | 1’485 |
| 5 | کارکەرانی فرۆشتن و خزمەتگوزارییەکان | 390 | 28’312 | 4’738 | 34’663 | 8,604 | 7’855 |
| 6 | کارکەرانی کارامە لە کشتوکاڵ و دارستان و بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی | 382 | 9’622 | 812 | 4’274 | 1,717 | 395 |
| 7 | کارکەرانی پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان | 560 | 20’399 | 2’448 | 20’272 | 3,255 | 2’970 |
| 8 | کارپێکەرانی کارگە و ئامێرەکان و پێکەوەنەرەکان (Assemblers) | 284 | 7’373 | 987 | 3’878 | 892 | 59 |
| 9 | پیشە سەرەتاییەکان | 4’638 | 24’181 | 6’742 | 11’493 | 5,025 | 3’559 |

نەگونجانی کارامەییەکان = 49’500 (20%)

تێبینی: [1] ئاستی خوێندن = 1 (نەخوێندەوار)؛ 2 (بڕوانامەی نییە، تەنیا خوێندن و نووسین)؛ 3(سەرەتایی)؛ 4 (ناوەندی)؛ 5 (ئامادەیی)؛ 6 (دیپلۆم و سەرووتر).

[2] ئەو خانانەی سپیەرن و بە شینی کاڵ ڕەنگ کراون = نەگونجانی کارامەییەکان

[32] https://ilostat.ilo.org/resources/lfs-resources/

ڕیزەکان لە خشتەی 27 بریتین لە جۆرە سەرەکییەکانی توێژە پیشەییەکانی پێوەری نێودەوڵەتیی پۆلێنکردنی پیشەکان، ISCO-08، کە لێرەدا وەک ئەو کارامەییانەی بۆ ئەنجامدانی پیشەیەک لەنێو گرووپی پیشەیی پۆلێنکردنەکەدا پێویستن، ڕاڤە کراوە. ستوونەکانی خشتەکە بریتین لە ئاستەکانی بڕوانامەی خوێندنی کەسی کارکەر. ئەوانە وەک ئاستەکانی کارامەییەکانی گەنجە کارکەرەکان ڕاڤە کراون. ناوچەی سێبەرکراو بە ڕەنگی شینی کاڵ نەگونجانی کارامەییەکان پێشان دەدات. بەپێی ئەم زانیارییانە، نزیکەی 49,500 گەنج (15 بۆ 24 ساڵ) لە پیشەکانی خوار ئاستی کارامەیی خۆیان لە کارکردنن، کە نزیکەی لەسەدا 20 لە کۆی کارکردنی گەنجان پێک دەهێنن. گرینگە ئاماژە بەوە بکرێت کە ژمارەی خەمڵێنراوی ئەو گەنجانەی کە نەگونجانی کارامەییان هەیە (49,500) بە نزیکەیی لە ڕووی گەورەییەوە هەمان ڕێزبەندی خەملاندنی ژمارەی گەنجانی کارداری نیوەچڵیی پەیوەست بە کاتی هەیە (31,800)، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو لە خەملاندنەکەی تایبەت بە ژمارەی گەنجانی بێکار (149,700) کەمترە. داتاکان دەردەخەن کە نەگونجانی کارامەییەکانی گەنجان لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 20) تاڕادەیەک لە ژمارەی هاوتا بۆ عێراق بە گشتی (لەسەدا 9) بەرزتر بووە.

## • ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری، یان ڕاهێنان نین (NEET)

ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری، یان ڕاهێنان نین (Not in Education, Employment or Training - NEET) یەکێك لە نیشاندەرەکانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامە (SDG 8.6.1). پێناسەکەی بریتییە لە پشکی دانیشتوانی گەنج (15-24 ساڵ) کە لە خوێندن، کارداری، یان ڕاهێنان نین؛ لە کۆی دانیشتوانی گەنج:

$$\text{ڕێژەی NEET} = \frac{\text{ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری یان ڕاهێنان نین}}{\text{دانیشتوانی گەنج}} \times 100$$

ئەمە پێوەرێک بۆ ئەو گەنجانە دابین دەکات کە لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەن، نە لە مەشق و ڕاهێنانن و نە لە کاردارین، و بەم شێوەیە لەجیاتی بێکاریی گەنجان وەک پێوەرێکی فراوانتر لەسەر هێزی کاری شاراوەی ئەو گەنجانەی ئەگەری چوونە ناو بازاڕی کاریان هەیە جێبەجێ دەبێت. ئەمە گەنجە کارکەرە دڵساردبووەکان و ئەوانەش دەگرێتە خۆ کە بە هۆی بێکاری یان بەشداریکردن لە کارەکانی ماڵەوە، سەرەڕای هۆکارەکانی تر لە دەرەوەی هێزی کارن. هەروەها NEET بۆ جیهانی ئێستای ئەو کەسە شاراوانەی کە ئەگەری چوونە نێو بازاڕی کاری گەنجانیان هەیە پێوەرێکی باشترە بەراورد بە ڕێژەی ناچالاکبوونی گەنجان، چونکە ئەوەی دوایی ئەو گەنجانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی هێزی کارن و لە خوێندنن، و بەمجۆرە زیاتر پەرە بە کارامەیی و لێهاتوویی خۆیان دەدەن.[33] ڕێژەی NEET پەیوەندیی بە ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان هەیە وەک لە خوارەوە خراوەتە ڕوو:

*ڕێژەی NEET = ڕێژەی گەنجانی دەرەوەی قوتابخانە – ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان بۆ گەنجان*


کە تیایدا *ڕێژەی گەنجانی دەرەوەی قوتابخانە* ژمارەی ئەو گەنجانەیە (15-24 ساڵ) کە لە خوێندن و ڕاهێناندا نین و بە ڕێژەی سەدیی کۆی دانیشتوانی گەنج دەخرێتە ڕوو. بەم شێوەیە، کاتێک هەر کەسێک لە دەرەوەی قوتابخانە یان ڕاهێنان

[33] https://sdg.tracking-progress.org/indicator/8-6-1-youth-not-in-education-employment-or-training-neet/

بێت، ڕێژەی NEET زۆر بە سادەیی، بریتییە لە تەواوکەری ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان، *واتا ڕێژەی NEET = 1 – ڕێژەی* کارداری-بە-دانیشتوان.

شێوەی 24 خەمڵاندنەکانی ڕووپێوەکە بۆ ڕێژەی ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری یان ڕاهێنان نین (NEET) بەپێی ڕەگەز و ناوچەی شارنشین/گوندنشین بۆ هەرێمی کوردستان، بەراورد بە ڕێژەکان لەسەر ئاستی نیشتمانی پێشان دەدات. خەمڵاندنە هاوتاکان بەپێی ڕەگەز و پارێزگاکان لە شێوەی 25 پێشان دراون. بەپێی ئەم ئەنجامانە، لە ماوەی لێڤەگەڕی ڕووپێوەکە لە ساڵی 2021 نزیکەی لەسەدا 29.6 لە گەنجان لە هەرێمی کوردستان نە لە خوێندن بوونە، نە لە کارکردن یان ڕاهێنان؛ لەسەدا 19.8 لەنێو پیاوان و لەسەدا 40.5 لەنێو ئافرەتان. هەروەها، ڕێژەکە بەگشتی لەنێو ئەو گەنجانەی لە ناوچە شارنشینەکان دەژین کەمتر بووە (لەسەدا 28.3) بەراورد بەوانەی لە ناوچە گوندنشینەکان دەژین (لەسەدا 35.6). هەروەها شێوەکە ئەوە پێشان دەدات کە بۆ هەموو توێژەکانی نێر-مێ و شارنشین-گوندشین، ڕێژەی NEET لەسەر ئاستی نیشتمانی بە شێوەیەکی یەکسان لە ڕێژەی هاوتا بۆ هەرێمی کوردستان زیاتر بووە.


**شێوەی 24. ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری یان ڕاهێنان نین (NEET)، بەپێی ڕەگەز و شارنشین/گوندنشین، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**




ئەنجامەکان بەپێی پارێزگاکان کە لە شێوەی 25 پێشان دراون ئاماژە بەوە دەکەن کە پارێزگای دهۆک خاوەنی بەرزترین ڕێژەی NEET لەنێو پیاوان بووە (لەسەدا 26.4) و سلێمانیش بەرزترین ڕێژەی لەنێو ئافرەتان هەبووە (لەسەدا 42.2) ئینجا هەولێر (لەسەدا 19.2 لەنێو پیاوان و لەسەدا 38.0 لەنیو ئافرەتان) دێت. پارێزگاکانی سلێمانی (لەسەدا 15.7 لەنێو پیاوان) و هەڵەبجە (لەسەدا 15.9 لەنێو پیاوان و لەسەدا 30.7 لەنێو ئافرەتان) خاوەنی کەمترین ڕێژەی NEET بوون.

هەروەها دەتواندرێت نیشاندەری NEET بە شێوەیەکی بەسوود بەپێی ئاستی خوێندن و بەپێی هەلومەرجی ناکارداری (واتە بێکار یان لە دەرەوەی هێزی کار) شی بکرێتەوە.[34]

**شێوەی 25. ئەو گەنجانەی لە خوێندن،کارداری، یان ڕاهێنان نین (NEET) بەپێی ڕەگەز و پارێزگا، هەرێمی کوردستان و عێراق، ڕووپێوی هێزی کار 2021**




لە کۆتاییدا، بەسوود دەبێت تێبینی ئەوە بکرێت کە ڕێژەی ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری یان ڕاهێنان نین (NEET) پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ڕێژەی بێکاریی گەنجان لە هەرێمی کوردستان هەیە وەک لە خشتەی 28 لە خوارەوە پێشان دراوە. لە نێو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەرزترین ڕێژەی NEET (لەسەدا 34.0) و بەرزترین ڕێژەی بێکاریی گەنجان (لەسەدا 24.1) لە دهۆک بوون. بە هەمان شێوە، کەمترین ڕێژەی NEET (لەسەدا 22.5) و کەمترین ڕێژەی بێکاریی گەنجان (لەسەدا 10.4) لە هەڵەبجە بوون. لە نێوان ئەم دوو ڕێژەیەدا، ڕێژەی NEET لە هەولێر و سلێمانی لەسەدا 28.0 و لەسەدا 28.4 بووە، بە ڕێزبەند، هەروەها ڕێژەکانی بێکاریی گەنجان بریتی بوون لە لەسەدا 17.7 و لەسەدا 12.0، بە ڕێزبەند.

**خشتەی 28. ڕێژەکانی بێکاریی گەنجان و NEET بەپێی پارێزگا، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| | ڕێژەی بێکاریی گەنجان (%) | ڕێژەی NEET (%) |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان | 16.5 | 29.6 |
| هەولێر | 17.7 | 28.0 |
| دهۆک | 24.1 | 34.0 |
| سلێمانی | 12.0 | 28.4 |
| هەڵەبجە | 10.4 | 22.5 |

[34] یونسکۆ (UNESCO)، پێوانەکردنی پێشکەوتن لەسەر نیشانەی 4.4 لە ئامانجی گەشەپێدانی بەردەوام تێڕوانینی نیشاندەرەکانی NEET TCG4/21، کانوونی دووەمی 2017.

# بەشی 8: کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان

بەپێی ڕێنوێنییەکانی ئەم دواییەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار،[35] پێناسەی کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان، بۆ مەبەستە ئامارییەکان، بریتییە لە هەموو ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کارکردنن و لەو وڵاتەدان کە پێوانەکردنی بۆ دەکرێت و لە یەکێک لەم دوو توێژەن:

1- نیشتەجێبوانی ئاسایی: کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان، ئەوانەی کە لە ماوەی دیارکراوی لێقەگەڕدا، لە هێزی کاری وڵاتی شوێنی نیشتەجێبوونی ئاسایی خۆیان بوون، چ لە کارداری بووبن یان لە بێکاری؛

2- نیشتەجێبوانی نائاسایی، یان کەسانی کارکەری بیانیی نانیشتەجێ: ئەو کەسانەن، کە لە ماوەی دیارکراوی لێقەگەڕدا، نیشتەجێبووی ئاسایی وڵات نەبوون بەڵام لە وڵاتەکەدا ئامادەبوون و لە ڕووی کارەوە بە وڵاتەکەوە پەیوەست بوون، واتە یان لە کارداری بوون بۆ دابینکردنی هێزی کار بۆ یەکە بەرهەمهێنەرەکانی نیشتەجێبوانی ئەو وڵاتە یان لەو وڵاتە بەدوای کاردا دەگەڕان.

بەهۆی دۆخی نانیشتەجێبوونیان، کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان، توێژی (2)، (کەسانی کارکەری بیانیی نانیشتەجێ)، بە گشتی ڕووپێوە خێزانییەکان نایانگرێتەوە، جگە لە هەندێك لە کارکەرانی بیانیی نانیشتەجێی ناوماڵان و کارکەرانی تری بیانیی نانیشتەجێ کە وەک خاوەنکار خزمەتگوزاری پێشکەش بە ماڵان دەکەن. هەروەها لە ڕووپێوی هێزی کاری عێراق 2021، خەمڵاندنەکان بە کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان سنووردار کرا بوون، توێژی (1) کە لە پێناسەی سەرەوەدا هاتووە، و دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە کارکەرانە کە وڵاتینامەی عێراقییان نییە و لە هەفتەی لێقەگەڕی ڕووپێوەکەدا یان لە کارداری بوون یان بەدوای کاردا گەڕاون.

ڕووپێوە خێزانییەکان، بە تایبەتی ڕووپێوەکانی هێزی کار، بە گشتی وەک سەرچاوەیەکی گونجاو بۆ پێوانەکردنی کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان ناسراون، بە تایبەتی، توێژی (1)، واتە، کەسانی کارکەری بیانیی نیشتەجێ. بەڵام پێویستە ئەوە بزانرێت کە ئەگەر ڕێکارە تایبەتەکان بۆ زیادکردنی قەبارەی نموونە (وەک نموونە وەرگرتنی زیاتر لە ناوچە چڕەکان یان نموونە وەرگرتنی ئامانجداری ئەو خێزانانەی کارکەری نێودەوڵەتییان هەیە) و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پرسە تایبەتەکانی تری وەک ڕووماڵکردن و وەڵامدانەوە بەکار نەهێندرێن، بە ئەگەری زۆر خەمڵاندنەکانی ڕووپێوەکە ژمارەی کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان بە کەمتر دەخەمڵێنێت، ڕەنگە، ژمارەیەکی زۆر لە کەسانی کارکەری کۆچبەری تۆمار نەکراو و بێبەڵگەنامە، و ئەوانەی لە کەمپەکانی پەنابەران و پرۆژە بیناسازییەکان و فرۆشگاکان و شوێنی نیشتەجێی نائاسایی دەژین، بەلاوە بنرێن.

## • تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکان

بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، لەنێو 3.8 ملیۆن کەس لە تەمەنی کارکردن (15 ساڵ و سەرووتر) لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021، نزیکەی46,500 کەس ڕەگەزنامەی ناعێراقییان هەبووە، کە لەنێویاندا نزیکەی 23,700 کەس لەناو هێزی

[35] ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار، *ڕێنوێنییەکانی تایبەت بە ئامارەکانی کۆچکردنی نێودەوڵەتی بۆ کار*، بیستەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ئامارزانانی کار، جنێڤ، 2018، بڕگەی 14.

کاردا بوون کە دەکاتە نزیکەی لەسەدا 1.4 لە کۆی گشتیی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان. وەک لە خشتەی 29 دەردەکەوێت، زۆربەی کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان لە ڕەگەزی نێر بوونە (لەسەدا 76.2).


**خشتەی 29. کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕەگەز، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| | خەمڵاندنی ڕووپێو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان (کارکەرانی بیانی نیشتەجێ) | 23,700 | 100% |
| - نێر | 18,100 | %76.2 |
| - مێ | 5,600 | %23.8 |

## • تایبەتمەندییەکانی هێزی کار

بەشی چەپی شێوەی 26 بریتییە لە ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کاری کەسانی کارکەری ناعێراقی لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 50.9) کە لەگەڵ کەسانی کارکەری هەرێمی کوردستان لەوانەش ئەو هاووڵاتییە عێراقییانەی لە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەناو هەرێمی کوردستان کار دەکەن (لەسەدا 45)، بەراورد دەکات. بەشی ڕاستی شێوەکە قەبارەی هێزی کاری هاوڵاتییە ناعێراقییەکان لە هەرێمی کوردستان دەر دەخات کە لە شێوازی بێکاریدا بووە، نەوەک کارداری. بەم شێوەیە، ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە دەردەخەن کە ڕێژەی بێکاریی هاووڵاتییە ناعێراقییەکان لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 27.7) بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بووە لە ڕێژەی بێکاریی هاووڵاتییە عێراقییەکان لە هەرێمی کوردستان (لەسەدا 16.4).

**شێوەی 26. ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار و ڕێژەی بێکاری بەپێی هاووڵاتیبوون، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**



بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، نزیکەی 17,100 کارکەری کۆچبەری نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان لە هەفتەی لێڤەگەڕی ڕووپێوەکە لە کارداریدا بوون. زۆرینەی هەرە گەورەی ئەو کارکەرانە لە کەرتی نافەرمی کاریان دەکرد (لەسەدا 75.1) یاخود لە ئیشی نافەرمی لە کارکردندا بوون (لەسەدا 90). بە گشتی، کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان بەروارد بە کارکەرانی عێراقی، بە نزیکەیی هەمان ژمارەی کاتژمێر کاریان دەکرد. بە شێوەیەکی بنەڕەتی، کارکردنیان لە کاری سەرەکی لە بیناسازی (6,000 کەس)، دروستکردن (2,600)، بازرگانیی تاک و کۆ (2,500)، چالاکییەکانی مانەوە (accommodation) و خزمەتگوزارییەکانی خۆراك (1,700) چڕ ببووەوە. ژمارەیەکی زۆر کەم لەوان وەک کرێکاری نێوماڵ لەو چالاکییانەی کە خێزان تیایاندا خاوەنکارە (900) و کارگێڕیی گشتی و بەرگری (800) کاریان دەکرد. لە ڕووی پیشەکانەوە، زۆرینەی کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان لە ئیشی سەرەکییاندا، وەک کارکەرانی پیشەسازی و پیشە پەیوەندیدارەکان (8,100)، کارکەرانی خزمەتگوزارییەکان و فرۆشتن (5,000)، و لە پیشە سەرەتاییەکان (3,000) لە کاردارین. ژمارەیەکی زۆر کەم لە کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان وەک کەسانی کارکەری کارامە لە بواری کشتوکاڵ، دارستان و بەخێوکردن و ڕاوکردنی ماسی (200) بەشداربوون، هەروەها بەنزیکەیی هیچیان لە ئاستی بەڕێوەبردن، پیشەگەری و تەکنیکی و پیشەگەری یاریدەدەر بەشدارییان نەبوو.

# پاشکۆی 1: ڕێبازی ڕووپێو و جۆرێتیی (کوالێتیی) داتاکان

پاشکۆی 1 پێناسە و چەمکە سەرەکییەکان دەخاتە ڕوو و دیزاینی ڕووپێوەکە و هەژمارکردنی کێشی نموونە وەرگرتن (sampling weight) و هەروەها هەڵەکانی نموونە وەرگرتن (sampling errors) و توخمەکانی تری جۆرێتیی (کوالێتیی) داتاکان، بە تایبەتی، ڕێژەکانی وەڵامنەدانەوە و ڕووماڵنەکردنەکان ڕوون دەکاتەوە.

## • پێناسە و چەمکە سەرەکییەکان

بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، پێناسە و چەمکە سەرەکییەکانی بەکارهاتوو لە ڕووپێوەکەدا ، ئەمانەی خوارەوەن:

- **دانیشتوانی تەمەنی کارکردن (Working age population):** گشت کەسانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر، کە دانیشتووی ئاسایی وڵاتن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز، وڵاتی ڕەسەن، وڵاتینامە، هاووڵاتیبوون یان شوێنی جوگرافیی کارەکەیان. دانیشتوانی تەمەنی کارکردن ئەو کەسانەی لە خێزانە دامەزراوەییەکانی دەرەوەی کایەی ڕووپێودا دەژین، وەک شوێنەکانی بیناسازی، کەمپەکانی پەنابەران، سەربازگەکان، بەشە ناوخۆییەکانی قوتابییەکان و شوێنەکانی تر کە وەک شوێنی ئاسایی ژیانکردن هەژمار نەکراون، لەخۆ ناگرێت.

- **هێزی کار (Labour force):** دانیشتوانی تەمەنی کارکردن کە لە هەفتەی لێفەگەڕی ڕووپێودا یان لە کارداری بوون یاخود لە بێکاری.

- **کارداری (Employment):** هەموو ئەو کەسانەی لە تەمەنی کارکردنن و لە ماوەی هەفتەی لێفەگەڕی ڕووپێودا، سەرقاڵی هەر چالاکییەک بوون بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لە بەرامبەر پێدان یان قازانج. ئەوان پێکدێن لە: (ا) کەسانی کاردار کە "لە کارن"، واتە بە لایەنی کەم یەک کاتژمێر لە ئیشێکدا کاریان کردووە؛ و (ب) کەسانی کاردار کە "لە کار نین" بەهۆی ئامادەبوونی کاتییان لە ئیشێک، یان بە هۆی ڕێکخستنەکانی کاتی کارکردنیان (وەک نۆبەکاری (شیفت)، کاتی شلك (flexitime) و مۆڵەتی قەرەبووکردنەوە لە بەرامبەر کاری زێدەکی).

- **بێکاری (ناکارداری - Unemployment):** هەموو ئەو کەسانەی کە لە تەمەنی کارکردنن و لە کارداری نین و لە ماوەی چوار هەفتەی ڕابردوو چالاکی گەڕان بەدوای کاریان هەبووە و لە ئەگەری هەبوونی دەرفەتی ئیش ئامادەی کارداری بوون.

- **کارداریی نیوەچڵی پەیوەست بە کات (Time-related underemployment):** هەموو ئەو کەسانەن کە لە کارکردنن و لە هەفتەی لێفەگەڕی ڕووپێوەکەدا ویستوویانە کاتژمێری زیادە کار بکەن و کاتی کارکردنی ئاساییان لە هەموو کارەکاندا کەمترە لە 40 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا، و ئەوانەی ئەگەر دەرفەتی کاری زیاتریان بۆ بڕەخسێت ئامادەن کاتژمێری زیاتر کار بکەن.

- **هێزی کاری شاراوە (Potential labour force):** هەموو ئەو کەسانەی لە تەمەنی کارکردنن کە لە ماوەی هەفتەی لێفەگەڕی ڕووپێوەکەدا، نە لە کارداری بوون و نە لە بێکاری و: (ا) چالاکییان بۆ "گەڕان بەدوای کار" هەبووە، "لە ئێستادا بەردەست" نین بەڵام لە ماوەیەکی دیارکراوی کورتدا و بە گوێرەی هەلومەرجە نیشتیمانییەکان بەردەست

دەبن (واتە، کارخوازە بەردەست نەبووەکان)؛ یان (ب) چالاکییان بۆ "گەڕان بەدوای کار" نەبووە، بەڵام داوای کارداری دەکەن و "لەئێستادا بەردەستن" (واتە، کارخوازە شاراوە بەردەستەکان).

- **کەسانی دەرەوەی هێزی کار (Persons outside the labour force):** هەموو ئەو کەسانەن کە لە تەمەنی کارکردنن بەڵام لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕی ڕووپێوەکەدا نە لە کارداری بوون و نە لە بێکاری.

- **هێزی کاری فراو انکراو (Extended labour force)** = هێزی کار + هێزی کاری شاراوە

- **ڕێژەی بەشداریکردن لە هێزی کار (Labour force participation rate)** = [هێزی کار \ دانیشتوانی تەمەنی کارکردن] x 100

- **ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان (Employment-to-population ratio)** = [کەسانی کاردار \ دانیشتوانی تەمەنی کارکردن] x 100

- **ڕێژەی بێکاری (Unemployment rate): LU1** = [کەسانی بێکار \ هێزی کار] x 100

- **ڕێژەی لێکدراوی کارداریی نیوەچڵێی پەیوەست بە کات و بێکاری (Combined rate of time-related underemployment and unemployment): LU2** = [(ئەو کەسانەی لە کارداریی نیوەچڵێی پەیوەست بە کاتن + کەسانی بێکار) \ هێزی کار] x 100

- **ڕێژەی لێکدراوی بێکاری و هێزی کاری شاراوە (Combined rate of unemployment and potential labour force): LU3** = [(کەسانی بێکار + هێزی کاری شاراوە) \ (هێزی کاری فراوانکراو)] x 100

- **پێوەری ئاوێتەکراوی سوودوەرگرتنی ناتەواو لە هێزی کار (Composite measure of labour underutilization): LU4** = [(ئەو کەسانەی لە کارداریی نیوەچڵێی پەیوەست بە کاتن + کەسانی بێکار + هێزی کاری شاراوە) \ (هێزی کاری فراوانکراو)] x 100

- **کاتژمێرە ڕاستەقینەکانی کارکردن (Hours actually worked):** ئەو کاتەیە کە لە ماوەی هەفتەی لێڤەگەڕی ڕووپێودا لە ئیشێک (یان چالاکیی کارێك) بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە تەرخان کراوە کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. ئەمانە دەگرێتەوە: (ا) ئەو کاتژمێرانەی ڕاستەوخۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و فرمانەکانی ئیشەکە (یان چالاکیی کارەکە) تەرخان کراون؛ (ب) ئەو کاتژمێرانەی پەیوەندییان بە سەخبێرکردن، ئاسانکاریکردن و بەهێزکردنی چالاکییە بەرهەمهێنەرەکان هەبووە؛ (ج) کاتی وەستان، ئەو کاتەی کەسەکە بەهۆی تێکچوونی ئامێرەکان یان پرۆسەکە ناتوانێت لە کارەکەیدا کار بکات، بەڵام لە ئامادەبوون بۆ کارکردن بەردەوامە؛ و (د) کاتی پشوودانی کورتخایەن بۆ پشوودان، ژیاندنەوە یان بۆ گەشانەوە، بەپێی پێوەرە کارپێکراوەکان و بارودۆخی نیشتمانی.

- **کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن (Hours usually worked):** ژمارەی ئەو کاتژمێرانەیە کە لە ئیشێکدا (یان چالاکیی کارێك) لە ماوەی هەفتەیەکدا بە شێوەیەکی ئاسایی کاریان تێدا کراوە، کە لە ماوەیەکی درێژی دیتن وەک مانگێک، سێ مانگ، وەرزێک یان ساڵێک پێوانە دەکرێت.

- **داهاتی کارداران بەپێی کاتژمێر لە ئیشی سەرەکیدا (Hourly earnings of employees at main job):** داهاتی مانگانە لە ئیشی سەرەکی \ [کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن لە کاری سەرەکی x 52\12]، کە داهاتی مانگانە بریتییە لە کۆی گشتیی پێدانی نەختینەیی دوای لێدەرکردنی بەشدارییەکانی کاردار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیی ناچاریی پەیوەست بە کارداری و دابینکردنی داهاتی خانەنشینی، بەڵام بە هێشتنەوەی مووچە و کارانە ڕاستەوخۆکان کە بە نەخت دەدرێن لەبەرامبەر ئەو کاتەی کاری تێدا کراوە یان لەبەرامبەر ئەو کارەی ئەنجام دراوە، پێدانی ئەو ماوەیەی کاری تێدا نەکراوە (وەک وەرگرتنی پشووی ساڵانە یاخود هەر جۆرە مۆڵەتێکی تری بە پێدان ... هتد)، پاداشت و هاندان. لە حاڵەتی ئەنجامدانی زیاتر لە یەک ئیش لە هەفتەی لێفەگەڕی ڕووپێوەکەدا، مەبەست لە "ئیشی سەرەکی" ئەو ئیشەیە کە زۆرترین کاتژمێرە ئاساییەکانی کارکردن بۆی تەرخان کراوە.
- **کارداری لە کەرتی نافەرمی (Employment in the informal sector):** هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە کاردارین و بە پرۆژە ناپشکدارییەکانی (تاکەکەسییەکانی) ماڵان (household unincorporated enterprises) سەرقاڵ بوون کە لەسەر ئاستی نیشتیمانی تۆمار نەکراون، یان نە بە یاسایی و نە بە کردەیی، هیچ تۆمارێکی ژمێریاریی پارێزراویان نییە. لە حاڵەتی وەڵامنەدانەوەی ڕووپێوەکە، پێوەرەکانی تر لەسەر بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە لایەن خاوەنکار، سروشتی شوێنی کارەکە، و ژمارەی ئەو کاردارانەی بەکار هێنراون، بە پشتبەستن بە هەلومەرجی کارکردنی کەسەکە لەو ئیشەدا، ڕەچاو کراون.
- **کارداریی نافەرمی (Informal employment):** هەموو خاوەنکار و ئەو کەسانەی بۆ خۆیان کار دەکەن کە لە کەرتی نافەرمی کار بە پرۆژەیەک دەکەن، سەرجەم کارکەرە یارمەتیدەرەکانی خێزان و سەرجەم ئەو کاردارانەی لە لایەن خاوەنکارەکەیانەوە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بەشدار نین، بەبێ ڕەچاوکردنی سروشتی فەرمیبوون یان نافەرمیبوونی ئەو پرۆژەیەی کە کاری تێدا دەکەن. لە حاڵەتی وەڵامدانەوەی ڕووپێوەکە لە لایەن کاردارەکانەوە، پێوەری تر لەسەر مۆڵەتی ساڵانەی بەپێدان و مۆڵەتی بەپێدانی نەخۆشی بەکار هاتوون.
- **بەرهەمهێنانی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی خۆیی (Own-use production of goods and services):** هەموو کەسانی لە تەمەنی کارکردن، کە لە ماوەی هەفتەی لێفەگەڕی ڕووپێودا، چالاکییان هەبووە: (ا) بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا بۆ بەکارهێنانی کۆتایی خۆیی، (لەچوارچێوەی سنووری بەرهەمهێنانی سیستمی ژمێریاریی نەتەوەیی 2008)؛ (ب) بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ بەکارهێنانی کۆتایی خۆیی (لە دەرەوەی سنووری بەرهەمهێنانی سیستمی ژمێریاریی نەتەوەیی 2008 بەڵام لەناو سنووری گشتیی بەرهەمهێنان).

پێناسەکانی چەمکەکانی تر کە لە ڕووپێوەکەدا پێوانە کراون بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکەدا هاتوون وەک باری کارداری، لقی چالاکیی ئابووری، پیشە، نەگونجانی کارامەییەکان، جیاوازیی پێدان لەنێو هەر دوو ڕەگەز، کارکەرانی خاوەن پێدانی نزم، ڕێژەی ئەو گەنجانەی لە خوێندن، کارداری یان ڕاهێنان نین (NEET) و کارکەرە کۆچبەرە نێودەوڵەتییەکان، هتد.

- **دیز اینی نموونە (Sample design)**

ڕووپێوی هێزی کاری هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە ڕووپێوی هێزی کاری عێراق دارێژراوە و هەمان بنەماکان پەیڕەو دەکات. دیزاینی نموونە بە شێوازی دوو قۆناغی توێ کراوە (stratified) بە گوێرەی (ا) لە یەکەم قۆناغی نموونەوەرگرتندا، نموونەیەکی بلۆکەکان (هێشووەکان/چینەکان) لە چوارچێوەی نموونەوەرگرتن لەگەڵ ئەگەرەکانی هاورێژە لەگەڵ قەبارەکە ڕاکێشراون، کە قەبارە بەپێی ژمارەی ماڵەکان پێوانە کراوە؛ و (ب) لە قۆناغی دووەمی نموونەوەرگرتندا، دوای تازەکردنەوەی لیستی ماڵەکان لە بلۆکەکانی نموونەکە، لە هەر یەک لە بلۆکەکان ژمارەیەکی جێگیر لە ماڵەکان بە ئەگەری یەکسان ڕاکێشراون .

مەبەست لە هەبوونی لیستی تازەی بلۆکەکانی نموونە ڕەچاوکردنی جووڵەی دانیشتوانە دوای دروستکردنی دوایین چوارچێوەی نموونەوەرگرتن، بە تایبەت، دروستبوونی یەکەی نیشتەجێبوونی نوێ، و لابردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە بۆ چاوپێکەوتن ناشێن، وەک یەکە "تەختکراوەکان" ی نموونە کە لە کاتی دروستکردنی چوارچێوە بوونیان هەبووە، بەڵام دواتر تەخت کراون یان ڕووخێندراون، یاخود لە ناوەڕاستی کاری تەختکردنن. بە هەمان شێوە، کارەکانی لیستکردنی یەکەکان کارئاسانی دەکات بۆ لابردنی یەکە چۆڵەکانی نموونە کە کەس لەناویاندا ناژیت، یان ئەو یەکانەی هەرگیز بە مەبەستی ژیانکردن دروست نەکراون، یان ئەو حالەتانەی کە مۆڵەتی دروستکردنیان لێ سەندراوەتەوە.

کۆی قەبارەی نمونەکە بە شێوەیەک دیار کراوە کە پەراوێزی هەڵەکان (margin of errors) بۆ خەمڵاندنی ڕێژەی بێکاری لەسەر ئاستی نیشتمانی لە خوار 3 خاڵی سەدییە، بە ڕەچاوکردنی گریمانەکانی ڕێژەی بێکاریی گشتیی لەسەدا 15.5، کاریگەریی دیزاین 2، و ڕێژەی وەڵامدانەوەی لەسەدا 90. تێکڕای قەبارەی خێزانەکان بە 6 ئەندام بۆ هەر خێزانێك دانراوە و ڕێژەی دانیشتوانی بنچینەیی (هێزی کار) لە کۆی دانیشتوان (دانیشتوانی شارستانیی (مەدەنیی) نادامەزراوەیی) بە لە سەدا 47 دانراوە. قەبارەی نمونەی بەدەستهاتوو بۆ هەرێمی کوردستان 3648 خێزان بووە.

کۆی گشتیی نمونەکە بەپێی پارێزگا (4 پارێزگا) و ناوچەکانی شارنشین و گوندنشین (2 ناوچە) توێ کرا. کۆی گشتیی نموونەکە بە یەکسانی لە نێوان 8 توێ (stratum) بەدەستهاتووەکە دابەش کرا، بەجۆرێک کە هەر توێیەك 38 بلۆکی نموونەکەی تێدا بووە و هەر بلۆکێکی نموونە 12 خێزانی نموونەکەی لەخۆ گرتبوو. بەم شێوەیە دەکرێت پشتڕاست بکرێتەوە کە:

*4 x 2 x 38 x 12 = 3648 خێزانی نموونە*

تەرخانکردنی نموونە بە شێوەیەکی کاریگەر لە نێوان توێیەکاندا لە خشتەی 1-1 پێشان دراوە، کە ژمارەی هاوتای بلۆکەکان و خێزانەکان لە چوارچێوەی نمونەوەرگرتن (sampling frame) لە کۆمەڵەی یەکەمی ستوونەکاندا پێشان دراوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە چوارچێوەی نموونەوەرگرتن کە بلۆکەکانی نموونەکە لێی وەرگیراون، لە ڕاستیدا نموونەیەکی سەرەکییە، چونکە خۆی لەسەر بنەمای دوایین سەرژمێریی دانیشتوان و ئاڤاهییا دروست کراوە. نمونەی سەرەکی نزیکەی نیوەی کۆی چوارچێوەی سەرژمێری پێک دەهێنێت.

**خشتەی 1-1. تەرخانکردنی نموونە لەنێو توێیەکان (پارێزگا، شارنشین / گوندنشین)، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| پارێزگا | چوارچێوە (نموونەی سەرەکی) | | | | نموونەی[2] ڕووپێوی هێزی کار | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بلۆکەکان | | خێزانەکان | | بلۆکەکان | | خێزانەکان | |
| | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین | شارنشین | گوندنشین |
| هەولێر | 3,003 | 1,374 | 247,510 | 46,334 | 38 | 38 | 456 | 456 |
| دهۆک | 1,588 | 1,335 | 113,305 | 39,091 | 38 | 38 | 456 | 456 |
| سلێمانی | 4,439 | 2,740 | 315,308 | 51,299 | 38 | 38 | 456 | 456 |
| هەڵەبجە | 145 | 281 | 8,062 | 10,275 | 38 | 38 | 456 | 456 |
| کۆی گشتی | 9,175 | 5,730 | 684,185 | 146,999 | 152 | 152 | 1,824 | 1,824 |

تێبینییەکان: [1] لە هەڵەبجە بلۆکی زیاتر بۆ نموونەکە ڕاکێشراون.

[2] بەهۆی چارەسەری ئاماری (statistical treatment) بۆ وەڵامنەدانەوەکان و یەکە نەشیاوەکانی نموونە لە توێیە جیاوازەکاندا، قەبارەی کاریگەری نموونە کەمێك لە نموونەی تەرخانکراو کە لێرەدا خراوەتە ڕوو جیاوازە.

## • کێشی نموونەوەرگرتن (Sampling weights)

ڕێکاری پێوانەیی (ستاندارد) بۆ هەژمارکردنی کێشی نموونەوەرگرتن لە ڕووپێوە خێزانییەکان زنجیرە هەنگاوێک لەخۆ دەگرێت: (1) هەژمارکردنی کێشی دیزاین بە هەڵگەڕاندنەوەی ئەگەرەکانی هەڵبژێردران (probabilities of selection)؛ (2) هەموارکردنی وەڵامنەدانەوە بە بەکارهێنانی گرووپەکانی هاوجۆربوونی وەڵامدانەوە؛ (3) بێخەوشکردن بۆ پێشبینییە سەربەخۆکانی دانیشتوان زۆر بە وردتر لە خەمڵاندنە هاوتاکانی ڕووپێو دادەنرێت؛ و (4) هەڵپاچینی کێشی بەدەستهاتوو بۆ کێشە هەرەبەرزەکان. لە هەندێک لە ڕێکارەکاندا، ڕەنگە هەنگاوی 4 پێویست نەبێت، یاخود هەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەنگاوی 3 بکرێت.

کێشی دیز این (Design weights). لەبەر ئەوەی دیزاینی نموونە لەسەر بنەمای نموونەی سەرەکی جێبەجێ کراوە، هەژمارکردنی کێشی دیزاین سێ ئەگەر لەخۆ دەگرێت، دوانیان بە قۆناغی یەکەم و قۆناغی دووەمی نموونە وەرگرتن پەیوەستن و یەکێکیان بە ئەگەری سەرەکیی هەڵبژاردنی نموونەی سەرەکی لە چوارچێوەی ڕەسەنی سەرژمێری پەیوەستە. گریمان $d_{ijh}$ ئاماژەیە بۆ کێشی دیزاینی خێزانی بەنموونە وەرگیراوی $j$ لە بلۆکی بەنموونە وەرگیراوی $i$ لە توێی $h$. کەواتە:

$$d_{ijh} = \frac{1}{\pi_{ih} \times \pi_{ij}}$$

کە $\pi_{ih}$ بریتییە لە ئەگەری هەڵبژاردنی بلۆکی $i$ لە توێی $h$، و $\pi_{ij}$ بریتییە لە ئەگەری هەڵبژاردنی خێزانی $j$ لە بلۆکی $i$ دوای درووستکردنی لیستی تازەی خێزانەکان لە بلۆکی نموونە. ڕەنگە بڕی یەکەم بەم شێوەیە دەربڕدرێت:

$$\pi_{ih} = \frac{m_h X_i}{\sum_{i \in h} X_i} \times \frac{m}{m_h}$$

کە $m_h$ بریتییە لە ژمارەی بلۆکەکان لە توێی $h$ لە نموونەی سەرەکی، $m$ بریتییە لە ژمارەی جێگیری بلۆکەکانی نموونە لە توێی $h$ کە بۆ ڕووپێوەکە هەڵبژێردراون (m=38)، و $\sum_{i\epsilon h} X_i$ بریتییە لە کۆی ژمارەی خێزانەکان لە توێی $h$ لە چوارچێوەی ڕەسەنی سەرژمێری. کەواتە بڕی دووەم لە دەربڕینی کێشی دیزاین بریتییە لە:

$$\pi_{ij} = \frac{b}{X'_i}$$

کە $b$ بریتییە لە ژمارەی جێگیری خێزانە بەنموونە وەرگیراوەکان لە هەر بلۆکێکی نموونە (b=12) کە لە لیستی تازەکراوی خێزانەکانی ناو بلۆکی بە نمونە وەرگیراوی $i$، بۆ ڕووپێوەکە هەڵبژێردراون، و بە نیشانەی (′) لە بڕی $X'_i$ ئاماژەی پێ کراوە.

لەبەر ئەوەی بەهاکانی کۆی ژمارەی خێزانەکان لە چواچێوەی ڕەسەنی سەرژمێری بەردەست نەبوو، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە بەکارهێنانی هەندێک گریمانە دەستنیشان کراون. بەهاکان بۆ هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە هەژمار کران:

$$\textbf{\textit{KRSO file}}: \qquad \pi_{ih} = \frac{m_h X_i}{\sum_{i\epsilon h} X_i} = \frac{m_h X_i}{2 \sum_{i\epsilon h(master\ sample)} X_i}$$

هەژمارکردنی کێشی نموونەوەرگرتن لە فایلێکی ئێکسل جێبەجێ کراوە و بەم ناوە هەڵگیراوە:

Sampling ILO-KRSO-16Nov2021_Weights_V4.xlsx (Columns M to R)

خشتەی 2-1 پوختەی ئامارەکانی دابەشبوونی کێشی نموونەوەرگرتن کە لە بەرەنجامی کەمترین و زۆرترین کێش و هەروەها ناوەڕاست و تێکرای کێش بەدەستهاتوون، پێشان دەدات.

**خشتەی 2-1. پوختەی ئامارەکانی دابەشبوونی کێشی دیز این، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| | داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان |
|---|---|
| کەمترین کێش | 7.3 |
| کێشی ناوەڕاست | 225.8 |
| تێکرای کێش | 324.3 |
| بەرزترین کێش | 1,422.0 |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە بە تێکڕا خێزانێکی نموونە نوێنەرایەتیی نزیکەی 324 ماڵ لە هەرێمی کوردستان دەکات. جیاوازییە گەورەکانی نێوان کەمترین و زۆرترین کێش ڕەنگدانەوەی ڕێکاری تەرخانکردنی یەکسانە کە لە دیزاینی نموونەی ڕووپێوەکەدا گیراوەتە بەر.

**هەموارکردنی وەڵامنەدانەوە (Adjustment for non-response)**. ئینجا، کێشی دیزاینەکە بۆ وەڵامنەدانەوەی خێزانە شیاوەکانی نموونە بە شێوەی هەڵاوساندنی کێشی دیزاین بە ڕێگەی هەڵگەڕاندنەوەی ڕێژەی وەڵامدانەوە، هەموار کراون:

$$d'_{ijh} = d_{ijh} \times \frac{1}{R_h}$$

که $d_{ijh}$ کێشی دیزاینه، که پێشتر هەژمارکراوه، بۆ خێزانی وەڵامدەری $j$ له بلۆکی $i$ ـی نموونه له توێی $h$؛ و $R_h$ ڕێژەی وەڵامدانەوەی ماڵه شیاوەکانه له توێی $h$ که خێزانەکانی نموونه لێی وەرگیراون. ماڵه شیاوەکان بریتین له یەکەکانی نموونه که له شوێنی نیشتەجێبوونی ئاساییدا دەژین، بەوانەشەوه که بۆ ماوەیەکی کاتی نائامادەبوون یان ڕەتیانکردەوه بەشداری له ڕووپێوەکەدا بکەن.

هەموارکردنەوەی وەڵامنەدانەوه بەگشتی لەسەر بنچینەی ڕێژەی وەڵامدانەوەی خێزانەکانی هەمان گرووپی هاوجۆری وەڵامدانەوەیه (Response Homogeneity Group - RHG)، واته، ئەو خێزانانەی له هەبوونی ڕەغبەت بۆ بەشداریکردن له ڕووپێوەکەدا هاوشێوەن.[36] ئەو خێزانانەی له هەمان گرووپی هاوجۆری وەڵامدانەوەن، وا گریمان کراوه که ئەگەری یەکسانیان هەیه. بەگشتی گرووپه هاوجۆرەکانی وەڵامدانەوه به سوودوەرگرتن له پاراداتای (paradata) بەدەستهاتوو له کارەکانی ڕووپێودا درووست دەکرێن، بۆ نموونه، داتای قەبارەی خێزان که به پرسیارکردن له دراوسێکان لەبارەی ژمارەی ئەندامانی ئەو خێزانانەی که وەڵامیان نەداوەتەوه، دەست کەوتووه. تا قەبارەی خێزانێک بچووکتر بێت، ئەگەری ئەوه کەمتر دەبێت که کەسێکی پێگەیشتوو له کاتی سەردانەکانی ڕووپێوەکەدا له ماڵەوه بێت. له هەلومەرجی ئێستادا، بەهۆی نەبوونی ئەو جۆره داتایه، داتا جوگرافییەکان، به تایبەتی توێیەکان وەک گرووپه هاوجۆرەکانی وەڵامدانەوه بەکار هێنراون.

<u>**بێخەوشکردن (Calibration)**</u>. کێشی هەموارکراوی وەڵامنەدانەوه زیاتر هەموار دەکرێتەوه بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرجەمی ژمارەی دانیشتوان که له شیکردنەوه دیمۆگرافییەکان و پێشبینییەکانی دانیشتوان بەدەست هاتووه، بگونجێت. ئەم کردارەی هەموارکردنەوەی کێش پێی دەگوترێت بێخەوشکردن و، له شێوه گشتییەکەیدا، بریتییه له هەژمارکردنی کەمترین کۆلکەی پێویست بۆ هەموارکردن، بۆ جێبەجێکردنی لەسەر کێش تاکو ئەو خەمڵاندنانەی له بەرەنجامی ڕووپێوەکه دەست کەوتوون به تەواوی لەگەڵ سەرجەمه زانراوەکانی دانیشتوان بگونجێن.[37] له ئەنجامدا، دەکرێت گرفتەکه بەم شێوەیه بخرێتەڕوو: داتاشینی کێشی بێخەوشکراو $w_{ijh}$ بۆ ئەوەی ماوەی نێوان کێشی بەرایی و کێشی بێخەوشکراو که به شێوەی خوارەوه ئەژمار کراون بکرێته کەمترین:

$$D(w,d) = \sum_{ijh} \left(w_{ijh} - d'_{ijh}\right)^2$$

که $d'_{ijh}$ کێشی هەموارکراوه بەهۆی وەڵامنەدانەوەی خێزانی به نموونەوەرگیراوی $j$ له بلۆکی بەنموونەوەرگیراوی $i$ له توێی $h$، بەپێی ئەو سنووردارکردنانەی وا له کێشی بێخەوشکراو دەکەن که خەمڵاندنەکانی دانیشتوان لەگەڵ پێشبینییەکانی دانیشتوان یەك بگرنەوه. پێویسته ئاماژه بەوه بکرێت که به کردەوه دەتوانرێت پێوەرەکانی تری دووری که جیاواز بن له گەڵ پێوەری ئەقلیدۆسی که له سەرەوه پێناسه کراوه بەکار بهێنرێن.

دەتوانرێت پێشان بدرێت که کێشی بێخەوشکراو که به ڕەچاوکردنی سنووردارییەکان D(w,d) بۆ کەمترین دادەبەزێنێت، لێرەوه وەرگیراوه:

$$w_{ijh} = d'_{ijh}(1 + x'_{ijh}\,\lambda)$$

[36] یۆرۆستات، *ڕێنماییەکانی دیارکردنی نموونەوەرگرتن بۆ ڕووپێو. ئاساندنی دیزاینی نموونه و تەکنیکەکانی خەمڵاندن*، چاپی 2008، کۆمەڵگه ئەورووپییەکان، لۆکسمبۆرگ، 2008، ل 3-30.

[37] Särndal, Carl-Erik, and Jean-Claude Deville، "خەمڵێنەرانی بێخەوشکردن له نموونەوەرگرتنی ڕووپێودا"، *گۆڤاری کۆمەڵەی ئاماری ئەمریکی*، حوزەیرانی 1992، بەرگی یەکەم. 87، ژماره 418، ل 376-382.

کە $d'_{ijh}$ کێشی هەموارکراوە بۆ وەڵامنەدانەوە، $x'_{ijh}$ ئاراستەبری گۆڕاوەکانی بێخەوشکردنە بۆ ئەو سەرجەمە گشتیانەی کە زانراون و هەروەها λ کۆلکەی هەموارکردنەوەیە بەپێی:

$$\lambda = T^{-1} \times (t_x - t_x^d)$$

$$T = \sum_{ijh} d'_{ijh} \times x_{ijh} \times x'_{ijh}$$

کە $t_x$ بریتییە لە ئاراستەبری سەرجەمە زانراوەکانی دانیشتوان و $t_x^d$ بریتییە لە ئاراستەبری خەمڵاندنە هاوتاکانی ڕووپێو بە بەکارهێنانی کێشی هەموارکراو کە لە گەڕی پێشووتری پرۆسەی هەموارکردنەوە بەدەست هاتووە.

لە هەلومەرجی ئێستادا، $t_x$ ئاراستەبری کۆی ژمارەی کەسانی نێر و مێیە بەپێی پارێزگا و ناوچە شارنشین و گوندنشینەکان لە پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ ساڵی 2020، کە لە کاتی بێخەوشکردندا بەردەست بوون. داتاکان لە خشتەی 1-3 پێشان دراون. لە بنەڕەتدا، پێشبینییەکانی دانیشتوان دەگەڕێنەوە بۆ دانیشتوانی نێو کایەی ڕووپێوەکە، واتە دانیشتوانی مەدەنیی نادامەزراوەیی بەدەر لەو کەسانەی کە لە خێزانە دامەزراوەییەکانی وەک سەربازگەکان، زیندانەکان، نەخۆشخانەکان، بەشەناوخۆییەکان، و شوێنەکانی تری نەگونجاو بۆ ژیان، دەژین. داتاکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ سەرجەمەکانی دانیشتوانی نێر و مێ بۆ پارێزگاکانی دهۆک، هەولێر و سلێمانی هەروەها ناوچە شارنشین و گوندنشینەکانی نێو پارێزگاکان، و هەڵەبجە بە جیا بە سوودوەرگرتن لە پێشبینییەکانی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ دانیشتوانی ساڵی 2020، بێخەوش کراون.

**خشتەی 1-3. پێشبینییەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگا، شارنشین و گوندنشین و ڕەگەز، 2020**

| پارێزگا | شارنشین | | گوندنشین | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| هەولێر [1] | 946,480 | 938,314 | 186,317 | 183'311 | 2'254'422 |
| دهۆک [1] | 609,644 | 595,099 | 219,546 | 224,322 | 1,648,611 |
| سلێمانی [1] | 928,633 | 931,964 | 147,152 | 144,846 | 2,152,595 |
| هەڵەبجە [2] | 48,886 | 49,747 | 8,354 | 8,468 | 115,455 |
| کۆی گشتی [3] | 2,533,643 | 2,515,124 | 561,369 | 560,947 | 6,171,083 |

تێبینییەکان: [1] پێشبینییەکانی دانیشتوانی دهۆك، هەولێر و سلێمانی (بە هەڵەبجەوە) ڕەنگە لەگەڵ پێشبینییەکانی دەزگای ناوەندیی عێراق (CSO) بۆ ئەم پارێزگایانە جیاواز بن.

[2] پێشبینییەکانی دانیشتوان بۆ هەڵەبجە لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان وەرگیراون.

[3] دانیشتوانی ساڵی 2020 بەنزیکەیی بە 5,941,000 خەمڵێندراوە، بە بێ لەخۆگرتنی قەزای مەخمور لە هەولێر.

دوا هەنگاو لە هەژمارکردنی کێشی بێخەوشکراو بریتییە لە هەڵپاچین. ئەمە ڕێکارێکە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کێشی بێخەوشکراوی کۆتایی پەیوەندیدار بە کێشی بەر لە بێخەوشکردن، لە چوارچێوەی مەودای خوارەوە و سەرەوەدا دەمێنێتەوە. بەو پێیەی کە ڕەنگە هەڵپاچین ئەو توندوتۆڵی و سازانە هەڵبوەشێنێتەوە کە بە بێخەوشکردن بەدەست

هاتووە، بۆیە شێوازێکی کاریگەر ئەوەیە کە هەڵپاچین تێکەڵ بە کاری بێخەوشکردن بکرێت. ئەمە بە نەخشەی "calib" ـی پاکێجی "نموونە وەرگرتن" لە پرۆگرامی R و بە گوێرەی ئەم ڕستەسازییەی خوارەوە دەکرێت،

```
> library(sampling)
> g<-calib(Xs, d, total, method,="truncated", bounds=c(1/3,3))
> w<-g*d
```

کە Xs = ماتریکسی لاکێشەیی بەهاکانی نموونەی $x'_{ijh}$ لەگەڵ چەندین ریز لەو خێزانە شیاوانەی نموونە کە وەڵامیان داوەتەوە، و چەندین ستون لە گۆڕاوەکانی بێخەوشکردن. بەم شێوەیە هەر ریزێک نوێنەرایەتیی خێزانێکی وەڵامدەری شیاو لە نموونەکە دەکات و هەر ستونێکیش ژمارەی ئەندامانی خێزان بەپێی ڕەگەز و شوێنی جوگرافیی خێزانەکە تۆمار دەکات (پارێزگا و ژینگەی شارنشین و گوندنشین)؛

d = ئاراستەبرێك بە هەمان درێژیی ژمارەی ڕیزەکانی Xs، کە کێشی خێزانەکە پێش بێخەوشکردن (کێشی دیزاین کە بۆ وەڵامنەدانەوە هەموار کراوە) دەردەخات؛

total = ئاڕاستەبرێك بە هەمان درێژیی ژمارەی ستوونەکانی Xs کە بەهاکانی پێشبینییەکانی دانیشتوان کە لەگەڵ گۆڕاوەکانی بێخەوشکردن (ڕەگەز، پارێزگا، شارنشین و گوندنشین) هاوتان، دیار دەکات؛

method = "truncated" دەردەخات کە پێویستە بێخەوشکردن لەسەر بنچینەی شێوازی کورتکردنەوە لە گەڵ مەوداکان جێبەجێ بکرێت؛

bounds = c(1/3,3) دەردەخات کە پێویستە کێشی بێخەوشکراوی بەدەستهاتوو نەرێنی نەبێت و نابێت هیچ کێشێکی بێخەوشکراو لە 1/3 کەمتر بێت (مەودای خوارەوە = 1/3) و لە 3 ئەوەندەی d ـی بێخەوشنەکراوی ڕەسەن گەورەتر بێت (مەودای سەرەوە = 3).

کێشی بێخەوشکراوی بەدەستهاتوو، w=g*d، دڵنیایی لەبارەی سازانی سەرجەمە گشتییەکان دەدات. هەروەها دڵنیایی دەدات کە کێشی بێخەوشکراو لە چوارچێوەی سنوورە دیارکراوەکاندایە، بەم شێوەیەش دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە هەر پاش و پێش کردنێکی هەڵپاچین. لە دواییدا، کێشی بێخەوشکراوی بەدەستهاتووی خێزانەکانی نموونە دەخرێنەوە پاڵ هەریەك لە ئەندامانی خێزانەکە. دەکرێت ئەم ئەنجامانە لە ستوونی V لە هەمان ئەو فایلانەی ئێکسڵدا بدۆزرێنەوە کە پێشتر باسمان کرد:

- Sampling ILO_KRSO_16Nov2021_Weights_V4.xlsx (Column V)

کۆدەکانی R (R-codes) کە بۆ هەژمارکردن بەکاردەهێنرێن لە پەڕەی "R" دەست دەکەوێت کە داتای داهاوێشتراو (input data) و داتای دەرهاوێشتراویش (output data) تیایدا بەردەستن.

خشتەی 1-4 پوختەی ئامارەکانی دابەشبوونی ڕێژەی کێشی بێخەوشکراو بەراورد بە کێشی بێخەوشنەکراو (واتە ئاراستەبری g)، بۆ سێ شێوازی بێخەوشکردن پێشان دەدات. شێوازی یەکەم (هێڵی - Linear) شێوازی بێخەوشکردنە بەبێ ڕێکاری هەڵپاچین کە لەم بەشەدا باسکراوە. شێوازی دووەم (شەنەلێدان - Raking) بە بەکارهێنانی جێگیرکردنی ڕێژەیی چەندجارەبووەوە، کێش بێخەوش دەکات. شێوازی سێیەم (بڕینەوە (کورتکردنەوە) - Truncated) لەگەڵ

بەکارهێنانی ڕێکاری هەڵپاچینە. هیچ کێشێکی نەرێنی بۆ هیچ کام لە سێ شێوازەکەی بێخەوشکردن نییە. هەروەها، هیچ کێشێکی بێخەوشکراو لە دوو هێندەی کێشی بێخەوشنەکراوی هاوتا زیاتر نییە.

**خشتەی 1-4. پوختەی ئامارەکانی دابەشکردنی ڕێژەی کێشی بێخەوشکراو بەرامبەر بە کێشی بێخەوشنەکراو (کێشی دیز این کە بۆ وەڵامنەدانەوە هەمووارکراوە)، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کاری 2021**

| پوختەی ئامارەکان | شێوازی بێخەوشکردن | | |
|---|---|---|---|
| | هێڵی | شەنەلێدان | بڕینەوە |
| کەمترین | 0.118 | 0.278 | 0.333 |
| ناوەڕاست | 0.944 | 0.935 | 0.944 |
| تێکڕا | 0.914 | 0.909 | 0.913 |
| زۆرترین | 1.560 | 1.632 | 1.560 |

## • هەڵەکانی نموونەوەرگرتن (Sampling errors)

هەڵەکان لە نموونەوەرگرتن بەهۆی ئەو ڕاستییەوە سەرهەڵدەدەن کە ڕووپێوەکە هەموو توخمەکانی دانیشتوان ناگرێتەوە، تەنیا بەشێکی هەڵبژێردراو نەبێت. هەڵەی نموونەوەرگرتنی خەملاندنێک، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نێوان خەملاندنەکە و ئەو بەهایەی کە دەبوو لەسەر بنەمای ژماردنی تەواوی دانیشتوان لە ژێر بارودۆخێکی تری هاوشێوەدا بەدەست بێت. لە بنەڕەتدا، لەوانەیە هەڵەکانی نموونەوەرگرتن بۆ دوو پێکهاتە شی بکرێن: (i) لاگری (bias) لە نموونەوەرگرتن؛ و (ii) لێکنەچوون (ڤاریانس - variance) لە نموونەوەرگرتن. لاگری لە نموونەوەرگرتن ڕەنگدانەوەی هەڵەی سیستماتیکە کە ڕەنگە بەهۆی هەڵەکانی دیزاینی نموونە ڕوو بدات، بۆ نموونە، هەندێک لە توخمە دیارەکانی دانیشتوان کە ئەگەری هەڵبژێردرانیان سفرە. لە لایەکی ترەوە، لێکنەچوونی نموونەوەرگرتن ڕەنگدانەوەی نادڵنیاییە کە پەیوەستە بە خەملاندنێکی نموونە بەهۆی ئەو نموونە تایبەتەی کە بۆ هەژمارکردنی بەکارهاتووە، لەنێو سەرجەم نمونەکانی تر کە ئەگەری هەڵبژێردرانیان هەبووە بە هەمان دیزاینی نموونەوەرگرتن.

هەژمارکردنی لێکنەچوونی نموونەوەرگرتنی خەملاندنەکانی ڕووپێو، یان ڕەگی دووجای، هەڵە ستانداردەکان ( standard errors)، لە دیزاینە فرە قۆناغە ئاڵۆزەکاندا بە گشتی پشت بەو بنچینەیە دەبەستێت کە ئەو لێکنەچوونەی لە قۆناغەکانی دواتری نموونەوەرگرتن بەشدار بووە، لە ژێر زۆر بارودۆخی فراواندا، لەنێو ئەو گۆڕانە دەرکەوتووە کە لەنێو ئەنجامەکانی نموونە لە یەکەکانی قۆناغی یەکەمدا بینراوە. لە ئەنجامدا، هەڵە ستانداردەکانی ئامارە جۆراوجۆرەکان، وەک کۆی گشتی، تێکڕاکان، ڕێژەکان، پشکەکان و جیاوازییەکانیان دەتوانرێت لەسەر بنەمای ئەو بەهایانە بدۆزرێنەوە کە بۆ یەکە بنەڕەتییەکانی نموونەوەرگرتن (Primary Sampling Units - PSUs) هەژمارکراون.[38] لە هەلومەرجی ئێستادا، لێکنەچوونەکانی نموونەوەرگرتن ڕاستەوخۆ هەژمارکراوە ئەویش بە بەکارهێنانی خەملاندنەکانی ئەگەرەکانی هەڵبژاردنی هاوبەش کە لەسەر بنەمای شێوازی دێڤیل (1993) بەدەست هاتوون کە لە ڕێگەی نەخشەی "varest" لە پاکێجی

[38] Verma, Vijay، *شێوازەکانی نموونەوەرگرتن*، ڕێنوێنیی ژمارە 2 بۆ ڕاهێنەرە ئامارییەکان ، پەیمانگەی ئاماری بۆ ئاسیا و زەریای هێمن (SIAP)، تۆکیۆ، پێداچوونەوەی 2002.

یارمەتیدەری R بۆ "نموونەوەرگرتن" هەژمار کراون.[39] ڕێکارەکە ڕێگە بەوە دەدات دیار بکرێت کە خەمڵاندنەکان بێخەوشکراون. ئەنجامەکانی پەیوەست بە سەرجەمە سەرەکییەکانی هێزی کار بەپێی ڕەگەز لە خشتەی 1-5 پێشان دراون. بەم شێوەیە، هەڵەی ستانداردی پەیوەست بە خەمڵاندنی کۆی هێزی کار بریتییە لەسەدا 1.3، و دووریی دڵنیایی (confidence interval) بۆ خەمڵاندنەکە لەنێوان 1,667,300 و 1,753,600، و ئاستی دڵنیایی لەسەدا 95. دەتوانرێت تێبینی ئەوە بکرێت کە هەڵەی ستانداردی خەمڵاندنی دانیشتوانی تەمەنی کارکردن (تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر) سفرە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە خەمڵاندنەکان بە سەرجەمەکانی دانیشتوان بێخەوش کرابوون.

**خشتەی 1-5. هەڵەی ستانداردی پەیوەست بە خەمڵاندنەکانی سەرجەمە سەرەکییەکانی هێزی کار بەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| سەرجەمەکان | خەمڵاندن | هەڵەی ستاندارد | هەڵەی ستاندارد (%) | دووریی دڵنیایی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | خواروو | سەروو |
| کۆ | | | | | |
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 3,800,817 | 0 | 0.0% | 3,800,817 | 3,800,817 |
| هێزی کار | 1,710,451 | 22,003 | 1.3% | 1,667,325 | 1,753,577 |
| - کاردار | 1,427,838 | 21,257 | 1.5% | 1,386,175 | 1,469,502 |
| - بێکار | 282,613 | 14,753 | 5.2% | 253,698 | 311,528 |
| لە دەرەوەی هێزی کار | 2,090,366 | 22,003 | 1.1% | 2,047,240 | 2,133,492 |
| نێر | | | | | |
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 1,899,824 | 0 | 0.0% | 1,899,824 | 1,899,824 |
| هێزی کار | 1,397,104 | 15,815 | 1.1% | 1,366,107 | 1,428,101 |
| - کاردار | 1,207,149 | 17,225 | 1.4% | 1,173,388 | 1,240,909 |
| - بێکار | 189,955 | 11,295 | 5.9% | 167,816 | 212,094 |
| لە دەرەوەی هێزی کار | 502,720 | 15,815 | 3.1% | 471,723 | 533,717 |
| مێ | | | | | |
| دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵ و سەرووتر | 1,900,993 | 0 | 0.0% | 1,900,993 | 1,900,993 |
| هێزی کار | 313,347 | 15,274 | 4.9% | 283,411 | 343,284 |
| - کاردار | 220,690 | 12,754 | 5.8% | 195,691 | 254,688 |
| - بێکار | 92,658 | 8,785 | 9.5% | 75,439 | 109,877 |
| لە دەرەوەی هێزی کار | 1,587,646 | 15,274 | 1.0% | 1,557,709 | 1,617,582 |

[39] پاکێجی هاوبەشی R بۆ "نموونە وەرگرتن": خەمڵاندنی جیاوازی 'varest' بە بەکارهێنانی شێوازی دیڤیل.
https://www.rdocumentation.org/packages/sampling/versions/2.9/topics/varest

دەتوانرێت لە خشتەی 5-1 تێبینی ئەوە بکرێت کە هەڵە ستانداردەکانی پەیوەست بە خەمڵاندنەکان بە پێچەوانەی قەبارەی خەمڵاندنەکە بەرەو کەمبوونەوە دەچن. بۆ نموونە، هەڵەی ستانداردی پەیوەست بە خەمڵاندنی کارداری (لەسەدا 1.5) کەمترە لە هەڵەی ستانداردی پەیوەست بە خەمڵاندنی بێکاری (لەسەدا 5.2). ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە خەمڵاندنە قەبارە بچووکترەکان پشت بە ژمارەیەکی زۆر کەمتر لە بینینەکانی نموونە دەبەستن، و، هەر بۆیە، وردییەکی کەمتر و هەڵەی ستانداردی بەرزتریان هەیە. پەیوەندیی نێوان هەڵەی ستاندارد یان لێکنەچوونی پەیوەیست بە خەمڵاندنێک و قەبارەکەی بەم هاوکێشە گشتگیرە پێشان دەدرێت:

$$\frac{var(y)}{y^2} = a + \frac{b}{y}$$

کە var(y) ئاماژەیە بۆ لێکنەچوونی خەمڵاندنی y؛ و a و b پارامیتەرەکانی نەخشەی لێکنەچوونی گشتێنراون. بەهاکانی a و b کە لە خشتەی 5-1 خەملێندراون، لە خوارەوە بۆ نێر و مێ، بە جیا هاتوون:

| | a | b |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | -0.000305 | 852.8569 |
| نێر | -0.000423 | 747.8724 |
| مێ | -0.000478 | 873.6625 |

ڕەنگە نەخشەی لێکنەچوونی گشتێنراو بۆ دۆزینەوەی هەڵەی ستانداردی نزیککراوە بۆ هەر خەمڵاندنێک بەکار بهێنرێت، بەم هاوکێشەیە: هەڵەی ستانداردی (y) = ڕەگی دووجای $(ay^2 + by)$. هەروەها دەتوانرێت نەخشەی لێکنەچوونی گشتێنراو بۆ دۆزینەوەی هەڵەی ستانداردی نزیککراوە بۆ ڕێژەکان و پشکەکان بەکار بهێنرێت:

$$\frac{Var(r)}{r^2} = (\frac{b}{y} - \frac{b}{x})$$

کاتێک r = y / x بریتییە لە ڕێژە یان هاوڕێژە لەگەڵ y لە سەرە و x لە ژێرە. ئەم پەیوەندییە بۆ دۆزینەوەی نزیککراوەی هەڵە ستانداردەکانی ڕێژە سەرەکییەکانی هێزی کار بەپێی ڕەگەز بەکار هاتووە، وەک لە خشتەی 6-1 پێشان دراوە. ئەنجامەکان دەردەخەن کە، بۆ نموونە، نزیککراوەی هەڵە ستانداردەکانی خەمڵاندنی کۆی گشتیی ڕێژەی بێکاری بریتییە لە 0.8 خاڵی سەدی. بۆ ڕێژەی بێکاریی نێر بە هەمان شێوەیە، بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ مێ زۆر گەورەترە (2.4 خاڵی سەدی).

**خشتەی 1-6. هەڵە ستانداردەکانی خەمڵاندنی ڕێژە بنەڕەتیەکانی هێزی کاربەپێی ڕەگەز، هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار 2021**

| ڕێژەکان | خەمڵاندن (%) | هەڵەی ستاندارد (خاڵی سەدی) | دووری دڵنیایی | |
|---|---|---|---|---|
| | | | سەروو (%) | خواروو (%) |
| **کۆی گشتی** | | | | |
| ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی کار | 45.0% | 0.7% | 43.5% | 46.5% |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 37.6% | 0.7% | 36.1% | 39.0% |
| ڕێژەی بێکاری | 16.5% | 0.8% | 14.9% | 18.1% |
| **نێر** | | | | |
| ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی کار | 73.5% | 1.4% | 70.9% | 76.2% |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 63.5% | 1.0% | 61.7% | 65.4% |
| ڕێژەی بێکاری | 13.6% | 0.8% | 12.0% | 15.2% |
| **مێ** | | | | |
| ڕێژەی بەشداریکردنی هێزی کار | 16.5% | 0.8% | 14.8% | 18.1% |
| ڕێژەی کارداری-بە-دانیشتوان | 11.6% | 0.7% | 10.3% | 13.0% |
| ڕێژەی بێکاری | 29.6% | 2.4% | 24.8% | 34.3% |

هەروەها نەخشەی گشتێنراوی لێکنەچوون بۆ دەستکەوتنی ڕێنوێنییەکانی متمانەکردن بە داتا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە، لێرەدا بەکار هاتووە. بە تایبەتی، دەرکەوتووە کە کۆی خەمڵاندنەکانی سەرووی 120,000 کەس، بەنزیکەیی، هەڵەی ستانداردی نسبیی (یان، بە جۆرێکی هاوتا، هاوکۆلکەی گۆڕان، coefficient of variation - cv) بە لەسەدا 20 یان کەمتریان تێدایە. ئەم جۆرە خەمڵاندنانە، بە گوێرەی هەلومەرجی ئێستا، دەتواندرێت تا ئاستێکی باش بۆ مەبەستی بەکارهێنان متمانەیان پێ بکرێت. لە بەرامبەردا، خەمڵاندنەکانی خوار 20,000 کەس، هەڵەی ستانداردی نسبی، یان cv، بە نزیکەی لەسەدا 50 یان زۆرتریان تێدایە. ئەم جۆرە خەمڵاندنانە لە هەلومەرجی ئێستادا، ناتواندرێت بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی داتا متمانەیان پێ بکرێت. ئەوان بە هێمای "-" نیشانە کراون. لەم نێوانەدا، ئەو خەمڵاندنانەی زیاتر لە 20,000 و کەمتر لە 120,000 کەسن، بەنزیکەیی هەڵەی ستاندارد یاخود cv ی نێوان 20 بۆ 50 لەسەدیان هەیە. پێویستە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ئەم جۆرە خەمڵاندنانە بە وریاییەوە بەکار بهێنرێن. بۆ ڕوونکردنەوە، ئەم لێوارانە لە شێوازی خشتە لە خوارەوە پێشان دراونەتەوە:[40]

[40] بۆ هەژمارکردنە هاوشێوەکان بە لێوارە جیاوازەکانەوە، ئاماری کەنەدا بە سەرچاوە وەرگیراوە، *ڕێنوێنی بۆ ڕووپێوی هێزی کار*، ڕێنوێنینامەی ژمارە 71-543-G، 2014، ل. 31.

| | خەملاندن | هەڵەی ستانداردی نسبی | ئاستی متمانەکردن |
|---|---|---|---|
| .1 | 120,000 یان سەرووتر | لەسەدا 20 یان کەمتر | دەتوانرێت |
| .2 | 120,000 – 20,000 | لەسەدا 20-50 | بەکارهێنان بە وریاییەوە |
| .3 | 20,000 یان کەمتر | لەسەدا 50 یان بەرزتر | ناتوانرێت |

بۆ ڕێژەکان و هاوڕێژەکان (proportions)، لێوارەکان بەنزیکەیی بۆ خەملاندنی بەهای ژێرە بەکار دەهێنرێن.

## • وەڵامنەدانەوە، ڕوومالنەکردن و هەڵەکانی تر

سەرەڕای هەڵەکانی نموونەوەرگرتن، داتاکانی ڕووپێو تووشی جۆرەها هەڵە جگە لە هەڵەکانی نموونەوەرگرتن دەبن (هەڵەکانی ڕووماڵکردن، هەڵەکانی وەڵامنەدانەوە، هەڵەکانی وەڵامدانەوە، و هەڵەکانی تری وەک وردبینیکردن، بەهێماکردن، و پەرێزکردن (Processing)). لە زۆرێك لە بارودۆخەکاندا، لەوانەیە هەڵەکانی پەیوەست بە نموونەوەرنەگرتن کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر جۆرێتیی (کوالێتیی) ئەنجامەکانی ڕووپێوەکە هەبێت.[41] لە خوارەوە بە کورتی لە دوو ڕووەوە پێداچوونەوە کراوە، ئەوانیش، هەڵەی وەڵامنەدانەوە و هەڵەی ڕووماڵکردن.

- **هەڵەکانی وەڵامنەدانەوە (Non-response errors).** لە بنەڕەتدا، پێویستە ڕێژەی گشتیی وەڵامنەدانەوە سەرجەم ئاستە جیاوازەکانی یەکەی وەڵامنەدانەوە (شوێنەکانی نیشتەجێبوون، خێزانەکان و کەسەکان) لەبەرچاو بگرێت. بە کردار، وەڵامنەدانەوەی یەکە بۆ شوێنەکانی نیشتەجێبوون و خێزانەکان جێگەی سەرسوڕمانە و سەرنەکەوتن لە بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ئەندامێکی دیارکراوی خێزانێکی شیاو زۆر دەگمەنە، بە تایبەت لە ڕووپێوە خێزانییەکان کە وەڵامدانەوە لە جیاتی کەسێك ڕێگەپێدراوە.
- **هەڵەکانی ڕووماڵکردن (Coverage errors).** لەوانەیە هەڵەکانی ڕووماڵکردن بە بەکارهێنانی چوارچێوە ناتەواوەکانی وەکو کەم ڕووماڵکردن، زیاد ڕووماڵکردن ، یان دووبارەبوونەوەی یەکەکان ڕووبدات. هەروەها ڕەنگە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەهۆی شێوان لە سنوری یەکەکان و لە ڕێساکانی پەیوەندیی نێوان یەکە جۆراوجۆرەکاندا ڕووبدات. لە ڕووپێوە فرە قۆناغەکانی خێزان، لەوانەیە هەڵەی ڕووماڵکردن لە هەریەک لە قۆناغەکانی هەڵبژاردنی یەکەکانی نمونە سەر هەڵبدات: یەکەکانی ناوچە؛ شوێنی نیشتەجێبوون یان خێزانەکان؛ و کەسەکان.

خشتەی 1-7 کۆی ژمارەی یەکەکانی نموونە بەپێی جۆری وەڵامدانەوە پێشان دەدات. ئامادەبوونی کاتی و ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن وەک وەڵامنەدانەوە هەژمار دەکرێن، لە کاتێکدا جۆرەکانی تری سەرنەکەوتن لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ڕووپێو، بە ڕووماڵنەکردن دانراون. وەک چاوەڕوان دەکرا، ڕێژەی وەڵامنەدانەوە لە ناوچە گوندنشینەکان (لەسەدا 3.0 کەمترە لە ناوچە شارنشینەکان (لەسەدا 4.4) لەبەر ئەوەی خێزانەکان، بەراورد بە خێزانە گوندنشینەکان، زیاتر لە دەرەوەی ماڵن و کەمتریش ئارەزوویان بۆ بەشداریکردن لە ڕووپێوەکاندا هەیە. هەروەها ڕێژەی ڕووماڵنەکردن (لەسەدا 5.5 لە ناوچە شارنشینەکان و لەسەدا 4.0 لە ناوچە گوندنشینەکان) ڕەنگدانەوەی نوێنەکە چاوەڕوانکراوەکەیە.

